جەلال تاڵەبانی

# دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد

وەرگێڕان و پەراوێز

سامی قادر

چاپی یەکەم

٢٠٢٥

ناوی کتێب: جەلال تاڵەبانی (دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد)
وەرگێڕان و پەراوێز: سامی قادر
پێشەکی: صلاح شێخ شەرەف
سەرپەرشتیاری هونەری و چاپ: شێخ طالب
هەڵەبرین: پ.د. هاوژین صلێوە
دیزاینی ناوەڕۆک: ڕەمەزان حەمەدەمین
دیزاینی بەرگ: شیاو سەرتیپ
تیراژ:٥٠٠
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(٥٦٧)ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە

بەرهەمی ئەرشیفی مام:
لەسەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە.

ئەم وتارەی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناونیشانی دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد، کە لە ژمارە ٢ ی شوباتی ١٩٩٠ی گۆڤاری کەلتووری کوردی، کە لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری کوردی لە لەندەن دەردەچێ بڵاوکراوەتەوە، تێیدا مناقەشەی ئەو خاڵە فیکری و مێژووییانەی دکتۆر ئەتاسی، کە لە پێشەکی کتێبی (عەرەب و کورد تێڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد) دەکات. کە لە لایەن بەرێز مونزر ئەلموسلی نووسراوە. لەبەر گرنگی زانیاری و ڕاستییە مێژوویی و بابەتییەکانی ناو وتارەکە بە مەبەستی ئاگاداربوونی زۆرترین ژمارەی خوێنەران، بەتایبەتی ئەوانەی گرنگی بە مەسەلەی کورد لە بوارە جیاجیاکانیدا دەدەن، بڕیارماندا بە نامیلکەیەکی سەربەخۆ بڵاوی بکەینەوە.

ڕاگەیاندنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ئایاری-١٩٩٠

## چەند وتەیەک بۆ ئەم باسە:

ڕوونە کە تا ئێستا بەرنامەی هەوڵ و خەبات و هزر و کەلتووری سیاسی مام جەلال مافی خۆی پێنەدراوە، هەروەک لە ژیانییدا و لە ڕێباز و تێکۆشانەکەی ئاوڕی پێویستی لێ نەدرایەوە، بە هۆی سەختی ڕێگەی خەباتی کوردەواری، ململانێی ڕەوتە سیاسییەکان، بە داخەوە گەلێک جار و لە زۆر باران دژایەتی کراوە و دراوەتە بەر تانە و تەشەران.

دوای کۆچی دوایی مام هەموو کەس، ناحەز و دۆست، یارو نەیار، تا دوژمنانی بەدکار، بۆیان دەرکەوت بۆشاییەک لە ڕەوتی سیاسیی کوردی و عێراقی و هەرێمایەتی دروست بوو.

جا ئێستا هەوڵ و هیمەتێکی باش هەیە بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم میراتە ڕۆشنبیری – فیکرییەی مام جەلال، عەرەب گوتەنی (عەسا وە لەعەللا) کەڵکی لێوەربگیرێ. یەک لەو دەزگا و خوێندەوارانەی جێدەستی دیارە لەم بارە کاک سامی قادرە، دیارە زێڕینگەر قەدر و عەیاری زێڕ دەناسێ، سامی پێشمەرگە و ڕوناکبیر و تێکۆشەری کوردایەتی هەر بارەکەڵڵای دەوێ.

دەزگای تایبەتی کەلتووری مام و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی یەکێتیی و هەڤالانی ڕێبازەکەی خۆی بەشێکی ئەم گەنجینەیەیان کۆ و ساز و بڵاوکردۆتەوە، ئومێدەوارم ئەم

خوێنــــدنگایەی هـــزری مـــام جەلال لە سەرتاســـــەری کوردەواری، لای هەموو خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری ببێتە ڕێنمـــا و پەنـــد و دەرســـی لێـــوەربگیرێ، کە پڕاوپـــڕە لە ئەزمـوون و کـرداری جـوامێری و تێکۆشـەری نەبەردی تـا سەرکەوتنی سەرتاسەری، بێگومان لەبەر ئەوەی مام یەکەم سەرکردەی کوردە، کە لە هەلومەرجی پڕ لە نائومێدی ئەو ســەردەمەی گەلەکەمــانی تێکەوتبـوو، ئەو خەبـاتی جـۆش دایەوە و شۆڕشـی بەرپاکرد، سـەرباری هەمـوو دژواری و سەختیەکان شۆڕشـی سەرخسـت، کیـانی کـوردی دروسـت کرد و مایەوە.

جـا لە کوانــووی تێکۆشــانی شــۆڕش و پێشــمەرگایەتی و دڕنــدەیی ڕژێمــی ڕەفتــار فاشــییە عەفلەقییەکــانی بەغــدا، دەبینین هـزر و کـردار و هەوڵـی مـام بۆ دروسـت کـردن و بەهێزکردنــی پــردی بەیەکەوە بەســتنی برایەتــی کــورد و عەرەب، تێکۆشانی هاوبەشی فەرامۆش نەکردووە و هەوڵـی داوە ڕەوانــدنەوەی فکــری تونــدڕەوی عەرەب دەرحەق بە کـــورد بـــڕەوێنێتەوە، کە دەبـــوایە ئەم لایەنە تـــاریکە لە فەرهەنگی عەرەبیدا هەر زوو ئیشی لەسـەر بکرایە، دەبوایە ئەوانەی پەرۆشـی ئاینـدەی عەرەبـن و خۆیـان بە عەقڵمەنـد دەزانـن هێنـدە خەم سـارد و بێبـاک نەبـوایەن لەم بـوارەدا، تەنانەت خاوەن بیرە پێشکەوتنخوازەکانیشـیان زۆر جار تـا ئاستێک کەوتونەتە ژێر کاریگەری تونـدڕەوە شـۆڤێنییەکان. سـەیر لەوەدایە بەشـێکی میللەتـی عەرەبیش، هەمـان دەردی

کوردانیـان لێبـووه و لەژێـر سـتەمی چەوسـاندنەوه بـوون. بەڵام کورد بۆیان هەرگیز ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووه پێچەوانەی ئەوان کە بۆخۆی داوای دەکا و لە ئێمەی حەڕام دەکا. ئەم جۆره ڕەوت و تەوژمە هەر ئەوەنده نییە کە زیان و مـاڵ کـاولی بـۆ کـوردان دێنـی، بەڵکـوو بنـاغەی برایەتـی بەیەکەوه ژیــــانی ئەم دوو نەتەوەیە هەڵــــدەتەکێنێ کە قەدەریــان یەکە، هەقە ڕۆشــنبیران و خەڵکــی هۆشــیار و بیرمەنـدانیان حسـابی ورد بـۆ ئەم زوڵـمە بـکەن کە بەسـەر برایانیان لە دین و نیشتماندا چەسپێندراوه.
دەبێ ئەوەش ئاشکرا کەین، کە ئەم هەڵوێست و کـردارانە چ ئاســـەوارێکی خەراپ بەجێــدەهێڵێ لە دروســـت کردنـــی بێمتمـانەیی و کیـنە و ڕق و گیـانی تـۆڵە، کە هەڵمەتەکـانی قڕکردنی کوردان بە کیمیابـاران کـردن و ئەنفـال و کوشـتنی بەکۆمەڵ لەگەڵیان بەکار هاتووه.
هەر دکتـۆر جەمـال ئەتاسـی لە پێشـەکی کتێبەکەی مـونزر ئەلموسڵی دەربـارەی کـورد، ئەوه دەسـەڵمێنی کە عەرەب و کــورد هەردوولا کوشـــتە و دەردەداری دەســـتی وڵاتـــانی داگیــرکەری ڕۆژئــاوان، کە دوای نەمـــانی ئیمپراتــۆریەتی عوســمانی ڕێگەیــان نەدان چارەنووســی خۆیــان جێبەجــێ بـــکەن. جـــا ئەم گفتوگـــۆیە نـــاوەرۆکی ئەم باســـەیە و گـــرنگییەکەی لەوەدایە کە ســـەردەمێک ئەوه وروژاوه کە هەردوو نەتەوه لە هەوڵـــی دەربـــازبوون و گەیشـــتن بە ئامانجەکانیـان لە گۆڕێـدایە بەرەو یەکگـرتنەوه و ڕزگـاری

یەکجارەکی، کە بەینی دوو بیرمەندی کورد و عەرەبە، کە لە ئاســـتێکی بەرزی فیکـــری ڕادەگـــۆڕنەوە. ئەم دووانە هەر بەتەنیـــا خـــاوەن هـــزر و لێکـــۆڵەرەوەی نـــاو کتێبخـــانە و ســالۆنەکانی بـاس و خواسـی ئەم دوو مـیللەتە نـین و بەس بەڵکوو هەردووکیان خوا لێیان خۆشبێ(مام جەلال و دکتۆر جەمال) بە کردارەکی لە مەیدانی سیاسـەتدا کاریـان لەسـەر ئەم مەسەلە جەوهەرییە کـردووە ، کە پێویستییەکی ژیـانییە بۆ هەردوو نەتەوە و بزووتنەوەکانیان. جا لە خوێـندنەوە و لێڕامان و وردکردنەوەی ئەم باسە گرنگی گفتوگۆکەمان بـۆ دەردەکەوێــت، هەروەهـا ئێسـتا ئەم ڕەوتە پێویسـتیە زیـاتر خۆ دەسەپێنێ کە کاری لەسەر بکرێ.

برای عەرەبی چاوڕەش دەبێ لەوە ئاگاداربن هـیچ میللەتێک بەرژەوەندی لەوەدانییە میللەتێکی تر بچەوسێنتەوە، بەڵکوو دەســەڵاتدارانی زاڵــم و خۆســەپێن و مشــەخۆر ئەم ڕێبــازە خراپە دەگرنە بەر کە زیان و ماڵ کاولی بۆ هەردوو لادێنی. ئەوەندەش دەڵێم مەسەلەی کورد لە شـاردنەوە و داپۆشـین و کپکـردن و خـامۆش کـردن دەرچـووە، ئیتـر لە کـولەکەدا بانـگ نـادەین، دنیـاش خەریـکە لە مافەکانمـان حـاڵی دەبـن، ڕەوایەتی مەسەلەکە دەسەلمێنن، کوردیش لە هەموو لایەکی کوردسـتان بـۆ هەمـوو جـۆرە خەباتێـک ورۆژاوە، کە ئیتـر بەری ڕۆژێ بە بێژینــــگ نــــاگیرێ، لەوەبەدوا زیــــاتر پێویسـتیمان بەم گفتوگۆ و لێک تێگەیشـتنە هەیە تـا بتـوانین کێشـەکان بە ئاشـتی چارەسـەربکەین. دیـارە مـام جەلال لەم

مەیدانەدا شۆرە سوار و دەست پێشخەر بووە لە نێو عەرەبیشدا دەنگی وا زولاڵ و حەق بەرز دەبێتەوە پیاو چاکێک دەڵێ( طوبی لمن یصادق الکورد و ویل لمن یعادیه - خۆشبەختە ئەوەی دۆستایەتی کورد دەکا، کارەسات باریشە ئەوەی دژایەتی دەکات) دڵنیاتان دەکەین کە چەند دەوڵەمەندبن و تەکنەلۆجیای شەڕتان بەهێزبکەن و زەبەلاح بن حەتمیەتی مێژووە کە ئامانجی ڕەوای میللەتان هەردەبێ جێبەجێ بێت.

جا کوردینە هزرو ڕێبازی مام بخوێنن و پەیڕەوی بکەن، بیکەنە دەستە چیلەی ڕێی نەجات تا بگەین بە ئاوات.

دەست خۆشی و خەرمان بەرەکەت لە هەموو ئەو کەس و دەزگایانە دەکەین کە لەم بارەوەوە دەور دەبینن بە کاک سامی قادرەکەی خۆمانیشەوە کە لەم بارەوە هەوڵ دەدات.

خوای مەزن چەپارەی هەموو لایەکمان بدات.

صەلاحی شێخ شەرەف

نەورۆزی ٢٠٢٥ کۆیە

**دەبێ بگوترێ**

ئەم کتێبەی ڕەوان شاد مام جەلال بەناوی ئەتاسی و کێشەی کورد، دەربارەی ئەو پێشەکییەیە که بیرمەند و سیاسەتمەداری عەرەبی سوری دکتۆر جەمال ئەتاسی، بۆ کتێبەکەی مونزر ئەلموسڵی بە ناوی ( عەرەب و کورد – تێڕوانینێکی عەرەبیانە بۆ کێشەی کورد) نووسیویە.

ئەتاسی خاوەن هەڵوێست، بەرامبەر بە کێشەی کورد و ڕایەڵەیەکی کۆنینەی ڕۆژگاری زوو لە ئاست کێشەی کورد لەگەڵ مونزر کۆیکردونەتەوە بەتایبەت ئەو ڕۆژگارەی هیوایەک هاندەریان بووە لە نزیک کەوتنەوەیان لە بەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانیان، بەڵام دواتر ئاراستەکەیان لێک دوورکەوتۆتەوە و جیاوازی لەهەڵوێستیان دەرکەوتووە. ئەتاسی پێی وایە مونزر هەربە وەفاداری لەسەر سۆزە کۆنەکەی بۆ بەعس ماوەتەوە کەچی ئەو خۆی دان بەوە دادەنێ کە ماوەیەکی زۆرە ڕێبازی بەعس بە ڕێبازی خۆی نابینێ ولێی چۆتە دەرەوە وەک بەرهەڵست کارێک لەساڵی ١٩٦٣دا بەرامبەری وەستاوەتەوە، واتە لەو کاتەوەی بەعس بۆتە دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی، دواتریش بوو بە سیستمی جیاجیا و گروپ بەندی. ئەم لێک دوورکەوتنەوەیە لەمیانەی ئەو کۆششەوە دێت کە پێشتر و تا کۆچی دواییشی پەیڕەوی لێکرد، کە هەندێک لە سەرکردەکانی بەعس خولیای گرتنە دەستی دەسەڵات و پاوانکردنی لە کەللەی دابوون ئەو

ڕێگریی کردووە و بەگژ ئەو ڕەخنانەیان داچۆتەوە کە پەڵپیان پێ لە میتۆدە نەتەوەییەکەی ناسریەت گرتووە لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی عەرەب، وەک شۆڕشێکی دیموکراسی و نەتەوەیی، لەدەستدانی دەرفەتێکی مێژوویی لە بەدیهێنانی یەکێتییەکەی، ئەو دەرفەتەی بە ڕاچەنینی سەرکردایەتی مێژووییانەی عەبدولناسر فەراهەم بووبوو، کە تا ئیمرۆش نەتوانراوە ئەودەرفەتە لە دەست چووە بڕەخسێنرێتەوە ئەو تا مردیش یەکێک لەو کەسانەبوو کە شانازی بە ناسرییەت بوونی خۆیانەوە دەکەن.

ئەم کتێبە پەیوەندی بە مەسەلەی چارەی خۆ نووسینەوە هەیە، بەرگرییەکی زانستی و ئەکادیمیانەی قوڵی مام جەلالە بۆ مەسەلەی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە وەڵامی ئەو پێشەکییەی ئەتاسی بۆ کتێبەکەی مونزر ئەلموسڵی نووسیویەتی کەتیایدا ئەتاسی کەوتۆتە هەڵەی زانستیانەی مێژوویی و دیدی نادروست بەرامبەر بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی مام بە وێژیارانە وەڵامی بداتەوە و بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی بە بەڵگە و داتا گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

مام ستایشی ئەتاسی دەکات لەهەندێک هەڵویست و بۆچوونەکانی، هەروەها سەرزەنشتی دەکا لە ئاست خۆلێگۆڕین و پشتیوانی کردنی لە ڕێبازی بەعسییە فاشیستەکان بەرامبەر لە ناوبردنی کورد، لەسەرەتا ئەو تاوانە قێزەون و دڕندانەییەی دار و دەستەی سەدامی

خوێن ڕێژ بەرامبەر بەکورد ئەنجامیان داوە بۆی دەخاتە ڕوو وەک:
*-بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بەکورد
*-ڕاگواستن و ڕماندنی سەرجەم گوندەکان  بە مزگەوت و تەکیە و خانەقا و کەنیسە و دێر و شوێنە پیروزەکانی تری خاوەن مەزهەب و ئەودەستە و گروپانەی تر کە لە سەر خاکی کوردستان بوونیان هەیە.
*-بێبەش کردنی مرۆڤی کورد لە کەمترینی مافە مرۆییەکانی.
*-هەروەک گفتوگۆ دەربارەی هزری پان عەرەبیانە لەگەڵ ئەتاسی دا دەکات، بۆی ڕووندەکاتەوە و پێی دەڵێت ئینتمای عەرەبایەتیت مانای ئەوە نییە کە ڕق وکینەت بەرامبەر گەل و نەتەوەی تر هەبێت، بەڵکوو پێویستە خێر و خۆشیت بۆ خەڵک و نەتەوەی تریش بوێت وەک بۆ نەتەوەکەی خۆت دەتەوێت. مام دەڵێت ئەتاسی لە بانگەواز و نووسینەکەیدا بە دوو پێوانە ڕەفتاردەکا، لەمەڕ دەسبەرداربوونی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق بۆ دوژمنانی عێراق مێشی میوان نییە بەڵام ئەگەر کەمترین پەیوەندی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ یەک لە دەوڵەتە دراوسێکانی - کە لە زۆر کاتدا ئەم پەیوەندی کردنە زۆر ناچارییە – ئەوە کارەساتە و تاوانێکە نابوردرێت.
بێ لەوە مام جەلال دژبەرییەک نابینێت لەنێوان داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد و عەرەب. دەکرێ  ئەم داخوازییانە

چارەسەریش بکرێن بەهاوکاری کردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد، ئەگەر هاتوو ڕەهەندەکانی وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانی لەگەڵ ئامانج و خواستی ڕزگاری و یەکێتیخوازییەکانی عەرەب دژبەر و ناکۆک نەبوو ئەمەش بە:

یەکەم : بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب، دان بە بوونی گەلی کورددا بنێت لەسەر خاکی نیشتمانیی (کوردستان) وەک ڕاستییەکی زیندووی مێژوویی.

دووەم: داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆکورد هاوشێوەی گەلانی تری دنیا.

سێیەم: پەسندکردنی دیموکراسیەت و یەکێتی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەبی برایدا لە بری یەکێتی زۆرەملێیی یاخود پاشکۆیەتی.

چوارەم: ڕازی کردنی هەردوولایەنی – کورد و عەرەب – بە ئەهمیەتی برایەتی عەرەب و کورد پێویستییەتی گۆڕینی بۆ کرداری ڕاستەقینەیی.

لەمەی لەپێشەوە باسی لێوەکرا دەردەکەوێت مام جەلال نەخشە ڕیگایەکی بۆ برایانی عەرەب دیاری کردبێت لەمەڕ چۆنیەتی ڕەفتار کردنیان لەگەڵ نەتەوەی کورد و کێشە ڕەواکەیدا دەبێ لە کۆتاییدا ئاماژە بەوەش بدەین مام جەلال بە هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانە و ڕێبەرایەتی سەرۆک جەمال عەبدولناسردا هەڵدەدا لە ئاست کێشەی کورد و پشتگری کردنی لە کێشەی ڕەوای گەلی کورد.

پێویستە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم ، ڕەوان شاد مام جەلال لە نووسینەکەیدا بیست پەراوێزی داناوە چ وەک ساغکردنەوە چ وەک ئاماژەدان بەو دەقەی کە لە ئەسلی کتێبەکە وەریگرتووە، هەموو ئەو پەراوێزانەم داناوەتەوە بەبێ ئەوەی لە کوتایی ڕستەکەدا وشەی وەرگێر دابنێم .
هەرچی ئەو پەراوێزانەشە کەخۆم بۆ نووسینەکەی مام دامناوە، لە کۆتایی هەر پەراوێزیک وشەی (وەرگێر) م داناوە، تا بزاندری ئەمە پەیوەندی بە پەراوێزەکانی (مام)ەوە نییە.
لە کۆتایی دا ناکرێ سوپاسم ئاراستەی ئەو بەڕێزانە نەکەم کە هەر یەکەیان بەشێوەیەک یارمەتی دەربوون بۆ بەرهەم هاتنی ئەم بابەتە بە پێزە، لە سەرویانەوە برامان سەلاحی شێخ شەرەف کە پێشەکی بۆ نووسین. کاک شێخ تالب سەید عەلی بەرپرسی ئیدارەی سەنتەری پەخش و بڵاوکردنەوەی کۆیە، کە هاندەری سەرەکیم بوو بۆ پەلە کردن وبەرهەمهێنان و چاپکردنی، مامۆستای زێدە ئازیزمان ڕەمەزان حەمەدەمین، کە بۆی دیزاین کردین بۆ ئەوەی چەند دانەیەکی لێ راکێشین بۆ بەردەستی ئەوانەی پێیدا چوونەوە هەروەها برای خۆشەویستمان دکتۆر هاوژین سلێوە بۆ هەڵەبڕی، بەهیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆیان.

سامی قادر

**دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد**

لە پێشەکییەکەیدا بۆ کتێبی (عەرەب و کورد، تێڕوانینێکی عەرەبیانە بۆ کێشەی کورد)ی، هاوڕێ موقەدەم مونزر ئەلموسلی[1]برا، دکتۆر جەمال ئەتاسی[2]کەسایەتی ناسراوی

---

[1] – مونزر ئەلموسلی: ساڵی ١٩٢٦ لە شاری حەمس – سوریا لەدایک بووە، هەڵگری بڕوانامەی یاسایە لە زانکۆی دیمەشق. لە سەردەمی خوێندکاریدا چۆتە ریزی بەعس، سەرنووسەری ژمارەیەک ڕۆژنامەی سوری بووەوەک (الاشتراكية، الف باء، النضال) هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری(البعث) ی هەفتانەیی بووە لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا. دوای بزووتنەوەی ئاداری ١٩٦٣ چەند پۆستێکی ئەمنی و کارگێڕی بینیووە، سەرپەرشتیاری نووسینگەی حاکمی عورفی و دواتربەڕێوەبەری گشتی هەواڵنامە و بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەوانی لە کۆشکی سەرۆکایەتی و پاشان ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری جێبەجێکردن، ئینجا بەڕێوەبەری نووسینگەی (ئەمین حافز)ی سەرۆکی سوریا، پاشان لە پۆستەکەی دورخراوەتەوە. دوای دوورخستنەوەی خۆی بۆنووسین تەرخان کردووە و چەند دانراوێکی هەیە وەک:

- عرب و اكراد، رؤية عربية للقضية الكوردية، دار الغصون،١٩٨٦.
- الحياة السياسية والحزبية فى كوردستان، رؤية عربية للقضية الكوردية ، ، لندن١٩٩١.

https://www.marefa.org/ ٢٠ /١١ / ٢٠٢٤ (وەرگێڕ)

[2] – جەمال ئەتاسی: (١٩٢٢ – ٢٠٠٠) لە شاری حەمس - سوریا لە دایک بووە، تا بەدەستهێنانی بڕوانامەی ناوەندی هەر لەوێدا خوێندویەتی، پاشان چۆتە دیمەشق لە١٩٣٩ بڕوانامەی ناوەندی دووەمی وەرگرتووە، چۆتە کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی

عەرەبی سوریا و تێکۆشەری یەکێتیخوازی عەرەبی (دەرچووی بەعس و دەرچوو لە بەعس)، وەک خۆی گوزارشتی لێکردووە، تێڕوانین و تێگەیشتن و بۆچوونەکانی خۆی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو، دادپەروەرانە بۆ کێشەی کورد دەخاتە ڕوو لە سەر بنەمای ئەو باوەڕەی، کە (کێشەی کورد، کێشەیەکی تایبەتی عەرەبیشە) و (یەکێکە لە کێشە نەتەوەییە بنچینەییەکانی ئەم هەرێمە، کردنەوەی دۆسیەکەی، بانگهێشت کردنی هێزە سیاسییە عەرەبییەکان بۆ دیالۆگ دەربارەی و دیاریکردنی هەڵوێست لە سەری،

---

یەسوعییەکان لە بەیروت بەڵام لەگەڵ خوێندنی ئەو زانکۆیە نەگونجاوە بۆیە گەڕاوەتەوە کۆلیژی پزیشکی دیمەشق وساڵی ١٩٤٧ تەواوی کردووە. دوای ئەوە چۆتە فەرەنسا بۆ پسپۆریەتی و ساڵی ١٩٥٠ گەڕاوەتەوە بە بڕوانامەی پزیشکی دەروونناسی. ساڵی ١٩٤١ ئەتاسی یەکێک بوو لە خۆبەخشەکانی پشتیوانی عێراق لەکاتی بزووتنەوەی ڕەشید عالی، دوای گەڕانەوەی بەشداری لە دامەزراندنی ڕابیتەی عەرەبیدا کردووە. ساڵی ١٩٤٦ زۆرینەی سەروتارەکانی ڕۆژنامەی بەعس ئەو نووسیووە، ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزراندنی بەعس پرۆژەی بەرنامەکەی گەلاڵە کردووە. ساڵی ١٩٦٣ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە وەزیری ڕاگەیاندن و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری کرد، دوای ئەمە دەستی لەکار کێشایەوە و لە بەعس دوورکەوتەوە مەیلی ناسریەتی هەڵگرت وساڵی١٩٦٤ حزبی یەکێتیی سوسیالستی عەرەبی دامەزراند. (سليمان سليم البواب، موسوعة اعلام سورية فى القرن العشرين، الجزء الاول، ط ١، المنارة،٢٠٠٠، ص،٤٥ – ٤٦).(وەرگێڕ)

که به ناچاری مامەڵە لەگەڵ خودی کێشەی نەتەوەیی عەرەب، پێکهاتە و پرەنسیپەکانی، هەروەها ڕێگای بەدیهێنانی مەسەلەی یەکێتیی عەرەب دەکات)، وەک خۆی لەو پێشەکییەدا کە بۆکتێبەکەی نووسیوە دووپاتی کردۆتەوە[١].

لە ڕاستیدا دکتۆر جەمال ئەتاسی لەسەر ئەم باوەڕە دەمێنێتەوە و لە کاتی گێڕانەوەی چەمک و تێڕوانینەکانی نووسەر سەبارەت بەمەسەلەی کورد، هەروەها لە کاتی خستنە ڕووی ڕا و لێدوان و هەڵوێستەکانی خۆیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، کە بە دروستی بە یەکێک لە کێشە نەتەوەییە سەختەکانی دەزانێت، کە لە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، لەم قۆناغە قەیراناوییەی ململانێکانی ناوچەکە و جیهاندا دێتە پێشەوە.

لە کاتێکدا لە گەڵ گرنگی مەسەلەی کورد، پێویستی کاری هاوبەشی کورد و عەرەب دەردەکەوێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە و گونجاو بۆی (گفتوگۆکردن یان هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی جدی عەرەبی بۆ مەسەلەی کورد نەک هەر مافێکی کوردییە، بەڵکوو ئەرکێکی کوردیشە) بەو هیوایەی (بەیەکەوە) هەنگاو بنێن، یەکەمجار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی برایەتی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی برا، خەباتی هاوبەشیان لە دژی

---

١ - عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية لمؤلفها المقدم منذر الموصلي.

دوژمــنه هاوبەشــەکان، دووەمــیش بــۆئەوەی بە ڕاســتی چــۆنیەتی پــرۆژەی نەتەوەیــی کــورد زامــن بکەیــن. (ئەگەر ڕەهەندەکانیمان وەک پرۆژەی ڕزگاری نەتەوەیی، یەکڕیزی گەل و خاک لەبەرچاوگرت، بۆلێک نزیکبوونەوە، هاوکاری کـردن نەک نـاکۆکی و ڕووبەڕووبـوونەوە، لەگەڵ ئامـانج و ئاواتەکانی ڕزگاریخوازی، یەکڕیزی عەرەبی لە چوارچێوەی هەلومەرجی سەپێنراوی ئێستای ناوچەکەدا )، ئەم دووانەش ئەو ئامانجە بەرزەن کە دەبێت پەرۆشی تێکۆشـەرانی کورد و عەرەب بۆ ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسییەت و مـافی چــارەی خۆنووســین[1] بــۆ هەردوو نەتەوەی بــرا کــورد و

[1] – مافی چارەی خۆنووسین: مـافی چارەنووس، بریتییە لەوەی: هەر گەلێـک بەسەربەسـتی دوا ڕۆژی خـۆی بەو چەشـنەی گەرەکییەتـی دانێت. جا ئەبێ بەدەوڵەتێکی سـەربەخۆی جیا لەو گەلانەی پێشتر لە سێبەری یەک دەوڵەتا لەگەڵیان بوو یان یەکگرتنێک لەگـەڵ گەلێک یـان چەنـد گەلێکـی دراوسـێدا دروسـت ئەکـات. واتە مـافی چارەنووسـی سەربەسـتی جیـابوونەوە لەو دەوڵەتە ئەگـرێتەوە کە گەلەکەی پێـوە بەسـتراوبوو. (جەلال تاڵەبـانی ، کـوردایەتی بـزووتنەوەی ڕزگـاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، پرۆژەی کۆبەرهەم /٨، ئامـادەکردنەوەی بــۆ چــاپ و پەراوێزەکــان ســامی قــادر، لەبڵاوکراوەکــانی بــۆردی هۆشــیاری مەکتەبــی ڕاگەیانــدن و هۆشــیاری یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردسـتان، چـاپی چـوارەم، چاپخـانەی حەمـدی – سلێمانی ٢٠٢٣، لا ٥٠). (وەرگێڕ).

عەرەب، درێژە بدەن بە هەولی هاوبەش بۆ بە دەستهێنانیان لە سەر بنەمای پێویستی دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی کەوایدەبینم ئەرکە و بەسوودە، ڕاشکاوانە لە بارەیەوە ڕای تێکۆشەرانی کورد و عەرەب، ئەوانەی باوەڕیان پێیە و هەوڵی بەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجە بەرزەی باسیان لێوەکرا دەدەن بخەمەڕوو. بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە یەکەمین جاریشە لە مێژووی درێژخایەنی هاوبەشدا ئەم برایەتییە مێژووییە لە نێوان گەلی عەرەب و کورددا (بەردی بناغەی خەباتی هاوبەشیان و یەکڕیزی خۆبەخشانەی برایەتییەکەیان) بۆتە مەترسییەکی ڕاستەقینە، مەترسییەک کە شانبەشانی ئەمە ئەگەر هەڕەشەی داڕوخان نەبێت، هەڕەشەی درزبردنە لەسەر پێکەوە هەڵکردنی کورد وعەرەب و ئەوهاوبەندییە مێژوویی و ئایین و کەلتوورییانەی نیوان ئەم دوو گەلە پێکدێنێ. چونکە گەلی کورد، یەکەمجارە لە مێژوودا ڕووبەڕووی شەڕێکی کۆمەڵکوژیی ڕاستەقینە دەبێتەوە، کە بەئامادەکاری و پلانی پێشوەختە، بەم فراوانی و ترس و دڕندەییە بەبێ گوێپێدان، بەڵکوو بگرە پێچەوانە و دژ بە هەموو بەها عەرەبی، ئیسلامی، مرۆییەکان، حکومەتێکی عەرەبی (بەعسی)، بە فەرمانی سەرۆکە عەرەبەکەی، بە ئەنقەست بە سەریدا سەپێنراوە، کە کەڕەنای پڕوپاگەندەکەی پێداگری لەسەر وەسفکردنی وەک سوار چاک و پاڵەوانی گەلی عەرەب دەکات لە نێو بێدەنگییەکی سەرسوڕهێنەری عەرەبیدا،

تەنـــانەت لەنێـو پشــتیوانی(فەرمی) عەرەبییــانەی ترســناک، نابەجێ، چاوەروان نەکراودا بەڕێوە دەچێت.
ئەم جەنـــگە درِنــدانەییە، تاوانەکـــانی فاشـــیزم، نـــازیزم و کەمالییەکــــانی بە درِنـــــدایەتییەکی دەگـــــمەن، بێهاوتـــــا تێپەڕانـــدووە، کە یەکەمجـــارە لە مێـــژووی هاوچەرخـــدا ڕوودەدات، هاوڵاتیــــانی بێـــوەی و بێچەکـــی (کـــورد) ڕووبەڕووی هەڵمەتـــی کۆمەڵکـــوژی دەبـــنەوە بە چەکـــی کیمیــاوی، کە فــڕۆکەی عێراقــی (عەرەبــی) و (فڕۆکەوانــی لـــووت بەرزی هەڵـــوی عەرەب) لێیـــدەخوڕێ، بەســـەریاندا دەبــارێنی و بەفەرمــانی خــودی ســەرۆکی حکومەتەکەیــان بەتـــایبەت بـــۆ کوشـــتن و شـــێواندنی هەزاران هەزار لە دانیشــتوانی شــاری هەڵەبــجە،[1] کە لەگەڵ ســەدان گونــدی

[1] – هەڵەبـــجە: یەکـــێکە لە شـــارە گەورە و گرنگەکـــانی کوردســـتانی باشـــوور، دەکەوێـــتە نێـــوان هێڵـــی درێـــژی ٤٦ پـــلەی ڕۆژهەڵات و هەردووبـــازنەی پـــانی ٣٥ – ٣٦ پـــلەی بـــاکوور، ٨٣ کـــم باشـــووری ڕۆژهەڵاتـــــی شـــــاری ســـــلێمانییە. تـــــا ١٩٨٨ ژمـــــارەی دانیشــــــتوانی ٧٠٠٠٠هەزار کەس دەبــــوو. لە ڕۆژی ١٦ / ٣ /١٩٨٨ ناوەندی قەزای هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەری بە چەکی کیمیاوی بوردومـــان کـــران(٥٠٠٠) شـــەهید و دەیـــان هەزارکەس بەرکەوتـــن و ئاوارەی ئێران بوون. مەزندە دەکرێ بەعس هەمـوو جۆرە گازەکانی لەم بۆردومـــانەدا بەکارهێنـــابێ وەک تـــاقیگەیەک(خەردەل، فۆســـجین، تابون، سیانید، ڤی ئێکس). مەبەستی ڕژێمی بەعس ئەوەبوو، خەڵکی بەتەواوی لەناوببات، ڕێگاکانی دەرچوونی لە شار هەمووی بوردومان دەکـــران، ڕۆژانـــی دواتـــریش بۆمبـــارانی کیمیـــاوی بەردەوام بـــوو،

بێـوەی لە دۆڵــی جافــایەتی،[1] قەرەداغ،[2] بالیســـان، هیــران،[2] دەشتی مەرگە،[2] شوان،[2]

---

ڕێگای(عەنەب، بیاویلە، خەرپانی، جەلیلە، عەبابەیلێ، شنرویێ، سـازان، بالآمبۆ، ناوچەی نەورۆلی، گولآن، ڕێگـای هـاوار، بیـارە، ئەحمەدئـاوا و چەمـی زەڵـم) بـڕوانە: (دکتـۆر نـاجح گـوڵپی، پانۆرامـای بەکارهێنـانی چەکی کیمیـاوی لە کوردستان، مـاڵپەری پیـوک میـدیا ڕۆژی ١٥ / ٣ / ٢٠١٩). هەروەها ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، ویکیپیدیا . اورک. (وەرگێڕ).

١ – دۆڵــی جافــایەتی: کەوتــۆتە قەزای ڕانــیە پارێزگــای ســلێمانی. (وەرگێڕ)

٢ – قەرەداغ: یەکـێکە لە قەزاکـانی پارێزگـای سـلێمانی، ناوەنـدەکەی شـارۆچکەی قەرەداغە، لە سـەردەمی عوسـمانییەکان قەزا بـوو دواتـر کـرا بە نـاحیە. پاشـان لە ئەنفالەکـان خـاپوور کـرا بە گونـدەکانییەوە. ساڵی ٢٠٠٧ دروستکرایەوە لە کەرت و گوندەکانی ناحیەی قەرەداغی سـەر بە قەزای سـلێمانی. ئێسـتا لە دوو نـاحیە پێکهـاتووە: نـاحیەی ناوەنـدی قەزای قەرەداغ و نــاحیەی سێوســێنان. لە ڕۆژی٢١ / ٤ / ١٩٨٧دا نــاحیەی قەرەداغ و گونــدەکانی دەوروبەری لە پارێزگــای سـلێمانی بە چەکـی کیمیـاوی بۆردومـان کـران، چـونکە ڕۆژی ١٩ / ٤ /١٩٨٧پێشمەرگەی کوردستان( ینک، حشع، پدک، حسک) بە هاوکـاری هێزی پشتگیری ناوچەکە لە هێرشێکدا دەسـتیان گـرت بەسـەر تەواوی نــاحیەی قەرەداغـدا، هەمـوو ســەربازگە و فەرمانگەکـانی حکـومەت کەوتـنە بندەسـتی پێشـمەرگە. بـۆیە لە تـۆڵەی ئەم شکسـتە، ڕژێـم بە چەکی کیمیاوی، ناحیەکە و دەوروبەری بۆمباران کـرد. بـڕوانە: دکتـۆر نـاجح گـوڵپی، پانۆرامـای بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـاوی لە کوردسـتان، ماڵپەری پیـوک میـدیا ڕۆژی ١٥ / ٣ / ٢٠١٩. هەروەهـا ئینسـکلوپیدیای ئازاد، ڕۆژی ١١ / ٣ / ٢٠٢٥.(وەرگێڕ)

گەرمیان[٤] و شارەزوور[٧] تەخت کران، هەموو (بیانووەکەشیان) ئەوەیە، کەئەمانە لە ژێر دەسەڵاتی

---

[١] – هیران: ناحیەی هیران سەر بە قەزای شەقلاوەیە دەکەوێتە بناری چیای سەفین ١٨ گوند لە خۆدەگرێت. (وەرگێڕ)

[٢] –مەرگە: کەوتۆتە ناحیەی بنگرد قەزای دووکان. (وەرگێڕ)

[٣] – شوان ناحیەیەکە، لەحەوت ناحیەکەی قەزای کەرکوک. لە پارێزگای کەرکوک، ناوەندەکەی شاری ڕێدارە. لە ڕووی کارگێڕییەوە ٦٩ گوند لەخۆ دەگرێت، لە ١١ / ٦ / ١٩٨٧ بەفەرمانی کۆماری ئەم ناحیەیە لەگەڵ چەند ناحیەی تری سەر بەقەزای کەرکوک هەڵوەشێنرانەوە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا گوندەکانی ئەم ناحیەیە ئاوەدانکرانەوە وناحیەی شوان دروست کرایەوە. (وەرگێڕ)

[٤] – گەرمیان: ناوچەیەکی بەر فراوانە دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان. لە باکورەوە لە شوێنی ئاوێتەبوونی چەمی دەرەدۆین لە باشووری دەربەندیخان، لەگەڵ ڕووباری سیروان، بەرەو ڕۆژئاوا، لە باشووری شاخی گوڵان و زەردە و سەگرمە بۆ باکوری ناحیەی سەنگاو، بەرەو ڕۆژئاوای  بۆ تەکیەی کاکەمەند بۆ سەر ڕووباری زێی بچووک لە باشووری ناحیەی قەرەناو. لە ڕۆژئاواشەوە بە ڕووباری زێی بچووکدا لە قەرەناوەوە بۆ باشووری، تا دەگاتە بەرزاییەکانی حەمرین، لەباشووریشەوە لە شوێنی یەکگرتنی زێی بچووک و بەرزاییەکانی حەمرین بەرەو ڕۆژهەڵات بەبناری باکووری حەمریندا، تا دەگاتە نزیکی ناحیەی (جەلەولا – قەرەغان)ی سەر ڕووباری سیروان. لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ناحیەی (جەلەولا – قەرەغان)ەوە بە ڕووباری سیرواندا بۆ باکوور تا دەگاتە جێگەی تێکەڵ بوونی چەمی دەرەدۆین و سیروان، لە باشووری دەربەندیخاندا. بەمەش هەریەکە لەشار و شارۆچکەکانی

ئەوانەدان کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعسی عەرەبی لە عێراق و دەرەوەی عێراق بە بەردەوامی بە (بەکرێگیراوی ئێران)، (نەوەی خیانەت)، (یاخیبووان) و (تێکدەر) وەسفیان دەکەن و ناویان دەبەن!

لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لە ڕێگەی وەزیری بەرگری و (تاکە)سەرکردەیەوە دان بەوەدا دەنێت کە زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ کورد خۆبەخشن لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیی بۆ

---

کەلار، دەربەندیخان، کفری، چەمچەماڵ، خانەقین، دووزخورماتوو، مەندەلی، ڕزگاری(سمود)، سەرقەڵا، جەلەولا، سەعدیە، جەبارە، قەرەتەپە، جەسان، مەیدان، قۆرەتوو، تەکیەی کاکەمەند، تەکیەی جەباری و شۆڕش دەگریتەوە. (وەرگێر).

[١] – شارەزوور: یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، ناوەندەکەی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەیە. یەک ناحیەی هەیە بەناوی ناحیەی زەڕایەن، ٤٨ گوندی هەیە:

ئالان، ئاوایی شێخ حسێن، ئاوەکەڵە، ئەحمد ئاوا، وارماوا، بەردەکەڕ، بێدەن، بێسەڵمێن، تەپەکەڵ، تووەقوت، جەرداسنە، جولانە، چەوژاڵە، حاسڵ، خەرجانە، داری قەلان، دەسکەرە، دەق، زەلەڕەش، سارتکە، سێتەلانی خواروو- سێتەلانی سەروو، قلیجە، قەرەگوڵی خواروو، قەرەگوڵی سەروو، قەڵبەزە، کانی بەردینە، کانی توو، کانی کەوەی جوخ، کانی کەوەی نوێ، کانی کوێرە، کانی مرواری، کانی هەمزە، کانی هەنجیر، کانێسکان، کەڵەکاوی، کۆرەی خواروو، کۆرەی سەروو، کۆڵەبی، کۆمەڵگای نەسر، گەورەقەڵا، ماڵوانی ئیبراهیم کەریم، ماڵوانی حەمەی عەزیز، ماڵوانی ڕەشید ڕەمەزان، مەحموودخانی خواروو، مەحموود خانی سەروو، میرەدێ، یەخشی خواروو، یەخشی سەروو. (وەرگێر)

(شـــەڕکردن لەگەڵ ئیــران) و (بەکرێگیراوەکــانی)[1]، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و ئاشکرایە لە سەر پـوچەڵکردنەوەی تۆمەتەکـانی تاوانبـارانی جەنـگ لە عێـراق، کە بۆ پاساو دانەوەی تاوانە بێهاوتاکەیان دەیهێننەوە، کە بۆ هەمیشە وەک پەڵەی شـەرم بە نێوچەوانی ئەنجامدەرانی و خــاڵێکی تاریــک لە مێــژووی هاوبەشـــی دوور و درێــژ و شکۆداری نێوانیان دەمێنێتەوە، مێژووی ئیسلام هاوبەشە لە نێوانیانـدا، لە بیروبـاوەڕ و بەهـا ئەخلاقییەکـانی لە زۆربەی پێکهـــاتە کلتـــووری و ئایـــدولۆژییەکانی هەریەکێکیانـــدا ســـەرچاوەی گرتـــووە، پێویســـتە ئەم تـــاوانە قێـــزەونە بێهاوتـــایەی لەجیهانــدا، نـــامۆ بە مێــژوو، بەهـــا ئەخلاقـــی، کلتـــووری و ئایـــدیولۆژییەکانی بـــاڵی بەســـەردا کێشـــاوە نەهێڵـدرێت، پێویسـتە بـۆ دەرکێشـانی ئەمە لە یـادەوەری و نەهێشـــتنی شـــوێنەوارەکانی لە ســـەر گیـــان و ســـڕینەوەی ئەدگارەکانی لە مێژوودا هەوڵێکی ماندوونەناسانەی یەکبینە بــدرێت بــۆ مــاوەیەکی ئەوەنــدە کە لە ئێســتادا زەحــمەتە بتواندرێ ئەوە دیاری بکرێ کە دەبێ تاکەی درێژەی هەبێ.

بە کــورتی  لەمەڕ دڕنــدەیی، مەترســـیەکانی ئەم جەنـــگە ترسناکە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

یەک: بەکارهێنـــانی چەکـــی کیمیـــاوی دژ بە شۆڕشـــگێڕانی کـورد، هەرکـاتێ هێـزە عێراقییەکـان نەیانتوانیبـا لەمەیـدانی

---

[1] – سەرباری بەشداری کردنی هەزارەها سەرباز و ئەفسەری کورد لە قادسییەی بەدناودا.

شـــەڕدا شـــەڕیان لەگەڵـــدا بـــکەن، دواتـــریش زۆرجـــار بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە دژی هاوڵاتیانی بێوەی لە جووتیارانی گوندەکان، دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان. لە بەدرۆ خستنەوەی تۆمەتەکانی حکومەتی عەفلەقی دەڵێین هۆکارەکە بەشداری شۆڕشگێڕانی کورد لەگەڵ هێزەکانی ئیراندا نەبوو بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە وەک کەڕەناکانی عەفلەقییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکوو چەکی کیمیاویی لە ساڵی ١٩٨٧ بەدیاریکراویش لە نیسانی ١٩٨٨دا لە دۆڵی بالیســـان،[1] مەرگە و دۆڵەڕووت بەکـــارهێنراوە، کەتێیـــدا سەدان ژن، منداڵ و بەساڵاچوو کوژران، ١٢٢کەسیان تەنها لە گوندی (شێخ وەسانان)[2] بوو، کە لە ناویاندا ٧٢ منداڵ

---

١ -بالیســـان نـــاحیەیەکە ســـەر بە قەزای شـــەقڵاوەی شـــاری هەولێـــر، دەکەوێـــتە نێـــوان چیـــای مـــاکۆک لە بـــاکووری و چیـــای هەورێ لە باشـــووریدا، لە ئێـــوارەی ١٦ ی نیســـانی ١٩٨٧ لە لایەن فرۆکەکـــانی ڕژێمی بەعسـەوە کیمیابارانکرا کە زیاتر لە ٢٠٠ هـاووڵاتی شـەهید و بە دەیان بریندارى لێکەوتەوە. کوردپیدیا. (وەرگێر).

٢ – شـێخ وەسـان: گونـدێکە کەوتـۆتە دۆڵـی بالیسـان، سـەربە نـاحیەی بالیسان، قەزای شـەقڵاوە، ڕۆژی١٦ / ٤ / ١٩٨٧ لەگەڵ بالیسـان، کـانی بەرد، زنجیرە چیای دەرەشیر، زینی بەلالوکاوە، ناوچەی ساوسـێوکان بۆمبارانکران بە ١٢ فرۆکەی جەنگی چەکی کیمیاویـان وەشـاند. دیـارە ئەم شـوێنانە ئـازادکراوبوون و لە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگەی دابـوو و بارەگـای مەڵبەنـدی سـێی یەکێتیـی نیشـتمانیی لێبـوو، لە ئەنجـامی کیمیـا بارانـدا زیـاتر لە ١٠٩ هـاوڵاتی شـەهیدبوون، زیـاتر لە ٣٨٥ بەرکەوتوی ئاشکرا هەبوو ڕوویان لە ڕانیە ، شەقڵاوە، هەولێر و

هەبوو، تەمەنیان لە نێوان یەک ڕۆژ و ساڵێک و دووساڵ بۆ نۆ ساڵدا بوو، ٣٨٥ برینداریش دوای ئەوەی بۆ چارەسەر ڕوویان لە هەولێر کرد، پۆلیس ڕاپێچی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کردن و زیندەبەچاڵکران.

دوو: تێکدان و وێرانکردنی سەرجەم گوندە کوردنشینەکانی دەشت و دۆڵ و چیاکانی کوردستان، بەعسیە عەفلەقییەکان ئەم سیاسەتەیان گرتەبەر، کە ئامانج لێی چۆلکردنی کوردستان لە دانیشتوانەکەی و بە عەرەبکردنی و لەناو بردنی ئابووری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری گەلی کورد، نەهێشتنی بوونیان لەسەرخاکەکەیاندابوو، ئەم سیاسەتە ساڵی ١٩٦٣ لەناوچە نەوتییەکان و دەوروبەری کەرکوک دەستی پێکرا و لە ساڵی ١٩٧٥دوای هەرەسی شۆڕشی کورد بەهۆی خیانەتی دیکتاتۆری عێراق و فرۆشتنی زەوی و زاری عێراق بەشای ئیران بەتوندی جێبەجێکرا، ئەوکاتە ژمارەی گوندە کورد نشینە وێرانکراوەکان تادوایین شالاوی

---

شارەکانی ترکرد بۆ چارەسەر بەلام ڕژێم زۆربەی هەرەزۆری دەسگیرکرد و زیندە بە چاڵی کردن بە تایبەت ئەوانەی چووبوون بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر، بڕوانە: دکتۆر ناجح گولپی، پانۆرامای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان ، ماڵپەری پیوک میدیا ڕۆژی ١٥ / ٣ / ٢٠١٩. (وەرگێر).

وێرانکردنــی گونــدەکان لە ســاڵی ١٩٨٥ تــا ١٩٨٨ زیــاتر لە١٢٤٧ گونـدی کـوردی، ئێسـتاش ژمـارەی زیـاتر لەچـوار هەزارگوندە (بەگوێرەی ئامار).

سێ: کوشـتنی کوردەکـان، تەنـانەت هاوکـارانی حکومـەتیش، بەمندالانیشــــەوە وەک ئەوەی زیــــاتر لە ٨٠٠٠ بــــارزانی، کەتەمەنیان لە نێوان١١ بۆ ٨٥ ساڵ بوو، ٣٠٠ منداڵی تری نێـوان ٨ بـۆ ١٢ سـاڵدابوو کۆمەڵکوژکران.

سەبارەت بە وێرانکردنی گوندەکان و کوشـتاری بە کۆمەڵ، پێویستە ئەم تێبینیانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

أ) وێرانکردنی گوندەکان تەنیا بە پشتێنەی سنورەوە بەند نییە، سەرەرای مەترسی چۆلکردنی پشـتێنەکە، لەسـەر یەکریـزی گەلی کورد و پێکەوەژیانی مێژوویی لە نێوان بەشەکانی، کە بەزۆرەملێیی لە نێوان تورکیا وئیران وعێراقدا دابەش بـووە، بەڵکوو گوندە کوردنشینەکانی قوڵایی عێراقیش دەگرێتەوە. گونـــدە کوردنشـــینەکان لەدەشـــتەکانی هەولێـــر، قەراج، مەخمـــوور،[1] کەرکـوک، باشــووری هێڵــی شــەمەندەفەری

---

[1] – مەخمـــــوور: قەزای مەخمـــــوور لە ٣ نـــــاحیە (قەراج، گـــــوێر ، دیـبەگە) پێکهـاتوە هـەروەها ٣٠ گونـد لـە خـۆ دەگرێـت و رێـژەی دانیشـتوانی(٣٨٤٨٦) کەسـن . لەرووی جـوگرافییەوە مەڵبەنـدی قەزای مەخموور بەدووری( ٦٥) کم دەکەوێتە خۆر ئاوای پارێزگای هەولێر، لە بـاکوورییەوە قەزای دەشـتی هەولێـر و خەبـاتە و لە باشـوورییەوە روبـاری دیجـلەیە، خـۆر هەڵاتـی زێـی بچـوکە و خـۆر ئـاوای زێـی

کەرکوک بەغدا، تەنانەت گوندەکانی دەوروبەری شاری نەینەوا، لەسەر کەناری ڕووباری دیجلەش، کە بە ناوەڕاستی عێراقدا تێدەپەڕێت وێران بوون.

---

گەوەرەیە. دووری لە ناحیەی گوێر (٥٣)کم ، لە ناحیەی قەراج (١٤)کم، لە ناحیەی دیبەگە (٣٠) کم، لە ناحیەی مەلاقەرە (٢٨)کم، لە ناحیەی گەییارە (٢٨)کم لەلای ڕۆژئاوای شەرگات (٦٠)کم دوورە لە لای ڕۆژهەڵاتیشی قەزای مەخموور ناحیەیی سەرگەران هەیە بە دووری (٥٥)کم، لەگەڵ پارێزگاکانی ( موسل - کەرکوک - تکریت) هاوسنورە. چیای بلباس(قەرەچووغ) دەکەوێتە ناوەراستی قەزاکە و زورگەزراویش دەکەوێتە لای خۆر هەڵاتی باکووری. قەزای مەخموور خاکێکی بە برشت و پیتی هەیە لەڕووی کشتوکاڵیەوە بەتایبەت بۆ ( گەنم و جۆ) کە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بە پلەی یەکەم دێت، هەر بۆیە یەکەم گەورەترین سایلۆ لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە مەخموور دروستکراوە.
قەزای مەخموردەکەوێتە سەر هێلی (٣٥) پانی و (٤٣-٤٤) درێژی و ئاوهەواکەی گەرم و ئاوی ژێرزەوی ناسازە و ناشێت بۆخواردنەوە، بۆیە لەسەرچاوەی زێی گەورە لە پرۆژەی ئاوی (سوڵتان عەبدوڵڵا) و دەمارەشیرینی کەندێناوە لەگوندی (گاوەرە) ئاو بۆ مەخمووردابین کراوە. بۆ ناحیەی قەراجیش لە زێی گەورە لە پرۆژەی ئاوی (حاجی عەلی) ئاو دابینکراوە لەگەڵ پرۆژە ئاوی گوندی (دووانزە هەوار). بۆ دیبەگەش لە پرۆژە ئاوی دیبەگە لە گوندی منارەی دەشتی مرکیە ئاو دابینکراوە. بۆناحیەی گوێڕیش لە زێی گەورە ئاو دابینکراوە.
https://www.hawlergov.org/ ڕۆژی سەردانیکردن ١٠ /٣/ ٢٠٢٥ . (وەرگێر).

ب) گونـده وێرانكراوەكـان تەنیـا ئەو گونـدانەی نەگرتـۆتەوە كە پشـتیوانی شۆڕشـی كـوردن، بەڵكـو گونـدە كوردنشـینەكانی ئەو عەشیرەتانەشـــــی گرتـــــۆتەوە، كە هەر لەســـــەردەمی پاشایەتی تاسەردەمی قاسمی[1]

---

[1] – عەبـــدولكەریم قاســـم: (١٩١٤ – ١٩٦٣) دامەزرێـــنەری كۆمـــاری عێراق، سەرۆک وەزیران، وەزیری بەرگری وفەرماندەی بـاڵای هێزی چەكـدار(١٩٥٨ –١٩٦٣) لە ٢١ ی تشـرینی دووەمـی ١٩١٤ لە گەڕەكـی (مەهـدیە)ی بەری (ڕەسـافە)ی بەغـدا لە دایـک بـووە، مێژوونووسـان كۆكن لەسەر ئەوەی( جاسم محەمەد بەكر ئەلزوبەیدی) باوكی سوننە مەزەب بـــووە ، بەڵام لەمەڕ مەزهەب و ڕەگەزی دایكـــی نـــاكۆكن، هێندێكیان پێیان وایە، دایكی كوردی فەیلییە، ئەمە ڕای حەنا بەتـاتۆیە. (ئەلیعـازربعەیری) لە ســەر ڕای (ئوریـل دان) دەڵێـت دایكـی كـوردە، هەروەهـا دەشـڵێت باوكیشـی توركمـانە. پێچەوانەی ئەمـانەش (مەجید خەدوری) پێیـوایە دایكـی عەرەبـی شـیعە مەزەبە، ئەم بۆچـوونەش (عەقیل ناسری) پشت راستی دەكـاتەوە. عەبدولكەریم چوارەم كوڕی خێزانەكەیـانە كە پێـنج كوڕیـان هەبـوو. لەژێـر بـاری بێدەرامەتی ئەم خێـزانە لە كـاتی داگیركـاری بەریتانییەكـان هـاتوونەتە (سـوێرە) ولێـی دانیشتون. ساڵی ١٩٢١ عەبدولكەریم لە سوێرە چۆتە قوتابخـانە، دوای ئەوەی خێزانەكەیان چۆتەوە بەغدا لە قوتابخـانەی مەئمـوونییە لە بەغـدا سـەرەتایی تەواوكـردووە سـاڵی ١٩٢٦، سـاڵی دواتـر چۆتە سـانەویەی مەركەزی كوڕان وساڵی ١٩٣١ لێی دەچووە.

لە ٢٢ ی تشـرینی دووەمـی ١٩٣١ بە مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی لە قوتابخـــانەی شـــامیەی ســـەرەتایی لە دیـــوانیە دامەزراوە، بەڵام دوای مـاوەی كەمتـر لە سـاڵێک دەسـتی لە كـارەكەی كێشـاوەتەوە و چـۆتە كـۆلیژی ســەربازی(١٩٣٢ – ١٩٣٤) دوای تەواوكردنـی مـاوەی پێـنج سـاڵان بە پـلەی ملازمـی دوو لە ژمـارەیەک لە یەكە سـەربازییەكانی

و عارفی[1] و عەفلەقی[2] سەر بە حوکمی عێراق بووین.

ت) وێرانکردنی گوندەکان بە شەڕی ئیران و عێراق یان بەهۆی بەشـداری کـورد لەگەڵ ئیـران لە شـەڕی دژ بە حـوکمی عەفلەقی دەستی پێنەکرد، بەڵکوو بەعسییەکان دوای گرتنە

---

جیاجیـای نـاو عێـراق خزمەتـی کـردووە. دوای ئەوە چـۆتە کـۆلیژی ئەرکـان(١٩٤٠ – ١٩٤١) کە تەواویشـی کـرد لەژێـر ئـومرەی عەقیـد محیەدین مەحمـوود، کە کـاریگەری زۆری بەسـەریەوە هەبـوو کـاری کـردووە. سـاڵانی (١٩٤٨ – ١٩٤٩) بەشـداری لەشـەڕی فەلەسـتیندا کردووە. بەشداری چەندین شـەڕی تری کردووە. ساڵی ١٩٥٦ چووە ڕیـزی ئەفسـەرانی ئـازادیخواز، لە کـاتی کودەتـای ١٤ ی تەممـووز فەرماندەی لیوای پیادەی نۆزدەهەم بوو لە فرقەی سێیەم، بە پلەی زەعیم روکن. کاتێ کۆتایی بە دەستەڵاتی مەلەکیەت هێنا لە عێراق و کۆمـاری ڕاگەیانـد، سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیرانـی کـرد و وەزارەتی بەرگریشی بۆخۆی دانا. بەڵام هەرزوو ململانێ و ناکوکی لەنێـوان ئەو و عەبدولسـەلامی هـاوڕێی و نەتەوەییەکـان وکۆمۆنیسـتەکان دروست بـوو، چەنـد جارێـک هەوڵیانـدا کودەتـای بەسـەردا بـکەن، سـەرەنجام لە ٨ ی شـوباتی ١٩٦٣ بەعسـییەکان و ئەفسـەرە نەتەوەییەکـان کودەتایـان بەسـەر داکـرد و ڕۆژی ٩ ی شوباتی ١٩٦٣ بەبێ دادگایی کردنی گولله بارانیان کرد لە ئاپارتمانی ئێـزگەدا. (د . حسـن لطیـف الزبیـدي، موسـوعة السیاسـة العراقیـة، ط الثانیة، العراق – النجف ٢٠١٢، لا ٣٩٦ - ٣٩٧ – )٣٩٨.(وەرگێر).

[1] -مەبەسـت سـەردەمی هەردووبـرا عەبدولسـەلام عـارف وعەبدولڕەحمان عارفە.(وەرگێر)

[2] -مەبەست ئەو ڕێباز و بۆچوونەیە، کە میشیل عەفلەق دایمەزراند و بەعسییەکان پەیڕەویان لێدەکرد. (وەرگێر).

دەستی دەسەڵات لەساڵی ١٩٦٣ دەستیان پێکرد و لە ساڵی ١٩٧٤ەوە دەستیان پێکردەوە تا لەساڵی ١٩٨٩، دوای تەواوبوونی شەڕی ئیران و عێراق، کۆتاییان پێهێنا.

پ- کوشتنی بە کۆمەڵی کورد تەنها کوشتنی تێکۆشەرانی کورد، کە دژی دەسەڵاتن نییە، بەڵکوو کوردە موالییەکان، سەربازانی ناوڕیزەکانی هێزە بەکرێگیراوەکانیش دەگرێتەوە و ئەم کۆمەڵکوژییە دەستە جەمعییە بە دادگایکردن، تەنانەت دادگایی سەربازی یان بیابانیش ئەنجام نادرێت، بەڵکوو بەو فەرمانە شەخسییەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری عێراق دەریدەکات، جێبەجێ دەکرێت.

چوار: ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوەی بە کۆمەڵ، بە زۆرنیشتەجێکردنی سەدان هەزار ئاوارە، دوورخراوی کورد لە ماڵ، گوند و شارەکانیان، کە شارە بچوکە کوردییەکان ٩ قەزا و١٥ ناحیەی تێپەڕاندووە واتە زیاتر لە ٢٤ شاری بچووک.

پێنج: بێبەشکردنی مرۆڤی کورد لە هەموو جۆرە مافێکی مرۆیی، کە لە لیستی نێو دەوڵەتیی مافی مرۆڤدا هاتووە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە واژۆکراوە، مەترسییەکە مافەکانی مرۆڤی تێپەڕاندووە، هەڕەشە لەخودی مرۆڤی کورد دەکات.

**هەڵسەنگاندنی پێشەکی**

بێگومـان هەڵسـەنگاندنی بابەتیـانە بـۆ پێشـەکیەکەی دکتـۆر جەمـال ئەتاسـی بـۆ کتێبی هـاوڕێی هەردوولامـان مـوقەدەم مـونزر ئەلموسڵی ( عەرەب و کورد تێڕوانینێکی عەرەبیـانە بـۆ کێشـەی کـورد) پێویسـتە سـەرەتا لەلایەنە ئەرێنییەکـانی بـدوێین( کەتیایـدا کۆکین لەگەڵیدا) ئەولایەنـانەش، کە پێمـان وایە نەرێنین و دواتر لە گەڵیدا ناکۆکین، ئەمەش بێگومان لە ڕوانگەی خۆمانەوە قسەیان لەسەربکەین.

١- لە خســـتنە ڕووی کێشـــەی کـــورددا، دکتـــۆر لە ڕووداوەکـانەوە دەسـت پێـدەکات و ڕاسـتییەکانیانی لێـوە دەردەخـات، لەگەل دانەردا مێژوومـان بیـر دەخـاتەوە کاتێک دەڵێت: ئەم نەتەوەیە ڕەچەڵەکیـان دەچێتەوە سـەر ئەو گەلە شـــاخاوییە دێـــرینە ئـــازا و جەنگـــاوەرەی، کە لە بەر ئەم خەسڵەتانەیان ناویـان لێنراوە کورد، کە لە ڕەوتـی پێکهـاتنە مێژووییەکەیـــان بنەماکـــانی کـــۆمەڵێکی لێکهەڵپێکـــراو و پێکهێنەرەکـانی گەلێـک هەڵـدەگرن کە مـافی ئەوەی هەبـێ بنەماکـــانی هەبـــوونی نەتەوەیـــی خـــۆی وەکـــو میللەتێـــک تەواوبکات و قەوارەیەکی سەربەخۆ و نیشـتمانێکی هەبێت . دەکـرێ و تەنـانەت ڕەوایە قەوارەیەکـی نەتەوەیـی بـۆ ئەم گەلە دابمەزرێـت وەک گەل و نەتەوەکـانی تر..گەلێـک هەیە دەیان ساڵە لە ژمـارەیەک لە وڵاتـانی جیهانـدا بە پێداگری و ویسـت و هەوڵ و قوربـانی زۆرەوە تێدەکۆشـیت بـۆ ئەوەی

دان بە هەبوونی نەتەوەیی بنرێت و بێ کەم و کوڕی بگات بە هەموو مافەکانی[1]

دکتۆرجەمال بەم هاودەمییەی نووسەر رازی نییە، بەڵکوو لەڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە بۆی دەچێ. (هەرچەندە دواترجیاوازی کەوتۆتە نێوانیان چونکە ئەوان بەعسی بوون، نووسەر لە سەر ئەوە مایەوە دڵی بۆ بەعسیبوونە ڕەسەنەکەی خۆی لێبدات کەچی دکتۆر لەناو بەعس دەرچوو و بوو بە یەکێک لە ناسرییەکان، کە هێشتا شانازی بە ناسریەتی[2]خۆیانەوە دەکەن و ڕوانگەیەکی

[1] -عرب واكراد رؤيه عربية للقضية الكردية ص١٦.

[2] – ناسریەت: ئاماژە بە ڕێبازە حکومەتییەکانی جەمال عەبدولناسر، سەرۆک کۆماری پێشووی میسر دەکا. ناسریەت لایەنی جیاوازی هەن. بەلای دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە ناسریەت بریتییە لە ڕێبازێکی دژە چەوسانەوەی ڕادیکاڵ، شۆڕشێکی داگیرکارانە لە جیهانی عەرەب و ئەفریقیا و هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی عەرەبیە. بە لای هێزە کۆنەپەرستەکانی وڵاتە عەرەبیەکان، ناسریەت پیلانێکە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە عەرەبەکان و بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی سۆسیالستی یان کۆمۆنیستی. بەلای هێزە عەرەبە شۆڕشگێڕەکان، ناسریەت سەرچاوەی هیوایە، چوونکە ئەم هێزانە لەسەر ئەوەکۆکن کە ئەم ڕێبازە یەکێک لەو ڕێبازە دەگمەنانەیە کە ڕەسەنایەتیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە و لە هەندێک بواردا سەرچاوەی سەرلێشیواویشە، چوونکە پێیان وایە وەڵامی بەجێ بە داواکاریەکانیان ناداتەوە. لە بەرامبەردا، نەیارانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کە لە ساڵی ١٩٥٢دا، ڕێکخراوێکی سیاسیی بەناوی کۆمیتەی ئەفسەرە ئازادەکان دەسەڵاتی گرتە دەست نەک سوپا. ئامانجی سەرەتایی ئەم

پێشــکەوتنخوازانە و بێلایەنانەیــان لەســەری هەیە. (بــۆیە دەبینــین ئەم شــتانە دەربــارەی هــاوڕێکەی دەڵێــت): کێشــە سەرەکییەکەی کێشـەی نەتەوەی عەرەب و پابەند بوونە بە پرۆژەیەک بۆ ڕزگاری و بنیاتنانی یەکڕیزی و پێشکەوتنی گەلی عەرەب و لەم ڕوانگەیەوەش دێتە سەر کێشـەی کورد و نەتەوەی کـورد وەک مـافێکی سروشـتی و مرۆیـی. وەک ڕاســتییەکی مێژوویــی بــۆ گەلێکــی چەوســاوە و پــارچە پـارچەکراو، کە ئەو دابەش بـوون و دواکەوتـوییەی هێشـتا بەرۆکــی بەرنەداوە ببێتەغەمــی نووســەر و تەنــانەت ئەو کێشەیەی پابەندە پێیەوە، کە هیچ ململانێ و بەریەککەوتنێک لەنێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورددا نەبێتە ئـارا و کوشتار و ناخۆشی  لەنێوان گەلی عەرەب و گەلی کورددا

---

کـۆمیتەیەش بریتـی بـوو لە دامەزرانـدنی حکـومەتێکی جەمـاوەری لە شـێوەی کۆمـاری بە کەڵـک وەرگـرتن لە هێـزی شۆڕشـگێڕانە و لە هەمان حاڵدا سڕینەوەی دەسـەڵاتی ئابووری، سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەرەبەگەکـان و وەدەرنـانی بەریتانیەکـان لە خـاکی میسـر ئامـانجی دوایــی ئەم کــۆمیتە بــوو. ئەم دوو بەڵــگە ئەو ڕەوتە دەردەخەن کە ناســریەت لە قۆنــاغی کــردەوە هەتــا قۆنــاغی ئایـدیۆلۆژی پێیانـدا تێپەڕیـووە. (فەرهەنگـی سیاسـی ئـارەش، وەرگێرانـی لە فارسـییەوە: زاهیر محەمەدی، یاسین حـاجی زادە، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٧١٩) .(وەرگێڕ).

بەرپـا نەبێـت، هەروەهـا پـرۆژەی ڕزگـاری و یەکڕیـزی عەرەبی لە هـیچ شـوێن و قۆناغێکدا لەگەڵ پـرۆژەی کـورد ناکۆک نەبێ، کە گەلی کورد نیشتمان و قەوارەیەکی هەبێت. بەم شێوەیە نووسەر لە کتێبەکەیدا لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ جەختکـردنەوە لەسەربەیەکگەیشـتنی عەرەب و کـورد، ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئایینی و کلتوورییانەی، کەلە نێوان ئەم دووگەلەدا هەن بەردەوام دەبێت[1].

٢-دوای ئەوەی دکتـۆر بە شـێوەیەکی سـەرپێی باسـی ئەم پێکەوە هەڵکردنە دەکات، کە مێـژووی ئیسـلام لەنێوان ئەم دوو گەلەدا هاوبەشـــە و هەریەکەیـــان زۆربەی بنەمـــا و بیروبـــــاوەڕ و بەهـــــا ئەخلاقـــــی و کلتـــــووری و ئایـدیۆلۆژییەکانییانی لـێ وەردەگـرن، دەمانبـاتە نـاو ئەو خەباتە هاوبەشەی لە دژی ئەو داگیرکەرانە دەیانکرد، کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاواوە دەهـــاتن و بـــۆ ئەوشـــوێنەی بە سیسـتەمی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناوزەدکرا، بـۆئەوەی نیشـانی بـدات، ( ئەگەرئەو سیسـتەمە لەو پەرتەوازەیـی و دابەشـــــبوونەوە ســـــەرچاوەی گرتبـــێ کە ڕژێمـــــی کۆلۆنیـالیزمی[2] داگیـرکەر دایمەزرانـد، دواترکۆلۆنیـالیزمی

---

[1] -نفس المصدر ص١٦.

[2] - کۆلۆنیـالیزم، ئیسـتعمار: بە سیاسـەتی دەوڵەتە ئیمپریالیسـتەکان دەڵێن، کە ئامـانجی چەوسـاندنەوە و سـوود وەرگرتن بێت لە خەڵکی وڵاتـانیتر، خەڵکـی ئەو وڵاتـانەی کە لە بـواری ئابووریـدا هێشـتا گەشــــەیان نەکـــردووە و بە دواکەوتـــوویی مـــاونەتەوە، دەوڵەتە

نـویێ بە شـێوەی ئیمپریالیسـتییە سـەرمایەداریەکەی خـۆی جەختـی لێکـردەوە، ئەوا سـنووری جیاکـاری و بەربەسـتی هەرێمـایەتی لەنێـوان گەلانـی وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی عەرەبـی دامەزراند، سەرباریش قەوارەی زایۆنی وەک کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێی فراوانخواز بۆ زیاد کرد، ئەم سیستەمە خاک و نیشـتمانی بـۆ کـورد نەهـێلایەوە و گەلەکەی پەرتەوازەکـرد هەروەک ئەو خـاکەی، کە کـورد لە ئـامێزی دۆل و شـاخ و دەریـاچە و ڕووبارەکـانی دەژیـان لە نێـوان چەنـد وڵاتێکـی نەتەوە جیاواز دابەشکرد. ئەگەر (هاوپەیمانە) ڕۆژئاواییەکان بەڵێنیان بە نیشتمانپەروەرانی کورد دابوایە کە پشتگیری لە دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیان دەکەن لە بـاکوری کوردسـتان  لە سـەر داروپەردووی میراتـی ئیمپڕاتـۆریەتی عوسمانی، کە لەجەنگدا شکستی هێنا بوو وەک لە پەیمانی سـیڤەری[1] لەسـالّی ١٩٢٠داهـاتووە، ئەوا هەرزوو لە

ئیمپریالیسـتەکان بـۆ مەحکەمکردنـی شـیرازەی حـوکم و دەسـەڵاتی خۆیان ڕێگە لە گەشەکردنی ئابووری، هونەری، فەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەگـرن. (فەرهەنگـی نـوێ، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە، بورهـان قـانع، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، لا، ١١). (وەرگێڕ).

١ – سـیڤەر: پەیماننـامەیەکی نێودەوڵەتی نێوان تورکیـا وهاوپەیمانـانی جەنگـی یەکەمـی جیهـانییە. لە ١٠ / ٨ / ١٩٢٠دا لەشـاری سـیڤیرەی فەرەنسـا ئیمـزا کـرا، کۆتـایی بە بـارودۆخی جەنگـی یەکەم هێنـا. گرنگترین خاڵەکانی ئەم پەیماننامەیە:

پەیماننـــامەی لـــۆزان [1] لە ســـاڵی ١٩٢٣دا، بـــۆ ڕازیکردنـــی دەوڵەتـــی ئەتـــاتورکی تـــورک و ڕاکێشـــانی بـــۆ نـــاو هاوپەیمانییەتی ڕۆژئاوایی، ئەو بەڵێنەیان سڕییەوە.

---

(١)ســنوری ئەوروپــای تورکیــا، تەنهــا بریتــی دەبێــت لە ویلایەتــی (قســطنطنیة) واتە ئەســتەمبول. (٢)یۆنــان دەســت دەگرێــت بەســەر تراکیادا تا هێڵی(شطلجة) بەڵام لەو هێڵەوە بۆ خۆرهەڵات لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی سەرپەرشتی دەکات. (٣)تەنکاوەکانی (مضیق) دەردەنیل و بسفۆر و دەریای مەڕمەڕ و دوورگەکانی دەوروبەری دەخرێنە ژێر چاودێری لیژنەیەکی نێو دەوڵەتییەوە. (٤)بەندەری ئیزمیر لە ژێر دەستی لیژنەیەکی نێودەوڵەتیدا دەبێت، بەڵام شاری ئیزمیر و دەوروبەرەکەی دەخرێتە ژێر دەستی یۆنانەوە، بەشێوەیەکی کاتی، تاکو ڕاپرسیێکی لە بارەی دوارۆژیەوە پاش پێنج ساڵ دەکرێت. (٥)دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمینیا دادەمەزرێنرێت. (٦)کوردستان بۆ ماوەی دووساڵ ئۆتۆنۆمی دەدرێتێ. (٧)هەرێمی سوریا و هەرێمە عەرەبیەکانیتر، لە تورکیا جیا دەکرێنەوە. جگە لەم خاڵانە گەلێک خاڵیتری تێدا هاتووە، لە بارەی ژمارەی سوپا و پارێزگاری کەمەنەتەوەکان، هەندێ ئالوگۆڕی ئابووری و دارایی‌تر. بەڵام حکومەتی تازەی تورکیا، کە کەمال ئەتاتورک دەسەڵاتداری بوو، ڕازی نەبوو بەم پەیماننامەیە. بە گوێرەی پەیماننامەی (لۆزان ١٩٢٣) و (منتر ١٩٣٦)، پەیماننامەی سیڤەر پوچەڵ کرایەوە. (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٦٣٣ – ٦٣٤ ). (وەرگێڕ).

[1] – پەیمانی لۆزان: پەیماننامەیەکی ئاشتییە، لەشاری لۆزان، سویسرا لە ٢٤ ی تەممووزی ١٩٢٣دا واژۆ کراوە، بەفەرمی کۆتایی بەو ململانێیە هێناوە کە سەرەتا لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و

بەم شێوەیە دەبینین دکتۆر ڕوونی دەکاتەوە کە گەلی کورد وەک گەلی عەرەبی برایان بوونەتە قوربانی ئەم سیستەمە پەرتەوازەیـــیەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت لە هەژمـــوونی ئیمپریالستی بەسەر ناوچەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە (ئەم ڕژێـمە گرتـویەتییە خـۆی و ئەوەی لە پێکهـاتە و پشـتیوانی یەک لە دوای یەکـی بەرژەوەنـدی و هاوسـەنگی نێودەوڵەتی و هێزە دەرەکییەکانـدا تـێکەڵ دەبێت و لەگەڵ هەمـــوو نـــاکۆکی نـــاوخۆیی و قەوارە دەســـتکردەکان و بەرژەوەنـدییە ئیقلیمـی ودەسـتەییەکاندا، کەهەڵیگرتـووە و پەیوەستە پێیانەوە). دکتۆر بەردەوام دەبێت و دەڵێت، کە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی عەرەبـی خەریـک بـوو یـا نەیتـوانی ئەم ڕژێـمە لەسـەروبەندیی شـەپۆڵی ڕاپەڕیـنە جەمـاوەرییە زۆرەکەیـدا لە قۆنـاغی ناسـرییەتدا تێپەڕێنێت،

---

کۆمـاری فەڕەنسـی هاوپەیمـان و بەریتانیـا و شانشـینی ئیتالیـا و ئیمپراتـۆریەتی ژاپـۆن و شانشـینی یونـان و شانشـینی یوگسـلافیا و شانشینی ڕۆمانیا لە سەرەتای جەنگی جیهانییەوە هەبووە. پەیمانەکە دەرەنجـامی هەوڵـی دووەمـی ئاشـتی بـوو دوای پەیماننـامەی شکستخواردوو و پەسند نەکراوی سیڤەر کە ئامـانجی دابەشکردنی خاکەکـانی عوسـمانی بـوو. پەیمـانی لـۆزان زەبرێکـی کـاریگەری لە بابەتی کورد و کێشە ڕەواکەی دا و نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر بێتەدی.(وەرگێڕ).

کەئەویش بەداخی زۆرەوە درێژەی نەکێشا، پاشان دەگاتە ئەو دەرەنجامە دروستەی خوارەوە:

پرۆژەی نەتەوەیی کورد و توانای چوونی بۆ ناو ئەو سیستەمە پەرتەوازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەو هەموو بارە نوێیانە لەو ململانێ و شکستانەی تێکەڵی بووینە وا دەردەکەوێ، کە کۆسپ و تەگەرەی گەورە و هەندێ پرسی ئاڵۆزتری لەبەردەم دایە.

کەواتە هەردوو گەلی عەرەب و گەلی کوردی برای ڕووبەڕووی ئەم ڕژێمە دەبنەوە، هەرچەندە توانایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەش جیاواز بێت، بەو جۆرەی دکتۆر جەمال گوزارشتی لێدەکات، کە بە ڕوونی دان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دادەنێت بەو پێیەی سەرەتایترین مافیەتی، دەبینین دەڵێت: ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەم بۆ ئەوەی دووپاتی بکەمەوە، کە وریابوونەوەی کێشەی نەتەوەیی عەرەب پێشینەترە و پێکهاتەکانی لە کات و شوێندا زیاتر چەسپیوون و لە قۆناغەکانی گەشەسەندنییدا لە ئابووری و کەلتووری وسیاسییدا پێگەیشتووترن، ئەمە بەواتای کەمکردنەوەی هیچ کام لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردنییە، لە مانەش سەرەتاییترین ماف، کە مافی چارەی خۆنووسینە ومافی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانەیە لەسەر خاکەکەی، کەلە دێر زەمانەوە چەندەها پشت ژیانیان لەسەرکردووە، هەروەها قەوارە و نیشتمانێکی هەبێت. کورد گەلێکە بە مکوڕی

خەبات دەكات بۆ بوونی نەتەوەیی و نیشتمانێكی هەبێت، سەرچاوە مێژووییەكان پێمان دەڵێن شۆڕشەكانی ئەم گەلە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە گەیشتۆتە لوتكە[1]

لێرەدا منیش دەمەوێ شانبەشانی هەردووبرا، ئەتاسی و ئەلموسلی بوەستم بۆ بەراوردكردنی هەڵوێستی نەتەوەییان لەسەر بنەمای دانپێدانان بەو ڕاستییانەی لە مێژوو هەڵێنجدراون، لەگەڵ هەڵوێستی بەعسییە عەفلەقیەكان، كە نكۆڵی لە بوونی نەتەوەی كورد دەكەن لەسەر خاكەكەی، كە لەدێر زەمانەوە چەندان وەچەی زۆر و زەوەند لەسەری ژیاون، وەك لەبڕیاری كۆنگرەی نەتەوەیی یازدەیەمینی بەعسی عەفلەقی ئەمەی خوارەوە هاتووە:

(...لەهەمان كاتدا هەڵەیە كە بەنەتەوەی جیاواز لە نەتەوەی عەرەب لە هەمان ئاستی فارس و هیندی یان نەتەوەكانیتر سەیریان بكەین. ئەو نەتەوانەی كەخاوەن زمان و تایبەتمەندی جیاوازن لە زمان و تایبەتمەندی عەرەبی و ماوەیەكی زۆرە لەنیشتمانیی عەرەبیدا ژیاون وەك نەتەوەی كورد، كە بە خزمایەتی قووڵی ڕەگئاژۆ، بەنەتەوەی عەرەبەوە بەستراونەتەوە.. لە بنەڕەتدا هەر لە پەیدابوونییەوە بە درێژایی ئەم ماوەیەش لەسەر ئەم خاكە ژیاوە، كە لە مێژوودا بە نیشتمانیی عەرەب ناسراوە،

---

[1] -نفس المصدر ص١٨ -١٩.

سەرەڕای جیاوازی ناوبردنی لە ناو بەشەکانیدا و جیاوازی ناوی ئەم دەوڵەتانەی لەسەری بووە. ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە ئەو خاکەی ئەو نەتەوانەی لەسەر دەژین بەشێک بووە لەو دەوڵەتە عەرەبییەی کە هەزاران ساڵە پەیدابووە، کە دواهەمینیان دەوڵەتی گەورەی عەباسییەکان بوو. ئەم خاکەش – لە هەمانکاتدا – نیشتمانی ئەم نەتەوانە بووە. بەرمەبنای ئەمەش ناسنامەی عەرەبی ئەو خاکەی ئەم نەتەوانەی لەسەر دەژین لە ڕێگەی چەوساندنەوە و داگیرکردن و بێبەشکردنەوە نەهاتووە، بەڵکوو لەئەنجامی ئەو واقعە مێژووییەی هەزاران ساڵ درێژەی کێشاوە هاتووە و بە درێژایی ئەو سەردەمە مێژووییە دوور و درێژە هیچ مشتومڕ و ناکۆکییەک لەو بارەیەوە نەبووە). [1]

بەڵێ عەفلەقییەکان بەم شێوەیە ساختەکاری لە مێژوودا دەکەن بێ ئەوەی ویژدان یاخۆ لۆژیک وەیان ڕێزگرتنی مێژوو بیانسڵەمێنێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ مشتومڕ و ناکۆکیەک نییە (تەنانەت لەلایەن ئەو کوردانەش کەخاوەنی خاکەکەن) لەسەر شوناسی عەرەبییانەی خاکی کورد، کە کورد هەزاران ساڵە بەتەنیا خۆی لەسەری ژیاوە وەک لە مێژوو و تەنانەت جوگرافیا سەلمێندراوە، هەردوو برا، دکتۆر و نووسەریش بەیەکەوە دانیپیادەنێن.

---

[1] -كراس – مسألة الاقليات القومية في الوطن العربي – المؤتمر الحادي عشر، دار الثورة، بغداد / العراق، ص٧-٨.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە مرۆڤ دووچاری سەرسامی و واق وڕمان دەبێتەوە بەرامبەر زاتکردنی عەفلەقییەکان لە دەستکاریکردن بە وشە و لۆژیک و مێژوو، هەروەها لە تەعریبکردنی خاکی کوردستان بە نوکە قەڵەمێک، کاتێک مرۆڤ گوێی لەقسەی عەفلەقییەکان دەبێت کە دەڵێن خزمایەتی قووڵ و ڕەگئاژۆ، کورد بە عەرەب دەبەستێتەوە پێشبنینی ئەو دەرەنجامە لۆژیکییەی پەیوەندی خزمایەتییە دەکرێ، کە بریتییە لە ڕێزگرتنی مافەکانی گەلی کورد بەلانی کەمەوەش بوونی لەسەرخاکی کوردستانی نیشتمانییدا و دواتر داننان بە مافەکانی وەک هەموو گەلانی دیکەی دنیا. بەڵام دیارە پەندە عەرەبییەکەی دەڵێت ( لە عیشقییەوەیە دەیکوژێ) لە لایەن عەفلەقییەکان بەرانبەر کورد پەیڕەو دەکرێت بە کوشتن و قڕکردنیان، لە ئامادەکاریدا بۆ بەعەرەبکردنی کوردستانەکەیان. لە جێبەجێکردنی ئەو حیکمەتە عەفلەقییەی دەڵێت، پێکەوە ژیانی کورد و گەلانی تری موسڵمان لەگەڵ عەرەب لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی عەبباسیدا هۆکارێکی سەرەکییە کە خاکی نیشتمانەکەیان بە عەرەبی بناسرێت و خاوەن ناسنامەیەکی عەرەبی پەتی بێت.

بێگومان ئەم تیۆرە عەفلەقییەی تا سەر ئێسقان شۆڤینییە،[1] بەمانای ئەوەدێت کە تورک و کورد و ئازەر و فارس و

---

[1] – شۆڤینیەت: یاریکردن بە نەتەوە، یاریکردن بە نیشتمان، زیادە ڕەوی، درۆ و دەڵەسەی کوێرانە لە بواری نیشتمانپەروەریەتییدا.

پاکستانی و گەلانی موسڵمانی کۆمارەکانی شۆرەوی لەسەر خاکی نیشتمانیی عەرەبدا دەژین و ناسنامەی عەرەبیانەی خاکی نیشتمانییان هیچ مشتومڕ و ناکۆکیەک دەربارەیان نییە (چونکە زادەی درێژبوونەوەی واقیعی مێژوویی هەزاران ساڵەن)، هەروەها ئەم هەزارانەی ئێرەش زیادەڕۆیی و دروستکراوی چەواشەکارییانەی عەفلەقییەکانە، چونکە بەیەکەوە ژیانی کورد و گەلانیتری موسڵمان لەگەڵ عەرەب لە هەزار و سێسەدساڵ تێناپەڕێ، کە نیوەی زیاتری ئەم ماوەیەش لەگەڵ ئەوان بەیەکەوە لەژێرحوکمڕانی تورک دابووین. جا مامۆستای نووسەر – تەنانەت کە سۆزداری بۆ بەعسی کلاسیکە- چۆنچۆنی ڕاڤەی ئەم بانگەشە عەفلەقیانەییە دەکات؟!.

٣- دکتۆر ئەتاسی لە پەرۆشی زۆریدا بۆ پرسەکە وەک پرۆژە و چەمک لێرەدا لە یەک کات دووپرسیاری گرنگی بەیەکەوە بەستراو و دژبەیەک دەخاتە ڕوو تەنانەت تەواوکەری یەک و بەیەکەوە لکاون ئەگەر وەڵامەکانییان بە پێی پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و ئیسلامی و دیموکراسی

---

(فەرهەنگی نوێ، وەرگێرانی لە فارسییەوە، بورهان قانع، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، لا، ١١٧). (وەرگێڕ).

ڕاستبن یان جیاواز و دژبەیەکبن ئەگەر وەڵامەکان کەم و کوڕییان تێدابێت یان لەو پێوەرانە لابدەن، کە بریتین لە:
یەکەم: چۆن پرۆژەی یەکێتی خوازانەی عەرەبی دەتوانێ پێشبکەوێت و بەسەر سوریادا بڵاوبێتەوە و بگات بەعێراق [illegible] نجە نێشتمانییانەی کورد بەریەک بکەوێ یان بەربەست بخاتە سەر ڕێی لە کاتێکدا خاکی نیشتمانیی و مرۆڤی هاوڵاتی تێکەڵ دەبن و بەرژەوەندییە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان لە ململانێدان، ئایدیۆلۆژیاکان و هێزەکان بە یەکەوە دەئاڵێن، هاوپەیمانی نەتەوەیی و نا نەتەوەیی دروست دەبن، هەروەها ململانێی سیستەم و هێزە حزبیەکانیش بە ئاڕاستەیەکدا توندتر دەبن و دەمارگیرییەک، کە هی قۆناغەکانی پێش نەتەوەیی بوون و لە خوار نیشتمانپەروەریشەوەیە دەخوڵقێن، کە لەوانەیە بەرەنگاریان ببێتەوە ئامانج و یەکڕیزیان پەرتەوازە بکات.
دووەم: چۆن پرۆژەی نەتەوەیی کورد ئەگەر ڕەهەندەکانیمان پێدا وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانیی و یەکڕیزی گەل و خاک دەتوانێ لەگەڵ ئامانج و ئاواتەکانی عەرەب بۆ ڕزگاری و یەکڕیزی لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجەی ئێستا بەسەرناوچەکەدا سەپاوە بەیەک بگات و هاوکار بێت.[1]
دکتۆر ئەتاسی پرسیارەکانی ڕاستن و دەتوانین لێیان تێبگەین، چونکە مەسەلەیەکی بنەڕەتی و هەستیار دەخاتە

[1] -عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص١٩.

ڕووو، کە چارەنووسی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برای بەندە بە چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی دروست. بەتایبەتی کە تێبینی ئەوە دەکات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ نووسەر بین و جەخت لەسەر خزمایەتی و برایەتی و پەیوەندی ئاینی و مێژوویی بکەینەوە، ئاخۆ هەموو ئەمانە ڕێگریان لە هەڵگیرسانی ئەم ململانێ خوێناوییە کردووە کە لەسەر خاکی عێراقی عەرەبی و دەوروبەری درێژەی کێشاوە و دووبارە دەبێتەوە؟ بێگومان بێئەوەی سەرکەوتوو بێت لە درێژەدان بە پرسیارەکانی، چونکە پرسیارەکانی دیکەی دژ بە ڕاستی و ڕوداوەکانن، ئایا هەروەها ڕێگری کردووە لە زۆر بزووتنەوە و جووڵە سیاسییە کوردییەکان، کە بێنە بەردەم پڕۆژە و بزووتنەوە یەکێتیخوازەکانی عەرەب؟ سەرباری ئەمە ئەی زۆرانێک ئاماژەیان نەکردووە کە لەمیانەی ئەو فاکتەرانەی وایکرد هەندێ لە حزبە شیوعییە عەرەبییەکان دژایەتی پڕۆژەکانی یەکگرتنی نێوان میسر و سوریا بکەن و دواتر لە نێوان ئەوان و عێراقدا ئەو دەمارگیرییەی کورد، کە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەو حزبانەی ناچار دەکرد وەک هەڵوێستێکی نانەتەوەیی لەسەر مەسەلەی یەکێتیی عەرەب و لەپاڵ ئەو هێزە نەرێنیانەی کە هەل و دەرفەتی گەورەی مێژووییان لەکیس گەلەکەمان داوە بوەستنەوە؟![١]

[١] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،١٩.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە گرنگەی دکتۆر ئەتاسی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پێمانوایە پێویستە هەندێک ڕاستی بابەتی ڕوون بکەینەوە، کە وەک دەسپێکێک ئاسانکاری بۆ ئەم وەڵامانە دەکەن:

یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلان شانبەشانی مەیلی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی، (لانی کەم وەک کۆرپەڵەیەک) مەیلێکی شۆڤینی و فراوانخوازی بەرامبەر بە گەلانی بچوک یان داگیرکراو، لە دووتوێیدا هەڵدەگرێت، ئەگەر سەرکردەیەکی مەزنی وەک جەواهێر لال نەهرۆ[1]

[1] – جەواهیر لال نەهرۆ: ١٨٨٩ – ١٩٦٤ پێشەوایەکی سیاسیی بەرز و یەکەم سەرۆک وەزیرانی هندستانە. لە خێزانێکی وەجاغزادە لە شاری (ئەڵڵائاباد) لەدایک بووە، هەر لە وێش دەستی بە خوێندن کردووە. لە ١٩٠٥ چۆتە ئینگلتەرە، لە کۆلیژی هارۆ و کۆلیژی ترینتی لەزانکۆی کامبردج زانستی سروشتی خوێندووە، پاشان یاسای لە لەندەن خوێندووە. لە ١٩١٢ گەڕاوەتەوە بۆ هندستان و شوێنی لە دایک بوونی، دەستی بە پارێزەری کردووە، بەڵام کوشتارەکەی (ئەمرستار) ١٩١٩ بیروباوەری گۆڕی ودەستی لە پارێزەری هەڵگرت و کەوتە شوێن بیروباوەڕی (گاندی)، بوو بە ئەندام لە پارتی(کۆنگرە)ی هنددا تێکۆشانێکی بێوچانی لە پێناو یەکێتی هندستان و نەتەوەی هندستاندا کردووە. نۆ ساڵ و بۆ ماوەی جیاجیا زیندانی کراوە، لە زیندانەدا نامەکانی لەبارەی مێژووی جیهانەوە نووسیوە، کەپاشان کرا بە کتێبی(کورتەی مێژووی جیهان). لە ١٩٢٩دا پاش باوکی بوو بە سەرۆکی پارتی کۆنگرە، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ سەربەخۆیی هند، هەرچەندە قوتابی (گاندی) بوو، بەڵام لە هەندێ بیروبۆچووندا جیاوازیان هەبوو، ١٩٤٧هندستانی گەیاندە سەربەخۆیی، خۆشی

سەرسوڕمانی خۆی دەرببڕێت لە گۆڕانی نەتەوەپەروەری لە بـــزووتنەوەیەک لە پێنـــاو ڕزگـــاری نەتەوەوە، بـــۆ بزووتنەوەیەکـی تـالانکردنی ئەوانیتـر کە لە پێنـاو ڕزگـاری گەل و نیشــتمان و ئــازادی و مــافی چــارەی خۆنووســین خەبـــات دەکەن، وەک لەو لێدوانەیـــدا لە ســـــەرگۆڕانی بـزووتنەوەی ڕزگـاری تورکیـای کەمـالی بـۆ بـزووتنەوەی کــۆیلەکردنی کوردســـتان و لە نـــاوبردنی بـــزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەبەر ئەوەی هەمان دروشـم و داخوازیــان هەبــوو، کە کەمالیســتەکان[1] بانگەشــەیان بــۆ دەکـرد. سۆسیالسـتە عەرەبەکـان نـابێ سـەریان سـوڕبمێنێ لەو خەسڵەتە بابەتییەی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتییدا هەیە، کە بۆرژوازییەکــانی بە هــۆی سروشــتی چینایەتییــانەوە، هەڵگــری کــۆرپەڵەیەکی فراوانخــوازی ئیســتعماریانەن بــۆ ئــازادی نەتەوەکەیــان و مــافی مانەوەیــان بە زاڵــی بەســەر نەتەوەکانیتردا لە نێو قەوارە حکومیەکەیاندا.

سۆسیالستەکان[2] دەبێت بزانن،

---

بووبە یەکەم سـەرۆک وەزیرانـی ئەو کۆمـارە. (یاسـین صـابر صـالح، ئینسـایکلۆپیدیای گشـتی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ١٠٨٦). (وەرگێڕ).

[1] – لایەنگرانی مستەفا کەمال، بڕوانە پەراوێزی ئەتاتورک. (وەرگێڕ)

[2] – سۆسیالســـت: سۆســـیالیزم، پەیـــڕەو و ڕژێمێکـــی کـــۆمەڵایەتی ئـابوورییە لە ئەنجـامی ڕووخـانی ڕژێمـی سـەرمایەداری دێتە کـایەوە. سۆسـیالیزم لە وشـەی (سۆسـیال)ی فەڕەنسـیەوە وەرگیـراوە بە مانـا (دەســـتە کــۆمەڵی) ئەم زاراوەیە یەکەمجــار لە ١٨٢٧ بە لایەنگرانــی

که بــــۆرژوازیەتی[1]نەتەوەییـــــان یـــــاخۆ نەتەوەگەریــــیە بورژوازیەکەیــان تەنهــا مــافی چــارەی خۆنووســین بــۆ

---

(ڕۆبرت ئۆین)یان دەوت سۆسیالیزم لە بەر باری سەرنجی مێژوودا، ڕاپەرینێکە دژی تاکە کەسی و لیبرالیزم. خاوەنداریەتی گشتیی ئامێرە بەرهەمهێنەرەکان بناغەکەیەتی. ڕێگا بە خاوەنداریەتی تایبەتی(الملکیة الخاصة) نادات. بەپێی بیروباوەر و ئامانجەکانی ئەم ڕێبازە، چینەکانی کــۆمەڵ لەنــاو یەکتــردا دەتــوێنەوە. بە گشــتیی دژی زۆرداری کۆمەڵایەتییە، لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەک نییە، وەک چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزایەتی. ئازادی و یەکســانی بــۆ هەمــوو خەڵــک دابینــدەکرێت. پەیوەنــدییەکانی بەرهەمهێنــان لەگەڵ خاســیەتی بەرهەمهێنەرەکانــدا، وەکــو یەک هاوشــانن ئەم هاوشــانییەش دەبێــتە هــۆی بنچینەیــی بە خێرایــی گەشەکردن بەردەوامی ئابووری. شۆڕشی پیشەسازی بووە هۆی پەیدابوونی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان چینی کرێکاران و چینەکانیتردا، کەڵەکەبوونی سامان لەلای کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن کارەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا گەلێ بیرمەند پەیدابوون هەریەکە بە جۆرێک و لایەنێکی لە سۆسیالیزم گرتبووە خۆی، لەوانە: (سان سیمون، لویس بــلان، ڕۆبــر ئــۆین، بــرودون، لاســال، فــۆرتیە) لەنــاو ئەو هەمــوو بیرمەنــدانەدا (کــارل مــارکس) بە ڕووی هەموویانــدا تەقیــیەوە و بیروبۆچوونەکانی ئەوانی بە ورێنە و سۆسیالستی ئەندێشەیی، دایە قەڵەم. یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشــی ســەردەم، چــاپی یەکەم، کوردســتان – ســلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٦٢٢). (وەرگێڕ).

[1] – بۆرژوازی: بریتییە لە چینی سەرمایەداران، واتە ئەو کەسانەی کە هــۆیە ســەرەکی و بنچینەییەکــانی بەرهەمهێنانیــان وەکــو: کارخــانە و فــابریقە و بــانق و هۆیەکــانی گواســتنەوە و دابەشــکردن و... بە

گەلەکەی خۆیـــــان پەســــــند دەکەن، نەک بـــــۆئەونەتەوە چەوسـاوانەی تـر کە لەیەک قەوارەدا لەگەڵیـان دەژیـن. هەر ئەمەش بوو نەتەوەخوازانی تـورک و دواتـر نەتەوەخـوازانی عەرەب بەرامبەر بە کـورد ئەنجامیانـدا، کەبرایەتییـان لەگەل دەکـــردن و بەیەکەوە دژ بە ئیمپریـــالیزم[1] وەســـتانەوە و

---

دەستەوەیە و سوود لە کاری خەڵک و ڕەنجی کرێکاران وەردەگرن. لەباری مێژووییەوە بورژوا لە مندالّدانی کۆمەڵگای فیودالّی دەخەملّێ و لە قۆناغی لە ناوچوونی کەلوپەلی وردەواڵەیدا پەیدا دەبێت و گەشـە دەکات. هەروەها لە قۆناغی پەرەسەندنی سـەرەتایی سـەرمایەدار و لە ناوبردنی خـاوەن بەرهەمهێنەرە بچووکەکـان و کردنیـان بە کرێکـاری ڕۆژانە وەکـو چینێـک دەردەکەوێـت. (فەرهەنگـی نـوێ، وەرگێڕانـی لە فارسییەوە، بورهان قانع، چاپی دووەم، سلێمانی ۲۰۰۳، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، لا، ۲۹ – ۳۰). (وەرگێڕ).

[1] – ئیمپریـــالیزم: دیـــاردەیەکی ئـــابووری سیاســـی ســـەربازییە، لە هەوڵـــــدانی دەوڵەتە زلهێزەکـــــانی ســــــەردەم(واتە پیشەســــــازی سەرمایەداری) بۆ داگیرکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر گەلان و وڵاتانیتردا بەرجەستە دەبێ، بەبێ ڕازیبوونی ئەو گەلانە، بە ئامـانجی چەوسـاندنەوە و زەوتکردنـی خێروبێریـان. هەنـدێ جـار ئەم کــردارە بەبـێ بەکارهێنـــانی تونــدوتیژی و چەک و خـــوێن ڕشـــتن نایەتەدی. هەندێ جاریش بەهۆی سیاسـەتی ئابووری، یان پەنـابردنە بەر تیپە مژدەدەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئیمپریـالیزم بـاڵاترین و دوا قۆنـاغی سـەرمایەدارییە، لەکۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم و سـەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدا بـووە. (یاسـین صـابر صـالح، ئینسـایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، چـاپی یەکەم، کوردسـتان – سلێمانی، ۲۰۰۵، لا ۱۷٦ ).(وەرگێڕ).

لەبەدبەختی و نەهامەتی و کارەساتەکان بەشداریان کردن. بەڵام کاتێک لەدەست کۆلۆنیالیزم (لانی کەم ڕاستەوخۆ) ڕزگاردەبن و سەربەخۆیی ( لانی کەم لە ڕووی سیاسییەوە) بەدەست دێت نەتەوەی تورک و نەتەوەی عەرەبیش وەک ئەوبایەخیان پێدا، دواتر بە گاڵتە جاڕییەوە پشتیان لە نەتەوەی کورد کرد و لێی هەڵگەڕانەوە و نکۆڵیان لەمافی ئازادی و چارەنووسی کرد. لە کاتی خەباتی هاوبەشدا بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لەدەست داگیرکەرانی ئەوروپی، کەمالییەکان لەسەر زاری مستەفا کەمال پاشا [1] بەڵێنی بە گەلی کورددا کە ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر و گشتگیرتر لەوەی لەپەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ داهاتووە پێبدات، کاتێکیش سەرکەوتنە سەرەتاییەکانیان بەدەست هێنا، وەزیری بەرگریان لەبەردەم مۆنیۆمێنتی سەربازی نەناسراودا[2] وتارێکی دا و گوتی: بەگومانێکی زۆرەوە ئەم

---

[1] – مستەفا کەمال پاشا(ئەتاتورک): (١٨٨١ – ١٩٣٨) پێشەوا و دامەزرێنەری تورکیای نوێیە. نازناوی ئەتاتورک واتە باوکی تورکان لە ساڵی ١٩٣٤دا بەسەریدا بڕاوە. لەسالونیک لە دایکێکی جوولەکە و باوکێکی یونانی لەدایک بووە. (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٦٧). (وەرگێڕ).

[2] – سەربازی نەناسراو، یان سەربازی گومناو: ئەو سەربازەیە لە جەنگدا شەهید دەکرێت بەبێ ئەوەی کەس بیناسێتەوە و ناوی بزاندرێت. دەبێتە نوێنەری قوربانیانی ئەو جەنگە، لە هەموو پلە و پایەیەکدا دەبێتە هێمایەک بۆ شەهیدانی نیشتمان. بیرۆکەی ئەم

سەربازە کوردە، لەمەدا وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو قوربانییە زۆرانەی لەشەری سەربەخۆییدا کورد بەخشیبووی. بەڵام کاتی ئازادبوون و دانپیانانی وڵاتانی ئەوروپایان بە کۆماری تورکیا بەدەست هێنا، نکۆڵییان لە هەموو بەڵێنەکانیان و بوونی نەتەوەی کورد کرد و مافەکانیانیان خستە ژێر پێ ونوقمی دەریای خوێن و فرمێسکیان کردن، ڕایانگەیاند کە کورد جگە لەو تورکە شاخاوییەی لەسەرخاکی تورکیادا دەژین بەولاوە، هیچیتر نییە.

بەعسییە عەفلەقییەکانی نەتەوەییانی عەرەب، هەر وایان بە ئێمەی کورد کرد لەباشووری کوردستان لە ماوەی خەباتی درێژخایەنی هاوبەش لەگەڵ هێزە نیشتمانیی و نەتەوەییانی عەرەبی لە عێراقدا دوای ئەوەی بە زارەکی دانیاننا بە بوون و مافی  گەلی کورد، گوتیان برایانی کورد ئێوە هەرئەوەندە ئارام بگرن تا عێراق  لە ژێر دەستی ئیستعماری بەریتانی ئازاد دەبێت، ئێمەش وامانکرد و گوێڕایەڵی

---

سەربازی نەناسراوە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سەریهەڵداوە، ئەوکاتەی حکومەتی بەریتانیا تەرمی سەربازێکی نەناسراوی بێناوی لەو گۆڕستانەی فەڕەنسا کە شەهیدانی جەنگی بەریتانیای تێدا نێژرابوو گواستییەوە بۆ لەندەن و لە دێری (ویستمنستەر)دا لە ئارامگای مەزناندا(مقبرة العظماء) نێژرا. (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٥٧٥). (وەرگێڕ).

ئامۆژگارییەکانیان بووین، بەڵام کاتێک ڕزگاربوون لەلایەن هێزە دیموکراسیخوازەکانەوە پێیان گوتین دەبێ چاوەڕێبن تا کۆمار جێگیر دەبێ و دروشمی بەرگری و پاراستنی بەتەواوەتی لەلایەن هێزەکانی نەتەوەیی عەرەب بەدیدێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین تا یەکڕیزی عەرەب بەدیدێت، چونکە هەر ئەو دەتوانێت دان بەمافەکانی گەلی کورد بنێت. ئەمەش ویزەویزێکە وشەکانی تەنانەت لە نووسینەکانی دکتۆر جەمالیشدا دووبارە دەبێتەوە. کاتێک نەتەوەییە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣ بە پشتیوانی کورد و بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخەرانی جووڵانەوەکە بە دانپیانانی خوالێخۆشبوو عەلی سالح ئەلسەعدی[١] برای خودی دکتۆر، پشتیان تێکردین و

---

١ - عەلی ساڵح ئەلسەعدی: ئەندامی هەردوو سەرکردایەتی هەرێمایەتی و نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، ساڵی ١٩٢٨ لەخێزانێکی کورد لەدایک بووە، ئەندام بوو لە حزبی ئیستقلال پاشان چووە ریزی بەعس لە ١٩٥٢ ، ساڵی ١٩٥٤ پلەکەی بەرزکرایەوە لە عێراقدا، دوای تێوەگلانی حزب لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٩ لە تشرینی دووەمی ئەوساڵەدا ڕایکرد وخۆی گەیاندە سوریا. کاتێ بە دەست پێشخەری ئەلسەعدی (ئۆفیسی عێراق) دامەزرێنرا بۆ پالپشتی سەرکردایەتی حزب و بە تایبەت بۆ پشتیوانی حازم جەواد لە عێراقدا، سەرکردایەتی حزب سەرنجیان کەوتە سەر ئەوەی لە نیسانی ١٩٦٠ فرمانی پێبکەن بگەڕێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی بەعس لقی عێراق. توانا و لێهاتوویی لەم بوارەدا یەکجار زۆر و پڕسوودبوو، دووبارە شانەکانی حزبی ڕێکخستەوە وساڵی ١٩٦٢ بەرەی نەتەوایەتی دامەزراند،

لە بەڵێنەکانیان لە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی پاشگەز بوونەوە لە ژێـر ئەو وەهـمەی، کە دەتـوانن شۆڕشـی گەلـی کـورد لەمیانەی چەند هەفتەیەکدا یان لەسـەیرانێکی باکووردا وەک خوالێخوشـبوو فەریـق سـالح مەهـدی عەمـاش[1] گوزارشـتی

---

هەروەهـا بانگهێشـتی ئەوەی کـرد، بەنهێنـی کـۆنگرەی حـزب لە بەغـدا ببەسـتن بـۆ پێکهێنـانی سـەرکردایەتی، ئەوەبـوو ئەو سـەرکردایەتییەی سەرکردایەتی نەتەوەیی داوای گـرتنەبەری ڕێوشـوێنی کودەتـا بەسـەر عەبدولکەریم قاسمی لێکردن، بـۆ ئەم مەبەسـتە مەکتەبی عەسـکەریان پێکهێنا لە شـەش کەس سکرتێرەکەی ئەلسەعدی بـوو، ئەندامەکانیشـی: حـازم جەواد، تالـب شـەبیب، ئەحـمەد حەسـەن ئەلبەکر، سـالح مەهـدی عەمـاش و عەبدولسـەتار عەبـدوللەتیف، بـوون. پـێش کودەتـای ٨ ی شوبات ١٩٦٣ گیرا و دوای کودەتا بـوو بە جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیــری نــاوەخۆ. بەڵام باڵادەســت بــوونی بــاڵی عەســکەرییە بەعســییەکان کــۆنترۆلی ئەلســەعدی لە نــاو بەعســدا لاوازکــرد هەوڵەکانیشـی بـۆ پاراسـتنی پـێگەکەی بەپشـت بەسـتن بە (حەرەسـی قەومی) بۆی نەچووە سەر. لە١٩ ی ئەیلوولی ١٩٧٧ لە لەندەن کۆچی دوایـی کـرد. (د. حسـن لطیـف الزبیـدي، موسـوعة السیاسـة العراقیـة، الطبعة الثانیة،٢٠١٣ منشورات مکتبة مؤمن قریش، لا٤٣٥). (وەرگێڕ).

[1] – سـاڵح مەهـدی عەمـاش: لە ١٩٢٥ لە بەغـدا لە دایـک بـووە، مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٤٥ – ١٩٥٨) لە کـۆلێژی سـەربازی خوێنـدویەتی. پاشـان لە بەشـی هەواڵگـری سـەربازی کـاری کـردووە، سـاڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە. سـاڵی ١٩٥٤ کۆلیژی ئەرکـانی لە بەغـدا خوێنـدووە. سـاڵی ١٩٥٦پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنی ئەفسـەرانی ئازادیخوازەوە کـردووە. دوای ١٤ ی تەمموززی١٩٥٨ دەسـتگیرکراوە. دوای کودیتـای ٨ ی شـوباتی ١٩٦٣ بـووە بە ئەنـدامی سـەرکردایەتی شـۆڕش. سـاڵی ١٩٧١ لە عێـراق دوور دەخـرێتەوە. تـامردنی لە ٣٠ ی

لێدەکرد، لەناوبەرن. ئەوەتا دکتۆر جەمال پێمان دەڵێت، کە پرسیاری لە خوالێخۆشبوو سەعدی کرد ئێوە چیدەکەن بەرامبەر بە کورد و مەسەلەی کورد. ڕوونکردنەوەکەی لەم بارەیەوە بەم شێوەیەبوو: لێتانی ناشارمەوە ئێمە پێش بزووتنەوەکەمان پەیوەندیمان بە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد کرد بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە، کە لەکاتی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکەمان ئارامییان زامن بکەین و پشتیوانی لە شۆڕشەکەمان بکەن، ئێمە بەڵێنمان پێدان خواستەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی بەدیبهێنین وسوورین لەسەر بەدیهێنانی هەندێک لە داواکانییان ئەگەر قبوڵیانکرد ئەوە باشە ئەگینا ئۆباڵەکە بە ئەستۆی خۆیانە، چونکە ئێمە کاروبارەکانی خۆمان ڕێکخستووە بۆ ئەوەی بتوانین یاخیبوونەکەیان بنبڕبکەین و لە ماوەی دووسێ هەفتەدا کۆتایی پێبهێنین.[1]

با دکتۆری برا ڕێگەم بدا پاشماوەی ئەم بابەتەی بۆ تەواو بکەم بەوپێیەی ئەوسا سەرۆکی نێردەی کورد بووم کە لە

---

کانوونی دووەمی ١٩٨٥ لە فینلەندا دەمینێتەوە. (جەلال تاڵەبانی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوو، دیداری: غەسان شربل، وەرگێڕانی، شاناز هیرانی پێشەکی وبەدواداچوون و پەراوێزدانانی، پ.د. ئەحمەد حەمەدەمین، هەولێر-٢٠٢٣، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زنجیرەی ژمارە (١٢)، چاپی یەکەم، لا، ١٦٧). (وەرگێڕ)

[1] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،٣٠.

لایەن خوالیخۆشبوو ژەنەڕال بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی و پاشان کۆنگرەی گەل کە لە کۆیێ لە ئازاری ١٩٦٣ بەڕێوەچوو سەرپشک کرابووم .

کاتێک چەند ڕۆژێک دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان لە ٨ ی شوبات گەیشتینە بەغدا، ئەو بەڵێنانەی پێیاندابووین و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵیان کردبووین بیرمان هێنانەوە، بەڵێن و ڕێککەوتنەکەیان بە زارەکی سەلماندەوە، بەڵام بیانویان ئەوەبوو کە لە دانپیانی ئۆتۆنۆمی بۆمان لە خوالیخۆشبوو سەرۆک جەمال عەبدولناسر[1] دەترسن، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین بەیەکەوە بچینە قاهیرە و جەزائیر بۆ وەرگرتنی ڕای هەردوو سەرۆک ناسر و بنبیللا [2] و(بۆ بە

[1] – جەمال عەبدولناسر: ناوی تەواوی جەمال عەبدولناسر حوسێن سوڵتان عەلی عەبدولنەبی،لە ١٥ ی کانوونی دووەم ١٩١٨ لەدایک بووە. دووەم سەرۆکی میسر بووە، یەکێک بووە لە گەورە بەشداربووەکانی شۆڕشی ٢٣ ی تەمموز لە میسر، ساڵی ١٩٥٦ تاکو ساڵی ١٩٧٠ سەرۆکی میسر بووە لە ٢٨ ی ئەیلوولی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کردووە.(وەرگێر).

[2] –بن بیللا، ئەحمەد بن بێللە: ١٩١٦ – ٢٠١٢) ئەحمەد بن بێللە لە ساڵی ١٩١٦ لە دایک بووە، لە خوێندنگای فرەنسی خوێندویەتی. ساڵی ١٩٣٧ پەیوەندی بە بزووتنەوەی نیشتمانی وڵاتەکەی کردووە، هەمان ساڵ چۆتە خزمەتی سەربازی. ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە پارتی گەلی جەزائیری کردووەو لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەی تێکۆشاوە و بووە بە سەرکردەیەکی دیاری شۆڕشی جەزائیر. دوای سەربەخۆیی جەزائیر بووە بە یەکەم سەرۆکی وڵات، لە ١٥ ی تشرینی یەکەمی

عەرەبیکردنـــی دانوســـتانەکە)، لەکـــاتی دیـــدارمان لەگەڵ ســـەرۆک عەبدولناســـر، کەمەترســـی بەعســـم پێڕاگەیانـــد ســەرۆک جەمـال جەختـی کـردەوە (ئەوان ڕاسـت نـاکەن) و ئامــادەیی خــۆی بــۆ دەربــریم کە ئامــادەیە واژۆ لەســـەر ئەوپرۆژە ئۆتۆنۆمییە بکات کە ئێمە لە بەغدا لەگەڵ بەعس لەسەری ڕێکدەکەوین تەنانەت ڕاشبگەینێت لە قاهیرە ، بۆ ڕێگرتن لە دڵەڕاوکی و ئەو ترسەی کە دەیڵێن. سەبارەت بە سـەرۆک ئەحمەد بن بێلا لە سـەرۆک عەبدولناسـر ڕوونتـر بـوو، کاتێـک لە بەردەم وەفـدی عێراقـدا گـوتی: دەبێـت بە خێرایی مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد بدرێت، پێش ئەوەی ململانێیەکە پەرەبستێنێ ببێتە دەرەنجامێکی نـاخۆش. کاتێک گەڕایـــــنەوە ڕەزامەنــــدی ســـــەرۆک عەبدولناســـــرم بە

١٩٦٣ تاوەکو ١٩ ی حوزەیرانی١٩٦٥ لەسـەر تەختـی فەرمـانڕەوایەتی ماوەتەوە. دوای ئەوەی هەواری بۆمدین کودیتای بەسەردا کردووە لە نـاوخۆی وڵات خـراوەتە ژێـر چـاودێرییەوە، بەم شـێوەیە مـاوەتەوە تـاوەکو سـاڵی١٩٧٩، لەو سـاڵەدا چۆتە سویسـرا تـاوەکو سـاڵی ١٩٩٦ لەوێـدا نیشـتەجێبووە. لە کۆتاییەکـانی ژیـانی دەسـتبەرداری ژیـانی سیاســی دەبێــت. بــن بــێلله لە ١١ ی نیســانی ٢٠١٢ کــۆچی دوایــی کـردووە. (جەلال تاڵەبـانی و هەڵـدانەوەی چەنـد لاپەڕەیەکـی مێـژوو، دیــداری: غەســان شــربل، وەرگێڕانــی، شــاناز هیرانــی پێشــەکی وبەدواداچوون و پەراوێزدانـانی، پ.د. ئەحـمەد حەمەدەمـین، هەولێـر-٢٠٢٣، لە بڵاوکراوەکـانی ناوەنـدی هەولێـری مەکتەبـی ڕاگەیانــدنی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، زنجیرەی ژمـارە (١٢)، چـاپی یەکەم، لا١٤٣ – ١٤٤). (وەرگێڕ).

خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر[1] گەیاند کە ئەوکاتە سەرۆک وەزیران بوو، فیێڵەکە لەناو دەستی کەوتەخوارەوە دەمی تێکئاڵا و قسەی نەگونجاوی دەرهەق بە سەرۆکی

[1] – ئەحمەد حەسەن بەکر: ساڵی ١٩١٤ لە تکریت لە دایک بووە، لە پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی چووەتە خانەی مامۆستایان، ساڵی ١٩٣٨ وازی لە پیشەی مامۆستایی هێناوە و چووەتە کۆلیژی سەربازی و تەواوی کردووە، پلەی ئەفسەری لە سوپای عێراق بەدەست هێناوە. لەساڵی ١٩٤١ بەشدار بووە لە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی، کە دژی داگیرکاری بەریتانیا لە عێراق بەرپای کردووە، دوای شکستهێنانی کودەتاکە زیندانی کراوە و ناچاریان کردووە خۆی خانەنشین بکات. لە ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ ڕۆڵێکی کارای هەبووە چونکە کەسێکی متمانە پێکراوی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف بووە. و بەو هۆیەشەوە گەڕاوەتەوە سەربازی و پلە و پۆستەکانی وەرگرتۆتەوە. لە کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی قاسم. پاش هەوڵە پیلانگێڕیەکانی حزبی بەعس لە ١٧ ی تەممووزی ١٩٦٨دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆک کۆماری ئەوکاتەیان لەکارخست و وەک چوارەم سەرکۆماری عێراق داندرا . ساڵی ١٩٧٩ حزبی بەعس بە بەیاننامەیەکی فەرمی بڵاویکردەوە کە بەهۆی نەخۆشییەوە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نەماوە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، کەچی ڕاستییەکەی لە ژێر فشاری سەدام حسێن لەکار لادراوە. لە٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە.(سەرچاوە: نووسینی ئیسرا بورهان لە پێگەی زانیاری ڕۆژی ٢٢ /١١ / ٢٠٢١ –کۆدی٧٢٤٢ وەرگیراوە).(وەرگێڕ).

نەمر کرد بۆ پاساوی ڕانەگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، ئیدیعای ئەوەی کرد ئەگەر ئەوکارە بکەن ئەوە(ملیان دەشکێنێت)، شایانی باسە کاتێ لە بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دانیاننا بە ئۆتۆنۆمی کوردستان، سەرباری ئەوەی ناکۆکی توند و ئاڵۆز لەنێوان قاهیرە و بەغدادا هەبوو وێرای هەڵمەتی جنێوە بێزراوەکانی عەفلەقییەکان بۆ سەر میسر و عەبدولناسر، سەرۆک عەبدولناسر یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لێکردن.

بەڵام ڕەزامەندی عەرەبی دادی نەداین و حوکمڕانی بەعس شەڕی (تەفروتوناکردنی شۆڕشی کورد) و (لەناوبردنی شۆڕشی کورد)یان دژ بەگەلی کورد بەرپاکرد بە هیوای ئەوەی لە سەیرانە گەشتێکی سێ هەفتەییدا بەدیبێنن، کە گەیشتە چەندان مانگ و هەتا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە پایزی ١٩٦٣یش بەردەوام بوو.

هەرچی سەبارەت بە عەفلەقییەکانە، ئەوکاتەی حزبێکی بچوک بوون لەلایەن هەموو هێزە نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسییەکانی عێراقەوە ڕەتکراوەبوون، جگە لە هێزە کوردییەکان کە لەساڵی ١٩٦٨ دووبارە دەسەڵاتیان گرتەوە دەست!؟ لە سەرەتادا خۆیان واپیشاندا ئەوکاتەی لاواز و حزبێکی بچوک بوون، ڕووبەڕووی کۆی بزووتنەوە نیشتمانیی و دیموکراسی و نەتەوەییە عێراقییەکان، لەناوەخۆ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی بە سەرۆکایەتی عەبدولناسر لە دەرەوە، بەعسی چەپی

فەرمارەوا لەسوریا ( لە چوارچێوەی بزووتنەوەی مێژوویی بەعس) دەبوونەوە. ئامادەیی خۆیان دەردەبڕیٚ بۆ دیالۆگ و چارەسەریٚکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد و گوێگرتن لە پاساوەکانی ئۆتۆنۆمی، بەلاٚم بە کردەوە دەستیان کرد بەیاریکردن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی پارتی، باڵی سەرۆک و باڵی مەکتەبی سیاسی، بەڵێنیاندا لە ئایندەدا ئۆتۆنۆمی بەدیبێنن بەلاٚم دەیان ویست کات بەسەر بەرن وشەڕی براکوژی خۆش بکەن و پیلانگێڕی بکەن وهەوڵ بدەن لە کێشەی کورد کەمبکەنەوە، کاتێکیش ڕووبەڕووی پێداگری باڵی مەکتەبی سیاسی بوونەوە، لەسەر ئۆتۆنۆمی و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەرکوک لە چوارچێوەی کوردستانە، هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، هێشتنەوەی دۆستایەتی، پەیوەندی خەباتکارانە لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسر، کە ئەوان دژایەتییان دەکرد، دوای بێهیوا بوونیان لە لەناوبردنی باڵی سەرۆک بارزانی و شۆڕشی چەکداری لە مانۆڕێکی پەلوپۆداردا چوونە لای خوالێخۆشبوو بارزانی، کە ئەویش بە خێرایی تێگەیشت و دەست پێشخەری کرد بۆ یەکخستنی هەردووباڵی حزبەکە دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ئازار ١٩٧٠ و ڕێککەوتننامەی بەعسی دەسەلاٚتدار لە گەڵیدا. بەلاٚم هەرزوو دەستی کرد بە پیلانگێڕی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی[1]، هەوڵی سەرنەکەوتووی کوشتنی و دواتریش

---

[1] -هەوڵی تیرۆرکردنی لە ٢٩ / ٩ / ١٩٧١ کە نۆ کەس بەبەرگی

بەردەوامــی پاشــگەزبوونەوەی لە بەڵێنەکــان، ئامادەکــاری بەردەوام بـــۆ شــــەڕ لە دژی شۆڕشــــی کــــورد، دوای شکستهێنانیان لە بەرەی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیســرائیل و کشــانەوەی ســوپای عێــراق لە ژێردروشــمی ڕواڵەتیانەی توندڕەوی بانگەشەی ڕزگارکردنی فەلەستین لە ڕوبــارەوە تــا دەریــا. دەبــێ بشــزانین بەعســی فەرمــانڕەوا دەســتی بەخــۆدا شــۆڕکردۆتەوە و تەنــانەت پشــتگیری شــا حوســێن دەکــات لە کۆمەڵکوژییەکــانی ئەیلــوولی ڕەش،[1] کە

مەلایەتییەوە بە ناوی هەمووارکردنی کاری نزیک خستنەوەی دەوڵەتی ناوەنــدی و کــوردان، بە دوو ئوتومبێــل لە بەغــدایەڕا دێــنە دیــدەنی بــارزانی، لە بەغدایە چەنـد میکرۆفۆنێکیـان بە مەبەسـتی تۆمـارکردنی قســەکانیان پێــدەدەن لە ڕاســتیدا ئەم مایکرۆفۆنــانە دینامێــت بــوون، یەکێــک لە شــوفێرەکان لە دوورەوە تەقانــدییەوە هەمــوو مەلایەکــان کوژران، بارزانی بەهۆی یەکێک لە قاوەچییەکانی کە ئەو کاتە قاوەی بۆ دادەنـا و بەردەمـی گرتبـوو، لە مەرگ دەربـازبوو.(کریس کـوچیرا، کورد لە سـەدەی نۆزدە و بیسـت دا، وەرگێڕانـی حەمە کەریـم عـارف، چـاپی دووەم، چاپخـانەی شـڤان – سـلێمانی ٢٠٠٤، بـڵاوکەرەوە کتیـب فرۆشی سۆران- هەولێر، لا، ٣٦٤ ).(وەرگێر).

[1] - ئەیلــوولی ڕەش: بەشــــەری نـــاوخۆیی ئــوردن ناســـراوە، ئەو ململانێیەیە کە لە ئوردن بە سـەرۆکایەتی شـا حوسـێن و ڕێکخـراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بە سەرۆکایەتی یاسر عەرەفات سـەریهەڵدا، لە نێوان ١٧ بۆ ٢٧ ی ئەیلوولی ١٩٧٠، لە گەڵ هەندێک چالاکی تـا ١٧ ی تەممــووزی ١٩٧١ بەردەوام بــوو. دوای ئەوەی ئــوردن لە ســاڵی ١٩٦٧ کۆنترۆڵی کەرتـی ڕۆژئـاوای لەدەسـتدا و بـوو بەهـی ئیسـرائیل، فیداییەکانی فەلەستین بنکەکانیان گواستەوە بۆ ئوردن و هێرشەکانیان

بۆ ئیسرائیل و ناوچە داگیر کراوەکان پەرەپێدا. تۆڵە سەندنەوەی ئیسرائیل لە ئۆردوگای فرۆکە جەنگییەکان لە کەرامە، شارۆچکەیەکی ئوردنی بە درێژایی سنووری کەناری ڕۆژئاوا، پەرەی سەند و بوو بەشەڕێکی تەواو. سەرکەوتنی هاوبەشی فەلەستین و ئوردن لە شەڕی کەرامە ساڵی ١٩٦٨، پشتیوانی عەرەبەکانی بۆ چەکدارانی فەلەستینی لە ئوردن زیادکرد. لە ئوردن دەستەڵاتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین گەشەی کرد وتا ساڵی ١٩٧٠ بە ئاشکرا دەستی کرد بەداوای ڕووخاندنی دەستەڵاتی پاشایەتی هاشمی. وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکدا کاریان دەکرد، هەندێک لە فیداییەکان یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکانیان پشتگوێ خست، دووجار هەوڵی تیرۆرکردنی شا حوسێن یاندا – کە بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و تیژ لەنێوان ئەوان و سوپای ئوردن لە حوزەیرانی ١٩٧٠. شا حوسێن ویستی فیداییەکان لە وڵاتەکە دەربکات، بەڵام دوودڵ بوو لە هێرشکردن چونکە نەیدەویست دوژمنەکانی بەکار بهێنێت ئەمەش دژی ئەوە بە یەکسانکردنی چەکدارانی فەلەستینی لەگەڵ خەڵکی مەدەنی. چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بووە ڕفاندنی فرۆکە لە مەیدانی داوسۆن لە ئوردن لە ١٠ ی ئەیلوولدا گەیشتە لوتکە، کەتێیدا فیداییەکان سێ فرۆکەی مەدەنییان ڕفاند و ناچاریان کردن لە زەرقا بنیشنەوە و هاوڵاتیانی بیانییان بە بارمتەگرت و دواتر فرۆکەکانییان لە بەردەم ڕۆژنامەگەری نێونەتەوەییدا تەقاندەوە. پاش ئەمە شا حوسێن فەرمانی بەسوپاکرد بجوڵێن. لە ١٧ ی ئەیلوولدا، سوپای ئوردن ئەو شارانەی گەمارۆدا کە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی تێدابوو، لە نێویاندا عەمان و ئیربید، بەتۆپخانەی قورس وتۆپی تانک دەستیکرد بە بۆردومانکردنی فیداییەکانی جێگیرکراو لە کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینی. ڕۆژی دواتر هێزێک لە سوریاوە کە نیشانەکانی سوپای ڕزگاریخوازی فەلەستینیان لەسەربوو،

تێیدا ناپاکی کردن لە شۆڕشی فەڵەستین لە بە ئاشکراترین شـێوە دەرکەوت، بەعسـی فەرمـانڕەوا تـوانی بەکـردەوە ڕەزامەندی ئیسرائیل و دەستخۆشی ڕاستەقینەی ئەمریکا بە دەست بهێنێت و دەستی کرد بە سەوداکردن لەگەڵ شـای ئێران لەسەر حسابی سەروەری عێراق و ئاو و خاکەکەی و مـافە مێژووییەکـانی لە شـەتول عەرەب تـا ئەوکـاتەی بە چەنـدین دەسـت هەڵگـرتن، شـا ڕازی بـووبە گۆڕینی نـاوی کەنداوی عەرەبی و قەبـوڵکردنی ڕۆڵـی شـا وەک پۆلیسـیێک بۆ کەنداو هەروەها دەست بەرداربوونی شـەتول عەرەب و خـاکی بەرفراوانـی عێـراق بەرامـبەر ڕەزامەنـدی شـا بـۆ

---

دەسـتیانکرد بە پێشـڕەوی بەرەو ئیربیـد کە فیـداییەکان بە شـارێکی (ئازادکراو)یـان ڕاگەیانـد. لە ٢٢ ی ئەیلوولـدا، دوای ئەوەی سـوپای ئوردن هێرشێکی زەمینی دەستپێکرد، سورییەکان کشانەوە و زیـانێکی زۆریان بەرکەوت. زیادبوونی فشارەکانی وڵاتانی عەرەبی بووە هـۆی ئەوەی شـا حوسـێن شـەڕەکە بوەسـتێنیت. لە ١٣ ی تشـرینی یەکەمـدا ڕێککەوتنیـک لەگەڵ یاسـر عەرەفـات واژۆکـرا بـۆ ڕێکخسـتنی بـوونی فیداییەکان. سوپای ئوردن گەڕایەوە و لە مـانگی یەکـی سـاڵی ١٩٧١دا جـارێکیتر هێرشـیان کـردەوە، فیـداییەکان یەک بەیەک لە شـارەکان دەرکـران، تـا دووهەزار فیـدایی دوای ئەوەی لە ١٧ی تەممـووز لە دارسـتانێکی نزیـک عەجلـون گەمـارۆ درابـوون، خۆیـان ڕادەسـت کـرد ئەمەش کۆتایی ململانێکان بوو. ویکیپیدیا
ttps://web.archive.org/web/20201217022838/https://www.encyclopedia.com/h Nmanities/encyclopedias-almanacs-transcripts-and-maps/jor-(وەرگێڕ)

کۆتـایی هێنـان بە هاوکارییەکـانی بـۆ شۆڕشـی کـورد، کە سەرکردایەتییەکەی هەڵەیەکی کوشندەی کرد بەوەی ڕازی بـوو دوای ڕێککەوتننـامەی بەدنـاوی جەزائیـر[١] کۆتـایی بە شۆڕش بهێنێ.

---

[١] - ڕێککەوتنی ئەلجەزایر: دوابەدوای کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتـانی هەنـاردەی نەوت(ئۆپێـک) کە لە چـوار تـا شەشـی مـارتی ١٩٧٥ لە ئەلجەزایـر بەرێوەچـوو، راگەیەنـدراوێکی هاوبەشـی نێـوان عێـراق و ئێـران سـەبارەت بە چـۆنیەتی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوانیـان لەسـەر بنەمـای ڕەچاوکردنی پرنسـیپەکانی ڕێزگـرتن لە یەکپـارچەیی خـاک و سـنوور نەبەزانـدن و دەسـت تێـوەرنەدان لە کاروبـاری نێوخۆیی یەکتر بەو شێوە بڵاوبۆوە: ١-سنووره وشکاییەکانی خۆیـان بە پێی پرۆتۆکۆلی قوستەنتنیەی(ئیستانبول) ساڵی١٩١٣ و بڕیارەکـانی کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤دا دیاری بکەن.
٢-سنووره ئاوییەکانی خۆیان بەپێی هێڵی تالوک دیاری بکەن.
٣-بەم کـــارە، هەردوو وڵات ئاســـایش لە درێژایـــی ســـنووره هاوبەشەکانی خۆیان و متمانەی بەرامبەرانە پیادە دەکەن.
بەم پێیە هەردوولایەن بەڵێن دەدەن کە کۆنترۆڵ و چاودێرییەکی ورد لە سنوورەکانی خۆیاندا بە مەبەستی پێشگرتن لە هەر دزەکردنێکی تێکدەرانە پێک بێنن.
٤-هەردوو لایەن لەســەر ئەوە ڕێککەوتـوون کە بە وردی نێـوەرۆکی ڕێککەوتننـامەکە جێبەجێـبکەن؛ پێشـێلکردنی هەر مـاددەیەک بە دژی ڕێککەوتننـامەکە بە دژی روحـی ڕێککەوتننـامەی ئەلجەزایـر دادەنرێ.
(فەرهەنگـی سیاسـی ئـارەش، وەرگێرانـی لە فارسـییەوە: زاهیـر مـحەمەدی، یاسـین حـاجی زادە، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لا٣٢١). (وەرگێڕ).

بەعسی فەرمانڕەوا ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لەبەدیهێنانی بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتیەکانی کوردستان، دواتر هەڵبەستنی پشتێنەی ئاسایشی سنوری ئەمەش بەچۆلکردنی ناوچە کوردییەکانی سەر سنوور، کە بووە هۆی لێک دابڕین و پارچە پارچە کردنی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی زیاتر لە١٢٤٧ گوندی کوردنشین و دەربەدەر بوونی نزیکەی ٧٥٠ هەزار کورد و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگای نیشتەجێی هاوشێوەی ئۆردوگای زۆرەملێ.

ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتەکەی خۆی و چارەسەری ئاشتیخوازنەی ڕەتکردەوە، یارمەتی ئەو دەستە بەخشندانە کوردییەی ڕەتکردەوە کە شۆڕشی کورد بۆی درێژکردبوو دوای سەر لەنوێ هەڵگیرسانەوەی لە ١٩٧٦دا، تەنانەت کاتێک شەڕێکی دڕندانەی دژ بە ئێران دەکرد، گفتوگۆیەکی جدی قەبوڵ نەکرد تاوەکو دوای شکستە ترسناکەکانی لە خوزستان[1] و تێکشکانی هێزەکانی لە

---

١ - خوزستان(عەرەبستان): هەرێمێکە لە وڵاتی ئێران. کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای ئێران وباشووری خۆرهەڵاتی عێراقەوە. لە باکوورەوە چیاکانی لورستان، لە باشوورەوە کەنداوی عەرەبی(فارسی)، لە خۆرهەڵاتەوە چیاکانی بەختیاری، لە خۆرئاواوە کۆماری عێراق دەوریان داوە. ڕووبەرەکەی١٥٩٦٠٠کم٢، دانیشتوانی لە ٤ ملیون کەس پترە، زۆربەیان عەرەبن و لە تیرەی بەنی کەعبن. بەگوێرەی پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەم، لە نێوان ئێران و تورکیادا١٨٤٧ عەرەبستان کە لە ژێر دەستی عوسمانییەکان بوو گۆڕییەوە و دای بە

محەمەڕە[1] و گەیشتنی هێزەکانی ئیران بەسنووری نێو دەوڵەتی بە شێوەیەک هەڕەشەی داگیرکردنی بەسرە و ڕووخاندنی ڕژێمی عەفلەقی دەکرد، دوای ئەوەی سەدام حوسێن دڵنیابوو لە بەڵێنە نێو دەوڵەتییەکانی ئەمریکا و

ئیران بەرامبەر ناوچەی سلێمانی، بەمجۆرە عەرەبستان چووە سەر ئیران و سلێمانیش خرایە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لە ١٩٣٥دا شای ئیران بە تەواوی عەرەبستانی خستە سەر ئیران و ناوەکەشی گۆڕی، کردی بە خوزستان واتە (وڵاتی خورما). (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٧١٨). (وەرگێڕ).

١ – محەمەرە(خورەم شەهر) شارێکی خۆرئاوای وڵاتی ئێرانە. لە شوێنی تێکەڵاوبوونی کاروون لەگەڵ شەتی عەرەبدا. ١٢٠ کم لەشاری ئەهوازەوە دوورە.. یوسف کوڕی مرداوی کوری عەلی ئەلکەعبی، لە ١٨١٢دا، لەسەر شوێنەواری شاری(خاراکس)دروستی کرد و کردیە پایتەختی میرنشینەکەی. پاش مردنی یوسف، حاجی جابر سەرۆکایەتی میرنشینەکەی گرتە دەست (١٨٢٩ – ١٨٨١) بە گوێرەی پەیماننامەی (ئەرزڕۆم)١٨٤٧، خورەم شەهر چووە سەر وڵاتی ئێران، بەڵام حاجی جابر، هەر بە سەربەخۆیی ئەمارەتەکەی مایەوە، تا ناسرەدین شا لە ١٨٥٧دا سەربەخۆیی عەرەبستانی لە ژێر فەرمانداری حاجی جابردا ڕاگەیاند. عەرەبەکان بەم شارە دەڵێن (المحمرة). لەکاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا١٩٨٠ –١٩٨٨ وێران کراو دواتر دروستکرایەوە. (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٤٥٢). (وەرگێڕ).

یەکێتی سۆڤیەت بەوەی ناهێڵن ئیران بەسەریدا سەرکەوێت تەنانەت ئەگەر دەست تێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆش بکەوێتە سەرشانیان، هەر زوو جارێکیتر سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن لە ڕۆژی دیاریکراودا لە ژێر فشاری تورکیا پاشگەزبووەوە لەوبەڵێنانەی بە نووسین و بەزار پێی دابووین و نەیسەلماند کە واژۆ لەسەر ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان خۆی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات. کە پێشوەخت ڕەزامەندی لەسەر دابوو . پاشان کۆمەڵکوژی لە دژی گەلی کورد ئەنجامدا و پێشنیاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی ڕەتکردەوە بۆ ئاگر بەستێکی بەردەوام بە درێژایی ماوەی شەڕی عێراق و ئیران لە نێوان هەردوو لادا، ئامانج لە پێشنیازەکە ڕزگارکردنی گەلی کوردبوو لە ناوچە ئازادکراوەکان لە باریگرانی جەنگ و وێرانکردنی گوندەکان.

وە بۆ ئەوەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ناچارنەبێ شەڕ لە دژی سوپای عێراق بکات، کە لەناو خاکی ئێراندا دەجەنگا، هەروەها بۆ ئەوەی خۆمان لە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ دوژمنی دەرەکی دژ بەحکومەتی(نیشتمانیی)عێراقی بە دووربگرین. بەڵام سەدام هەموو ئەو پێشنیازانەی ڕەتکردەوە، کە داوای ئاشتی و چارەسەری سیاسیی و ئاگربەستێکی درێژخایەنی دەکرد، جەختی لەوە کردەوەکە شەری قڕکردن لەدژی گەلی کورد بکات وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە. ئابەم شێوەیە دەبینین نەتەوەییانی

(بەعسی) عەرەب هاوشێوەی نەتەوەییانی تورکی تۆرانی هەمان سیاسەتی شۆڤینیانە پەیڕەو دەکا، کە دژ بەجەوهەری دروشمەکانیانە لە ڕزگاری و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین، ئەمەش دژ بە گەلێکی برا کە بەشداربووە لە سەرجەم ئەو شەڕە مێژووییانەی عەرەب کردوویەتی. کەواتە ئەوخۆشییەی بیرمەندانی عەرەبی هۆشیاری وەک ئێوە و هەروەها ئەوکوردانەی درک بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیان بەرامبەر ئومەی عەرەبی و برایەتی عەرەب و کورد دەکەن، کاتێک هەوڵیاندا ئاشتەوایی نیشتمانیی لە عێراقدا بەدیبهێنن سەرەڕای ئەو ناخۆشیانەی بەدەست بەعسییە عەفلەقییەکان چەشتویانە، ئەزمونێکی تاڵیان لەگەڵیا هەیە، بۆیە زۆر بەداخەوە ئەوڕوونکردنەوەی لە لاپەڕەکانی ٤٠ و٤١ فەرمووبووتان بەدینەهات، کە دەڵێن: (لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕامانەی جەلال تاڵەبانی بەناوی برایانی کوردەوە ساڵی ١٩٦٣ لە قاهیرە خستیەڕوو، یەکێک لەو فاکتەرانەی کە گەشبینم بەوەی لە ڕووی گونجان یان ئاشتەوایی لە عێراقدا ڕوودەدات ئەوەیە کە تاڵەبانی و ئەوبرایانەی هەڵگری هەمان تێڕوانینی ئەوبوون سەرتۆپی ئەو هاوپەیمانییە نیشتمانییە کوردییەن کە هەنگاو بۆ ئەم ئاشتییە دەنێت).

دووەم: ئەو نەتەوانەی لە یەک دەوڵەتدا دەژین لە ماف و ئەرکدا یەکسان نین کاتێک لە مافی چارەی خۆنووسین بێبەش دەکرێن، بەڵکوو دابەش دەبن بۆنەتەوەی

فەرمـــانڕەوای زاڵ و نەتەوەیەکـــی ڕەشـــۆکی ژێردەســـتە. ئەمەحـــاڵەتی گەلـــی کوردبـــوو لە عێـــراق، کاتێـــک دەوڵەتـــی عەرەبی لە بەغـدا دامەزرا سـاڵی ١٩٢٠ فەیسـەڵی یەکەم[1] لە تەخـتە ڕووخـاوەکەی لە دیمەشـق گـوازرایەوە بـۆ تەختـی پاشـایەتی عێراق کە خـاتوو مـس بێـڵ[2] تـاجی شـاهانەی بـۆ

---

١ – فەیســەلی یەکەم: (١٨٨٣ –١٩٣٣) یەکەم شــای دەوڵەتــی عێــراقە. کوڕی شا حسەینی کوری عەلییە. لە شـاری(الطائف) لەدایک بـووە، لە تەمەنــی ٨ ســاڵیدا لەگەڵ بـاوکی چـووە بـۆ ئەســتەمبوڵ لە ١٩٠٩دا گەڕاوەتەوە بــۆ حیجــاز لە ١٩١٣ بە ئەنــدامی (مجلــس المبعوثــان)ی عوسمانی لەسەر شاری (جدة) هەڵبژێراوە. نـاوی لە شۆڕشـی ١٩١٦دا دەرکەوت، کە دژی عوســـمانییەکان جەنگـــاوە لە جەنگـــی یەکەمـــی جیهانی بە سەرکردایەتی سوپایەکی عەرەب هێرشـی کـرد، تـاعەقەبەی داگیرکـــرد١٩١٧. ئیتـــر لە هەمـــوو لایەکەوە عەرەبەکـــان لە دەوری کۆبـونەوە بەو هێـزەوە هێرشـی کـردە سـەر دیمەشـق١٩١٨ وداگیـری کـرد لە ٥ی تشـرینی یەکەمـی ئەو سـاڵەدا کـرا بەشـای سـوریا، بەڵام بەهـۆی تێکهەڵپـژانیەوە لە ١٩٢٠ لەگەڵ هێزەکـانی فەڕەنسـا وشـکانی سورياييەکان فەیسەڵ ناچارکرا لەسوریا دەرچوو. مـاوەیەک لە ئیتاڵیـا ودواتر لە بەریتانیای بەسەربرد، بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی گۆنگرەی قـاهیرە کە بەســەرۆکایەتی (چەرچـڵ) بەسـترا فەیسـەڵ بـۆ پاشـایەتی عێراق پـاڵێورا، ئەوکـاتە عێراق لەژێر ئینتدابی بەریتانیـا دابـوو. لە ٢٣ ئـابی ١٩٢١ کـرا بە مەلیکـی عێراق و١٢ سـاڵ مـایەوە. (یاسـین صـابر صـالح، ئینسـایکلۆپیدیای گشـتی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٧٥٠). (وەرگێڕ).

٢ – مـــس بێـــڵ: مســـس گیرترودمارگریـــت لوثیـــان( ١٨٦٨ – ١٩٢٦)، خـــاتوونێکی سیاســـیی و شوێنەوارناســـێکی ئینگلیـــزە. لە نـــاوچەی

نەخشاند چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچیوەی ویلایەتی موسڵ[1] نارۆشن بوو هەروەک دەوڵەتی عەرەبی لە عێراقدا

---

(یۆرکشــایر) لە بەریتانیــا لە دایــک بــووە. لە زانکــۆی ئۆکســفۆرد بڕوانــامەی لە مێــژوودا وەرگرتــووە ١٨٨٧. جــگە لە زانینــی زمــانی فەرەنســـی و ئەلمـــانی، حەزیشـــی لە زمـــانی عەرەبـــی کـــردووە. لە ١٨٩٢دەستی بەکارکردن کردووە، چووە بۆ تاران ١٨٩٩، بە سواری ئەسپ و حوشتر ناوچەی عەرەبی گەڕاوە. لە ١٩٠٠ لە حەیفا خەریکی فێربوونی زمانی عەرەبی بووە. لە ١٩٠٥ زمانی فارسیشی خوێندووە، بە ســوریا و عێــراق و تورکیــادا گەڕاوە١٩٠٩ – ١٩١٤ و لە ١٩١٥دا چۆتە نـاو دەزگـای موخـابەراتی بەریتانیـاوە، لەمیسر پەیوەندار بووە لەگەڵ عێراق. لە ١٩١٦ چۆتە بەسرا، کە بەغدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە گیــرا ڕویکــردۆتە ئەوێ. دەســتێکی بــاڵای هەبــووە لە دامەزرانــدنی حکومەتی تازەی عێراق، پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ناودارانیدا هەبووە. بەهــۆی ئەو پــایەی لە موخــابەرات هەیبــوو دەورێکــی گرنگــی لە سیاسەتی عێراقدا گێڕاوە بۆ خزمەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا. (یاسین صــابر صــالح، ئینســایکلۆپیدیای گشــتی، دەزگــای چــاپ و پەخشــی ســـەردەم، چـــاپی یەکەم، کوردســـتان – ســـلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٢٧١). (وەرگێڕ)

[1] – ویلایەتـــی موســـڵ: ویلایەتێکـــی کـــۆنی ســـەردەمی دەوڵەتـــی عوسمانییە. لە ١٦٣٨دا کە عوسمانییەکان عێراقیان داگیرکرد، کردی بە ســێ ویلایەت(موســڵ و بەغــدا و شارەزوور)پاشــان ویلایەتــی بەسراش خرایە سەری. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ویلایەتی شارەزوور تێکدرا، خرایە سەر ویلایەتی موسڵ و کرا بە سێ سنجاقەوە: (١) سنجاقی موسڵ بریتی بوو لە مەڵبەندی سنجاقی موسڵ و قەزاکانی دهۆک، زاخۆ، زێبار، شەنگار و ئاکرێ.(٢) سنجاقی شارەزوور، مەڵبەندی کەرکوک وقەزاکانی هەولێر، رانیە، کۆیە، کفری.

لە سـنوورە ناسـراوەکانی عێراقـی عەرەبـی دامەزرا، کە کۆمیسـیۆنی نێو دەوڵەتی سـەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا لەسەر سنوورەکانی ئەمەی خوارەوەی خستە ڕوو:

(لێژنە گەیشتە ئەوئەنجامەی کە سێ ناوچەی ڕۆشن هەن: عێراقی عەرەبی، جەزیرە و کوردستان. عێراق لە باکورەوە لە هیـت- تکریـت یـان چیـای حەمـرین تێناپەڕێ...دڵنیـابوونەتەوە کەسـەرجەم ئەدەبیـاتە جوگرافییەکـان لە سـەردەمی فەتحـی عەرەبـی تـا بەرواری لێکۆڵینەوەی لێژنەکە (١٩٢٥) بەناوچەی جێناکۆک هەژمار نەکراوە و ناونەبراوە – واتە ویلایەتی موسڵ- هەرگیز نە بە ڕەچـاوکردن، نەبە وەسـفکردن وەک بەشـێک لە عێـراق ناوی نەهاتووە. لە ڕابوردووش ناوی عێراق ناسراو نەبووە لەلای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ وەک ناوی وڵاتەکەیان، بەڵام هەرچۆنێـک بێـت عەرەب لایـان پەسـندترە لەنـاوی میسۆپۆتامیای[1] ئەوروپایی کە پێی ئاشنانین. تەنیا نیوەی

---

(٣) سنجاقی سلێمانی، قەزاکانی بازیان، شارباژێر، قەرەداغ، گوڵعەنبەر و مەرگە. بوو ئەم ویلایەتە هەموو کوردستانی باشووری گرتبۆوە، لەلایەن والی عوسمانییەوە فەرمانڕەوایی دەکرا. (یاسین صابر صالح، ئینسـایکلۆپیدیای گشـتی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ١١٦٦). (وەرگێڕ).

[1] – میسـۆپۆتامیا: واتە وڵاتـی نێـوان دوو زێـیەکە. زاراوەیەکـی کـۆنی گریکیە، کە مێژوونووسـان تـاکو سـەدەی بیستەمیش بۆ نـاوی عێراق بەکاریـان هێنـاوە. میسـۆپۆتامیا، لە دوو وشـەی گریکـی پێکهـاتووە.

ڕۆژئـاوای نـاوچە جێناکۆکەکـان دەکەوێـتە چوارچێـوەی میسـۆپۆتامیاوە. حکـومەتی تورکیـاش کە دەڵێـت ویلایەتـی موسـڵ بەشـێک بـووە لە ئەنـادۆل،[1] لیـژنەکە پێـی وایە ئەم

---

وشەی میسۆس واتە (نێوان، ناوەند)ە، وشەی پۆتامۆس واتە(رووبـار) ئەگەینـێ. هەردوو وشـەکە بەسـەر یەکەوە دەبێـتە وڵاتـی نێـوان دوو رووبـــارەکە. کە مەبەســـت عێـــراقە. (یاســـین صـــابر صـــالح، ئینسـایکلۆپیدیای گشـتی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ١٠٦٠). (وەرگێڕ).

[1] – ئەنـادۆڵ: بەشـێکی گەورەی وڵاتـی تورکیـایە کەوتـۆتە خۆرئـاوای ئاسـیاوە، هەنـدێ جـار بە ئاسـیای بچـووک ناودەبرێـت. لە ٩٧%ی ڕووبەری تورکیـای پێکهێنـاوە، کە کوردسـتانی باکووریشـی گرتـۆتە خـۆی. ڕووبەرەکەی نـزیکەی ٧٤٣٦٣٣کـم٢. لە نیـوە دورگەیەکـی شـاخاوی پێکهـاتووە، لە نێـوان دەریـای ڕەش لە بـاکوورەوە دەریـای ئـیجە لە خۆرئـاواوە، دەریـای سـپی ناوەڕاسـت لە باشـوورەوە. تـا لەکەنارەکانی دەریای ئیجەوە بەرەو خۆرهەڵات بڕۆیت بەرزدەبێتەوە تاکو دەگاتە ریزە شاخی بەرز. ئەنـادۆل نـاوچەیەکی بەرزاییە و چەنـد زنجیـرە چیـایەکی تێـدا هەڵکەوتـووە. ئەنـادۆڵ بـۆتە لانەی چەنـد شارسـتانیەتەکی جیـاواز بە درێژایـی ڕۆژگـاریش بـۆتە پردێکـی بەیەکگەیشـتنی خـۆرهەڵات و خۆرئـاوا. هەر لەکۆنەوە نەتەوە جیاجیـا کۆنەکانی: لیسی، لیدی، فرجییەکان، حیثییەکان، ئۆرارتۆ زۆریتری تێدا جێگیربـوون و ژیـاون. گریکەکـانیش لە کەنارەکـانی دەریـای ئـیجەدا بڵاوبـونەتەوە و شارسـتانیەتی خۆیـان تێـدا بڵاوکـردۆتەوە. کـاتێ فارسـەکان داگیریـان کـرد بـوو بە گۆڕەپـانی جەنگەکانیـان. لە سـەدەی ١٣ و ١٥ تـورکە عوسـمانییەکان دەسـتیان بەسـەراگرت و خـرایە سـەر ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی. (یاسـین صـابر صـالح، ئینسـایکلۆپیدیای

قسـەیە ڕاسـت نیـیە چـونکە ئەم دوو نـاوچەیە سـوریا و ڕۆژئاوای کوردستان کەوتۆتە نێوانیانەوە[1]

ئەوسـا لە لایەن هاوپەیمانـانەوەبە پێی پەیماننـامەی سیڤەر بەڵێنی ئۆتۆنۆمییەک بەگەلی کورد درابوو لەماوەی سـاڵێک پەرەی پێبدرێت بۆ سەربەخۆیی تەواو کوردەکانی ویلایەتی موسـڵیش بگـرێتەوە ئەگەر خۆیـان داوابـکەن، لە سـاڵی ١٩٢٢دا هەردوو حکومەتی بەریتانا و عێراق لە ژێر فشاری گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و زیادبوونی مەترسیەکانی کەمالیزم لەسەر ویلایەتی موسڵ و بەهۆی کەم توانایی بەریتانیا لە ڕووی سەربازی و داراییەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکیتر لە ناوچەکە ناچاربوون بەیاننامەی داننان بە حکومەتی کوردی لە ٢٢ کانوونی یەکەمی ١٩٢٢دا دەربکەن ئەمە دەقەکەیەتی:

(حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق، دان بەمـافی کوردەکـانی نـاو سـنووری عێـراق دادەنـێن، کە حکـومەتتێکی کـوردی لەنـاو ئەم سـنوورە بۆخۆیـان

---

گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٩٦ – ٩٧). (وەرگێڕ).

[1] –مشكلة الموصل، الدكتور فاضل حسين، جامعة بغداد، ١٩٧٧، ص ٧٨. الاستاذ فاضل موصلي آخر وكتابه هو اطروحته للدكتوراه وبالتالى فهي وثيقة علمية قدمها عربي موصلي. واتە مامۆستا فازیل موسڵاویەکی ترە و کتابەکەی تێزی دکتۆراکەیەتی کە بەڵگەنامەیەکی زانستییە عەرەبێکی تری موسڵاوی پێشکەشیکردووە.

دامەزرێـنن. هیـواش دەخـوازن کەسـە دیـدگا جیاوازەکـانی کـورد لە نێـوان خۆیانـدا  لە سـەر شـێوەی ئەو حکـومەتە دڵمەنــد و ســنوورەکەی بــگەنە ڕێککەوتنێــک، هەروەهــا نوێنەری خۆیـان بنێرن بۆ گفتوگۆکردن لەسـەر پەیوەندیی ئابوورییـان لەگەڵ حکـومەتی خـاوەن شـکۆ و حکـومەتی عێراقدا).

بەڵام بەرژەوەندییە کۆلۆنیاڵیەکانی بەریتانیـا، دواتـر بڕیـاری بێبەشکردنی گەلـی کـورد لەم مافانەدا،  هێزەکانی بەریتانیا (نەک هێـزی عێراقـی کە هێشــتا بـوونی نەبـوو) لە سـاڵی ١٩٢٣داهێرشـێکی دوژمنکارانەیـان کـردە سـەر باشـووری کوردستان وتا ساڵی ١٩٢٥ یش نەیتوانی ئەرکەکەی خۆی لە لکانـدنی باشـووری کوردسـتان بە عێـراقەوە بە ئەنجـام بگەیەنێ.

مامۆسـتا عەزیـز شـەریف،[١] کەسـایەتی ناسـراوی عەرەبـی عێراقی بەم شێیوەیە ڕاڤەی هۆکارەکانی ئەم وەرچەرخـانە لە سیاسەتی بەریتانیا، دەکا:

---

[١] – عەزیز کوڕی شەریف کوڕی عەبدولحەمید کوڕی حوسێن، ساڵی ١٩٠٤ لە شاری عانە هـاتۆتە دنیا و لە ساڵی١٩٩٠ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. (جەلال تاڵەبانی، بەشێک لە وتـارە ڕۆژنامەوانییەکان، پرۆژەی کۆبەرهەم /١٠، ئامادەکردن و وەرگێران و پێشـەکی، سامی قـادر، لەبڵاوکراوەکـانی  بـۆردی هۆشـیاری مەکتەبـی ڕاگەیانـدن و هۆشـیاری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، چـاپی یەکەم  ـ تـاران ٢٠٢٤.لا ١٨٥). (وەرگێڕ).

(بەڵام لە باشووری کوردستان سیاسەتی بەریتانیا هەر بە ڕاڕایی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٢٦ بەتەواوی جێگیربوو. لە ١٠ی ئایاری١٩١٩ حکومەتی بەریتانیا فەرمانی بە حاکمی گشتی کرد لە عێراقدا، کە هەندێ دەوڵەتۆکەی خۆبەڕێوەبەر لە ژێر حوکمی شێخانی کورد، بۆی دابمەزرێنی بە مەرجێ ئەم شێخانە لە ژێر ڕێنوێنی ئەفسەرانی بەریتانی کاربکەن. هۆشداریشی پێدا کە هیچ هەنگاوێک نەگریتەبەر نیشانەی ئەوەی پێوە دیاربێ کە ئەمە سیاسەتی بەریتانیا دیاری کردووە، هەروەک ئەوەی حکومەتێکی لەسلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود[١] دامەزراندبوو. لەکاتی دانانی

---

[١] – شێخ مەحموود (١٨٨٤ – ١٩٥٦): کوڕی شێخ سەعیدی شێخ مەحەمەدی حاجی کاک ئەحمەدی شێخە، لە ساڵی ١٩١٨ لە شوعیبە بەرانبەر ئینگلیزەکان جەنگاوە، لە هەمان ساڵدا لەشکری عوسمانی لە سلێمانی دەرکردووە و حکومەتی کوردستانی بە سەرۆکایەتی خۆی دامەزارندووە، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان بە مەترسیان زانی، لە دەربەندی بازیان لە شەڕێکدا بریندااربوو و بەدیل گیرا، دوای فشاری گەلی کورد گەڕایەوە سلێمانی و بۆ دووەم جار، لە ١٤/ ٩/ ١٩٢٢ بووەوە بە حوکمدار لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٢٤ جارێکی دیکە لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتەوە شەڕ، بۆ ماوەیەک لە شاری ناسریە دەستبەسەر کرا، دواتر گەڕایەوە گوندی داری کەلی و لەوێ نیشتەجی بوو، دواجار بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەک لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد. بڕوانە (یاسین سابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا، ٦٧٩). (وەرگێڕ).

پەیماننامەی سیڤەردا پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی باسی لێوەکرابوو، پاشان بەریتانییەکان لەبەردەم نارەزایی تورکەکان لەم پرۆژەیە پاشگەزبوونەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا بەریتانیا و حکومەتی عێراقی دەستکردی بەریتانیا، کە لەژێر ئینتیداب(ماندات)ی بەریتانیادابوو، پشتیوانییان لە پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی کرد. بەڵام هۆکاری ئەم ڕاڕاییە لە سیاسەتی بەریتانیا ( جگە لەوسازشانەی بوونە هۆکاری دەست بەرداربوونی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی بۆی لە ناوچەکە –کوردستانی عێراق – بە پێی پەیماننامەی سان ریمۆ[1]ساڵی ١٩٢٠، کە پێشتر باسیکرا) لەوانەیە بۆ ئەم دووهۆکارە سەرەکییە بگەڕێتەوە:

[1] – سان ریمۆ: کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو لە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە شاری سان ریموی ئیتالیا ، لەماوەی نێوان ١٨-٢٦ نیسان ١٩٢٠ بەسترا. بەمەبەستی تاوتوێکردنی مەرجەکانی ئاشتی هاوپەیمانان لەگەل تورکیا ، لەبەر رۆشنایی پەیمانی سیڤەر دا. (جەلال تالەبانی ، کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، پرۆژەی کۆبەرهەم /٨، ئامادەکردنەوەی بۆ چاپ و پەراوێزەکان سامی قادر، ، لەبڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی حەمدی – سلێمانی ٢٠٢٣، لا٨٤) . (وەرگێڕ).

أ) سیاسەتمەدارانی بەریتانیا متمانەیان بەهیچ کوردێکی خاوەن دەسەڵات نەبوو بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێبسپێرن، کە بۆیان بپارێزێ.
ب) دواکەوتنی یەکلایی کردنەوەی هەڵوێستیان لەگەڵ حکومەتی تورکیای تازە(کەمالیزم) ودەست نیشانکردنی ئاڕاستە سیاسییەکانی.

سەبارەت بەهۆکاری یەکەم دەبینین کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا ڕووی کردە شێخ مەحموود کە دەسەڵاتی لە هەموو شێخەکانی تری کورد فراوانتربوو، بە حوکمداری سلێمانی دایمەزراند و ڕاشیگەیاند لاری نییە لەوەی هۆزە کوردەکان لەزێی گەورەوە تا ڕووباری دیالە بێنە ناو دەوڵەتەکەی. بەڵام ئاوات و ڕەفتارەکانی شێخ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریەت نەدەهاتەوە – ئەوەتا یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی لەمەڕ شێخ دەڵێت: (ئەو کێشەی سەرەکیمان بوو، نەزانە بەڵام ساویلکە و بێتاوان نییە، ئەگەر بنکەی سەربازی دیار نەبێت زۆر شەڕەنگێزە. بە پێی پێشینەی لە سەردەمی تورکەکان جێی متمانە نییە، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە شۆڕش دابووە دژ بەحوکمی تورک). ئیتر ئەم تاشە بەردە سەختە لەکوێ و ئەومەرمەڕی فەیسەڵی لێدروستکرا، کە وەستا و پەیکەر تاشانی ئیمپراتۆریەت بەدەستییەوە حەسابوونەوە لەکوێ؟ دەربارەی هۆکاری دووەمیش، واتە دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی تورک ئەو سازشکاری و دڕندایەتییەی شۆڕشی

ساڵی ١٩٢٥ی [١] کوردانی پێ سەرکوتکرد، بەتەواوی ئاراستە فاشیستیانەکەی ئاشکرابوو، هەر لە هەمان ساڵدا بەریتانیا توانی بڕیارێک لەکۆمەڵەی نەتەوەکان بە دەست بێنی، کە بەهۆیەوە ویلایەتی موسڵ(کە کوردستانی باشووریشی دەگرتەوە) بخاتە سەر عێراقەوە. ساڵی ١٩٢٦ لێکتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە پەیمانی سێقۆڵی ئەنقەرە بەدەست هات، کە لەنێوان بەریتانیا و تورکیا و عێراقدا مۆرکرا، ئیتر بەمشێوەیە سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بەباشووری کوردستان جێگیرکرا بەوەی بە عێراقیانەوە لکاند و هیچ دەرفەتێکیان نەڕەخساند کە هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمیەک بە کورد بدرێ. ئەم لکاندنە لە زۆرێک لە وتار و لێدوانەکان وبەرهەمەکانی نووسەرانی سەرمایەدار بەوە

---

[١] – شۆڕشی ١٩٢٥ یا شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران: ئەم شۆڕشە دژی سیاسەتەکانی بە تورککردن لە باکوری کوردستان، کە حکومەتە نوێیەکەی ئەتاتورک پەیڕەوی دەکرد، بەرپابوو لە لایەن شێخ سەعیدەوە سەرپەرشتیکرا و زۆربینەی هۆزە کوردەکانی باکووری کوردستان چوونە پاڵی، هەروەها هەندێک لە ئەفسەران و سەربازانی پێشوتری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کورد و تورک چوونە پاڵی بە ئامانجی گەڕاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەنجام شێخ سەعید دەستگیرکراو و لە سێدارەدرا شۆڕش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.(وەرگێر).

لێکدەدرایەوە، کە لە پێداویستییە جوگرافیایی بازرگانییەوە سەرچاوەی گرتووە. گومانی تێدانییە لە نێوان باشووری کوردستان و ناوەڕاستی عێراق چەندین پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییانە پێویستیان بەم لکاندنە کۆلۆنیالیانە نییە. چونکە مەرامەکانی ئەم لکاندە بێ پەردە کۆلۆنیالی وستراتیژی وچەوسێنەرانەیە. تەنانەت خودی نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاش نەیانتوانیوە ئەم ڕاستیە بشارنەوە، نوێنەری بالای بەریتانیا لە ١١ / ئاب / ١٩٣٠ لە سلێمانی لە وتارەکەیدا گوتی: (بینیومە هەندێ سەرچاوەی نابەرپرس پێیانوایە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بریتییە لە هاندانی نەتەوەی کورد، بێگومان ئەمە ڕاست نییە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەشڵەژێنێ بەڵکوو هەردوو دراوسێ خۆشەویستەکەشی، حکومەتی تورکیا وحکومەتی ئیرانیش دەشڵەژێێنێ. هیچ شتێکیش بەقەد ئەم بەد گومانییە لە ڕاستییەوە دوور نییە).
(گرفتی بەڕێوەنەبردنی کوردستانی باشوور بە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ بۆ خۆلادان بوو لەوخەرجییە زۆرەی، کە داگیرکردن دەیخستە سەر خەزێنەی بەریتانیا. کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بینی حوکمڕانانی عێراق ئەو پۆلیسەن کە ئەرکی پاسەوانیکردنی بۆ دەبینن لەعێراق بە کوردستانیشەوە. خەرجی خۆی و خەرجی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی لە جەماوەری زەحمەتکێشی عێراق بۆ

کۆدەکەنەوە لەجیاتی ئەوەی بکەوێتە سەرشانی خەزێنەی بەریتانیا).[1]

بەمشێوەیە دەبینین لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە گەلی کوردی لەمافی چارەی خۆنووسین و مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێبەشکردووە و جیاوازییەکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورددا دروست کردووە، وایکردووە گەلی کورد بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی حوکمی عێراقی پاشکۆی بەریتانیا، بەشێوەیەک کە یەکەم: بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەدەست حوکمی عەرەبی کۆنەپەرست، دووەم: بەدەست چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی، سێیەم: بۆ دۆزینەوەی یەکێتیەکی عێراقیانەی لکێنراو، کە پێچەوانەی یەکێتی ئارەزوومەندانەی ئازادە لە نێوان هەردوو گەلدا، بناڵێنێت. سەرباری بەڵێنی هێزە دیموکراسی ونەتەوەییەکانی عێراق بۆ نەتەوەی کورد لەکاتی تێکوشان لەدژی هەژموونی بەریتانیا بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. ئەم یەکێتی لکاندن و کۆلۆنیالیزمە وەک مامۆستا عەزیز شەریف گوزارشتی لێکردووە بریتیبوو لە یەکێتی کۆت و زنجیر کە دواتر بووە یەکێتیەکی پیرۆز لە لایەن حوکمرانی عێراقی لایەنگری کۆلۆنیالیزم و حوکمرانی نیشتمانیی و دواتر نەتەوەیی بەدوای یەکدا، پاشان بوو بە شمشێری هەڵکێشراوی دامۆکڵس لەدژی

---

[1] -المسألة الكردية فى العراق – للأستاذ عزيز شريف.

بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد، کە هەر کـــاتێ بـــۆ داواکردنـــی مـــافە دیموکراســـی و نەتەوەییـــیە ڕەواکـــانی ڕاپەڕیبـوایە، لەئەنجامـدا تـۆمەتی جوداخـوازی و دژایەتـی کردنی یەکڕیزی عێراق و تێکدانی یەکڕیزی خاکی عێراق و تـــۆمەتی تـــری هەڵبەســـتراو لە دەزگـــا پرۆپاگەنـــدەکانی کۆلۆنیالیزم یان شۆڤینییەکان یان هەردووکیان بەیەکەوە، لە دژیان بڵاودەکرایەوە.

سـێیەم: مێـژوو و ئەزمـوون لە وڵاتـانی سـەرمایەداری [1]و سۆسیالستی، دیموکراسی و دیکتـاتۆری سـەڵماندویەتی، کە یەکێتیـی و برایەتـی و بەیەکەوە ژیـانی ئارەزوومەنـدانەی

---

[1] – سەرمایەداری: ئەو قۆناغە پێگەیشتووە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەیە کە جێگەی سیستەمی کۆمەڵایەتی فیوداڵی گرتۆتەوە. سەرمایەداری دوا ڕژێمێکە کە لەسەر بنچینەی چەوساندنەوە دەڕوات، پایەی لەسەر موڵکـــدارێتیی تـــایبەتی و خـــاوەن هۆیەکـــانی بەرهەم هێنـــان و چەوســـاندنەوە دامەزراوە. لە قۆنـــاغی لەنـــاوچوونی فیوداڵیزمـــدا شێوەکانی بەرهەمهێنان لە شێوەی ساکارەوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری و لە قۆنـاغی سـەرمایەداریدا جـۆری بەرهەمهێنان گەشـە دەکات و هەمـوو هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە مـوڵکی سـەرمایەداران. (فەرهەنگـی نـوێ، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە، بورهـــان قـــانع، چـــاپی دووەم، ســـلێمانی ٢٠٠٣، خـــانەی چـــاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، لا، ٦٦). (وەرگێڕ).

ڕاســتەقینەی گەلان، ئەگەر لەســەربنەمای یەکســانی تەواو سیاسـی، ( بەمـافی چـارەی خۆنووسـینەوە) ئـابووری، ( بە ڕێگریکــردن لە چەوســانەوە و وەبەرهێنــانی لایەنێــک بــۆ لایەنێکیتر) دیموکراسییەتی ڕاستەقینە و ڕێزگرتنی هـاوبەش بــۆ بەرژەوەنــدی و مــافەنەتەوەیی و دیموکراســییەکان، دانەمەزرابێــت نــاتوانێ تەواو و بەردەوام بێــت. هەروەهــا مێــژوو شکســتی گەورەی شــێوازەکانی چەوســاندنەوە، لەنـاوبردن و ولەنـاوبردنی نەتەوەکـان، هەروەهـا شکسـتی گەورەی تواندنەوە و قەلاچۆکردن وهەڵلوشینی یەکخستنی سەلماندووە جا بە ڕوسیکردن بێت، یان بە تورککردن، یـان بەفرەنساییکردن، یان بەعەرەبکردن، یان بە فارسکردن، یان بە ئەڵمانی کردن بێت.

چــوارەم: ئەزمــوونی وڵاتەکانمــان و جیهــانی ســێیەم ســەلماندویەتی کە دیموکراســییەتی ڕاســتەقینە بنیــاتنراو لەسەر مافی دەنگدان و هەڵبژارنی فەرمانڕەوا و سیستەم و یاسادانان، لەسەر بنەمـای ئـازادییە دیموکراسییەکان، لەوانە ئازادی پێکهێنـانی حزب و ڕۆژنـامەگەری و ڕا و بیروبـاوەڕ و ئایین و پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمی نەتەوەیی و مەزهەبی، لەســەر مــافی جەمــاوەری دانیشــتوان لە بەڕێــوەبردن و بەشـداری کردنـی ڕاســتەقینەیان لە دەســتەلاتدا، هەروەهـا گوزارشت کردنی ئازادانە لە خواستی ژیان پێکەوە یان بە جیــاوازی بــۆ ئەو نەتەوانەی لەیەک دەوڵەتــدا دەژیــن، لەسەردەسـتورێک کە ئەم مـاف و ئازادییـانە زامـن بکـات،

تەنیـــا ئەم دیموکراســـییەیە کە دەتوانێـــت ســـەربەخۆیی نەتەوەیی، ئابووری، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، شارستانی، بەدەست هێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، ســـەقامگیر، بەدەســـت هێنـــانی برایەتـــی و پێکەوەژیـــانی نەتەوەکان مسۆگەر بکات.
کەواتە ئەگەر دەرس و پەنـــدی پێویســـت لەم ڕاســـتیانە وەربگـرین دەتـوانین بەسـوک و ئاسـانی وەڵامـی ئەو دوو پرســـیارە گـــرنگە بـــدەینەوە، کە برامـــان دکتـــۆر جەمـــال خستۆیەتییە ڕوو. چۆن پرۆژەی یەکگرتن لە سوریا بەرەو پـێش بچێـت و بڵاوببێـتەوە و بگـاتە عێـراق بەبـێ بەریەک کەوتـن لەگەڵ ئەو ئامـانجە نیشـتمانییانەی کـورد هەیەتـی؟
دەکـــرێ وەڵامەکەی ئەوە بێـــت کە پـــرۆژەی یەکگرتنـــی عەرەبـــی بە دیموکراســـییەت و داننـــان بە مـــافی چـــارەی خۆنووسینی گەلی کورد( برا مێژووییەکەی)، داننان بە مافی یەکسـانی، یەکێتیـی ئارەزوومەنـدانە لە جیـاتی خۆسـەپاندن، یەکگرتنی لکاندنیانە، بە تێگەیشتن لە دەرسە مێژووییەکـانی کە ئەسـتەمە بە توانـدنەوە و قوتـدانی نەتەوەکـان پـرۆژەی یەکگرتنـی عەرەبـی لە سـوریا بتـوانێ بەرەوپـێش بچێـت و سـەربکەوێت و بگـاتە عێـراق بەبـێ بەریەککەوتـن لەگەڵ ئەو ئامانجە نەتەوەییانەی کورد هەیەتی، بەڵکوو پشتیوانی ڕەهـا و پشتگیری پشتیوانی هەمەلایەنی نەتەوەی کورد بە دەست دێنـێ، چـونکە ئەوسـا بە مـافێکی ڕەوا ئاسـایی و زەروری گەلـی عەرەبی(بـرای مێژوویـی) دەبینـێ، نەک هەر ئەوەنـدە

بەڵکـوو واشــی دەبینــێ  کە ئەمە حـوکمێکی گشــتییە بـۆ ڕزگاری و ئازادی و پاڵپشتیشە بۆ مافە سروشتییەکانی لە مافی چارەنووس، پشتگیریەکی ڕاستەقینەیەتی لە ڕزگاری و ئــازادی خۆیــان، هەروەهــا بەدیهێنــانی یەکگرتنێکــی ئارەزوومەندانەی ئازاد لە نێوان هەردوو گەلی برا، عەرەب و کورد کە لەو کاتەی بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسیی، ستراتیژیە ڕاستەقینەکانیان پێویستی دەکەن.

ئایا نەبوونی دیموکراسییەت هۆکارێکی سەرەکی نەبوو بۆ پەککەوتن و نوچدانی پرۆژەی یەکگرتنی عەرەبی لەماوەی ســـەرهەڵدانی مێژوویـــی خۆیـــدا لە ژێـــر ســـەرکردایەتی عەبدولناسر، ئەگەر دیموکراسییەت هەبوایە، تەنانەت بۆ جیابوونەوەی سوریاش لە کۆماری عەرەبی یەکگرتو ، ئەم جیابوونەوەیەی کە لەسەرەتاوە  زەمینە و کەشوهەواکەی لەبار و ساز نەبوو، ئەگەر دیموکراسییەت هەبوایەئەوا ڕێی تێنەدەچـوو بە کودەتـایەکی ســەربازی کە لە هەلـومەرجی دیموکراســییدا ئەســـتەمە ڕووبـــدات، ئایـــا بێبەشـــی لە دیموکراســییەت، یەکســانی، مــافی چــارەنووس هۆکــاری سەرەکی نەبوو بۆ ترسی خەڵکی عێراق بەهەردوو نەتەوەی کـورد و عەرەب و ســەرجەم هاوڵاتیـانیتر لە یەکگرتنێکـی یەکـانگیری دەسـبەجێ ، کە تکـام وایە بـرام دکتـۆر جەمـال ئەتاسی دڵنیا ببێتەوە لەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکی عێراق دوای شۆڕشی ١٤ تەمموززی شکۆدار ڕەفزیـان دەکـردەوە. ئەی تەنـــانەت نەبـــوونی دیموکراســـییەت هۆکـــارێکی

ڕاستەقینەی تر نەبوو لە ڕێگرتن لە بەدیهاتنی یەکێتی سێقۆڵی[1] ساڵی ١٩٦٣ی نێوان میسر و سوریە و عێراق؟!.
سەبارەت بەوەی کە چۆن پرۆژەی نەتەوەیی کورد ئەگەر ڕەهەندەکانی خۆیمان وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانیی، یەکرێزی گەل و خاک پێدا، تا لەگەڵ ئامانج وئاواتەکانی عەرەب بۆ ڕزگاری و یەکڕیزی بەیەک بگەن و هاوکار بێت نەک دژایەتی و ناکۆکی لە چوارچیوەی هەلومەرجی ئێستای ناوچەکەدا؟!
ئەوا بەمجۆرە دەبێت:

١ – یەکێتی سێقۆڵی: لە ئاکامی هەردوو کودەتای عێراق(٨ ی شوباتی ١٩٦٣) وکودەتای سوریا(٢٨ ی ئاداری ١٩٦٣) لەم دوو وڵاتە حزبی بەعس هاتنە سەر دەسەڵات، بەوەش زەمینە دروست بوو بۆ نزیک کەوتنەوەیان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر لە پێناو هێنانە کایەی یەکێتییەکی سێقۆڵی. مانگی نیسانی ١٩٦٣ وتووێژەکان دەستیان پێکرد، سەرەنجام (١٧ ی نیسانی ١٩٦٣)وتووێژەکان بە ڕاگەیاندنی مۆرکردنی ڕێککەوتنی یەکێتیی سێقۆڵی کۆتایی هات. بەڵام هەر زوو جەمال عەبدولناسر ئەم ریکەوتنەی هەڵوەشاندەوە بە هۆی ئەو ناکۆکییانەی لەگەڵ بەرپرسانی سوریادا هەیبوون. بڕوانە: (مجموعە من المؤلفين، تأريخ الوطن العربي المعاصر،جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل،١٩٨٦). (وەرگێڕ).

یەکەم: بە داننـان بەحەقـیقەتە مێـژوییە زینـدووەکان لەلایەن بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی عەرەبەوە، لەوانە مـافی بـوونی گەلــی کــورد و نیشــتمانەکەی لە جیـاتی نکـۆڵی کـردن لە بوونیـــان و خۆنەبـــانکردن لە هەبـــوونی لەســـەر خـــاکی نیشــتمانی کوردســتان یــان بەعەرەبکردنــی کوردســتان لە بەرهۆی شۆڤینی و ڕەنجخۆری یان ئابوورییەوە.

دووەم: بەداننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد وەک هەمـوو گەلانـی تـری دنیـا وەک ئەوەی بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دانی پێدادەنێ بۆ هەموو گەلانی دنیا جـــگە لە گەلانـــی کـــورد و ئەمـــازیغ و (ژەنگییەکـــانی) ڕەشپێســـتەکانی باشـــووری ســـودان، واتە ئەو گەلانەی لەچوارچێـوەی کەوشــەنی دەوڵەتە عەرەبییەکانـدا دەژیـن؟ چـۆن دەبێـت ســەرەڕای ڕایەڵە و پەیوەنـدییە مێژوویـی، ئایینییەکـــان، شـــکۆمەندییەکانی خەبـــاتی هـــاوبەش، جوامێریەکــانی پێکەوەژیــانی درێژخــایەن و بەردەوام، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دان بەو مافانەدا نەنێت بـۆ گەلێکـی هاوسـێ و بـرا کە لە سـەردەمی سـەلاحەدینی ئەیـوبیەوە لەگەڵ عەرەب بەشـدار بـووە لە ناخۆشـی و لە شارســـتانیەت و کلتوورەکەیـــان و هەمـــوو ئەو شـــەڕە مێژووییانەی کردوویەتی. کەچی بۆ سـەرجەم گەلانی سـەر زەوی نەک هەر دان بەو مافەدا دەنێ بەڵکوو چەپڵەشـی بـۆ لێدەدا ؟ ئایـا ئـاخۆ ئەگەر بە نمـوونە کوردسـتانی باشـوور ســاڵی ١٩٢٥ بە عێراقــی عەرەبیــیەوە نەلکێنــرایە، بەڵکــوو

حکومەتی کوردستان مابایەوە کە بەریتانیا و عێراق دانییان پیانابوو لە ٢٢ / کانوونی دووەم / ١٩٢٢، ئەم نکۆڵی کردنەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد ڕوویدەدا ئەگەر بەنموونە گەلی کورد لە دورگەی واقواق[1] بژیانایە، یان ئەمە بە تاوان نەدەژمێردرا، بەمجۆرەش ئەگەر لە دەوڵەتی عێراق نەبوایە یان هاوسنوور نەبووایە لەگەل عێراقی عەرەبی و سوریای عەرەبی؟! ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب ولەناویاندا بەعس، دەیەوێت لە کورد بگەینن، کە تاوانیان ئەوەیە دراوسێی عەرەبن وبەشداریان کردووە لە گەڵیان لە شەڕەکانییان و لە مێژووی بەردەوامی خەباتی هاوبەشی درێژ و تاڵدا؟ یان ئەمانە هەمووی بە شانازی و جوامێری دادەنرێن و هۆکاری هۆکانی ئەوەن عەرەب ناچاربکەن پشتیوانی لە خەباتی براکانییان بکەن یان ئەمانە هۆکاری ئەوەن پاڵ بە عەرەبەوە بنێن بۆ دژایەتیکردنی کورد و هەڵگیرساندنی شەڕی قڕکەر لە دژیان.

سێیەم: هەروەها بە قبوڵکردنی دیموکراسییەت بۆ گەلی کورد و بە قبوڵکردنی یەکێتی ئارەزوومەندانەی ئەوان

١ – ئەم دورگەیەکە لە کتێبە توراسییەکانی عەرەبدا ناوی هاتووە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە بیسەلمێنێ ئاخۆ دورگەی واقواق ڕاستییە یاخود خەیاڵ. (وەرگێڕ).

لەگەڵ بــرا عەرەبەکانیــان وەک ئەلتەرناتیڤێــک بــۆیەکێتیی زۆرەملێیـانەی کۆڵۆنیـالی کە ڕمەکـانی کۆڵۆنیـالی بەریتانیـا دایانهێنا، بریتی بوو لە یەکێتی کۆت و زنجیری کۆڵۆنیالی و دواتـــر حکـــومەتە نەتەوەیـــیە عەرەبەکـــان بەمیـــرات لە کۆڵۆنیـالیزمی بەریتانیـا بۆیــان مــایەوە بــۆ درێژەپیــدانی بەکۆتی شۆڤینیانە و زنجیری کۆنەپەرستی و فاشستانە.

چوارەم: بە قەناعەت پێکردنی کورد و قەنـاعەت هاتنیـان بە گرنگی برایەتـی عەرەب و کـورد و پێداویسـتیەکانی خەبـاتی هاوبەشـــی کـــورد و عەرەب، ســـوودەکانی یەکێتـــی ئارەزوومەنـــدانەی عەرەب و کـــورد، یەکێتـــی نەیـــاران و ئامانجەکان، هەروەها کاتێک لە ڕیزەکانی پارتی دیمـوکراتی کوردستان و دەرەوەی ڕیزەکـانی تێدەکۆشـاین دوو ڕاسـتی گرنـــگ کە بە تەنیـــا ئـــێمەی پێشـــکەوتنخوازانی کـــورد دروســـتمانکرد بەبـــێ وەڵامـــی هاوشـــێوە لەلایەن بـــرا عەرەبەکانمانەوە دوو دروشمی سەرەکی کە بریتن لە:

١-هەر ســەرکەوتنێک کە نەتەوەی عەرەبـی پێشـکەوتنخواز بە دەســتی دەهێنێــت لە تێکۆشــانیدا دژی کۆڵۆنیــالیزم و زایـۆنیزم، بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی، دیموکراسـیی و یەکڕیـزی، سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی کوردیش.

٢-هەر سەرکەوتنێک کە نەتەوەی پێشکەوتنخوازی کورد بە دەســتی دەهێنێــت لە تێکۆشــانیدا دژ بە کۆڵۆنیــالیزم و داگیرکردنی کۆنەپەرستانەی خـاکی کوردسـتان، بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی، دیموکراسـیی، مـافی چـارەی خۆنووسـینی گەلـی

کورد، سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی عەرەب. بەڵێ ئەگەر بڕوامان بەم دوو دروشـــمە هەبێــت و لێیــان تێــبگەین بە داتــا و داواکارییەکانیـان کـاربکەین ئەوا کێشــەکانی نێـوان پـرۆژە نەتەوەییەکـــانی عەرەب و کـــورد، ڕزگـــاری، یەکڕیـــزی چارەســـەر دەکرێـت. پێمـوایە ئـێمە لە بنەمـاو چوارچیـوە گشـتیەکانیدا لەگەڵ دکتـۆر جەمـال ئەتاسـی برامـان نـاکۆک نــین، لە وەڵامەکــانی ســـەرەوەدا. بە بۆچـــوونی مــن ئەم لێــدوانەی ســـەرەوە یەکــێکە لە مەرجەکــانی بەدیهێنــانی پێکەوەژیـان، هاوکـاری، هاریکـاری هـاوبەش، پشـتیوانی لە نێـوان پـرۆژەی یەکپـارچەیی نەتەوەی عەرەب و پـرۆژەی نەتەوەیـی کـورد بـۆ ئـازادی، مـافی چـارەی خۆنووسـین. هەروەها هەنگاونانی هاوبەش بەرەو ئامانجە ستراتیژییەکان لەمیـانەی ســـەرجەم قۆنـاغە یەک لەدوای یەک و بەشـوێن یەکدا هاتوەکانی خەبات.

سـەبارەت بە پرسـیارەکانمان بـۆ ئەو تێبینـی و پرسـیار و تەنانەت تۆمەتانەش کە لەم دوو پرسیارە گرنگە پەلوپۆیـان هاویشتووە، بەم شێوەیە ڕوونیان دەکەینەوە:

ئێمە لەگەڵ دکتۆردا تەواو هاوڕاین، کە تەنیا جەختکردنەوە لەسـەر خزمـایەتی، برایەتـی، پەیوەنـدییەکانی مێژوو، ئـایین نـــابیتە ڕێگـــر لەهەڵگیرســـانی ئەو ململانـــێ سیاســـییە خوێنــاوییەی کە مــاوەیەکی زۆرە لەســـەر خــاکی عێـراق بەردەوامە، کە بەتەواوی عەرەبی نییە، بەڵکوو ئێستا عێراقی عەرەبـــی و کـــوردییە ( بەحـــوکمی بـــوونی باشـــووری

کوردستان له ناویدا) بەڵام بۆچی هەموو ئەمانە ڕوویدا و چۆن ڕێگری لێنەدەکرا؟ بە داخەوە دەڵێم هاوڕێمان دکتۆر جەمال ناوبژیوانێکی دادپەروەر نەبوو لە داوەریکردن لەم بابەتەدا. پێموایە بە ناڕەوا بەرپرسیاریەتی زیاتر دەخاتە ئەستۆی لایەنی کوردی، لە کاتێکدا حەق و واقیع دەیسەلمێنێ کە دەبێت بەرپرسیاریەتی گەورەتر و زۆرتر لە ئەستۆی لایەنی عەرەبییەوە بێت ؟ ئەمەش چۆن دەردەکەوێت؟ بە لێکدانەوەی کرۆک و ناوەرۆکی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە:

١-ئایا هەروەها ڕێگری لە زۆرێک جووڵە و بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان کردووە کە بێنە سەر ڕێگای پرۆژە و بزووتنەوەی عەرەبی و یەکێتیخوازییەکەیان؟

٢-ئەی زۆر کەس ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە لە نێو ئەو فاکتەرانەی وایانکرد هەندێک لە حزبە شیوعییە عەرەبییەکان دژایەتی پرۆژەی یەکڕیزی نێوان میسر و سوریا و دواتر نێوان ئەم دووانە و عێراق بکەن ، کوردە دەمارگیرەکان وایان لە هەندێک سەرکردەی ئەو حزبانە کرد کە بەشێوەیەکی نانەتەوەیی لە سەر مەسەلەی یەکڕیزی عەرەب بوەستنەوە و لایەنگری ئەو هێزە نەرێنیانە بن و دەرفەتیکی مێژوویی گەورە لە دەست نەتەوەکەمان بدەن.

جگە لەم دوو پرسیارە لە خستنەڕووی ناوهێنانی نموونەی عێراق تۆمەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە.

بەڵام پێش وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە پێموایە دەبێ دەستخۆشی لە دکتۆر جەمال بکرێ لە بەر ڕێنماییەکانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی بە تایبەتی کاتێک ئیدانەی شۆڤینیزم و ستەم و چەوساندنەوە دەکات، کە دەڵێت:

١-(کاتێک نەتەوەخوازی بە شۆڤینزم وەردەگیرێت، ئیتر بەم پێوەرەوە نەبێت سەیری نەتەوەکانی ترناکات واتە لەمیانەی خۆپەرستیی و دەمارگیری خۆیدا. ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە سیستەمی حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی یاخۆ دەستەگەری دامەزرابێ، ئەو سیستەمەیە کە پەیڕەوی ستەم و چەوساندنەوەی گەلانی تر دەکات. ئەو ڕژێمانەی لەسەر بنەمای دیکتاتۆری و ستەمکاری دامەزراون، بە ڕادەی چەوساندنەوەی گەلی خۆیان سەپاندنی دەسەڵاتەکانیان بەسەریاندا و بە چاوی سوک سەیری ویستی نیشتمان پەروەرانەی ئازادیان دەکەن، ئەو کەمینە نەتەوەییانەش یان ئەو گەل نەتەوانەی دیکە کە لەسەر خاکی ئەوان دانیشتون یان لە سنوورەکانییانن دەچەوسێننەوە، کار دەکەن بۆ سەپاندنی

دەسەڵاتیان بەسەریاندا و مافی چارەی خۆنووسینیان پشتگوێ دەخەن).[1]

٢-(بەو ئەندازەی چەمکی دیموکراسییەت بۆ نیشتمان، هاوڵاتیبوون، سەروەری ئازادی گەل نزیک دەبینەوە لە بنیاتنانی سیستەمە نیشتمانییەکانمان و لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بەدیهێنانی یەکڕیزی عەرەبیماندا، گروپە نەتەوە ناعەرەبیەکانی دانیشتوی ئەم ناوچەیە یاخود لەو ناوچەیەی نیشتمانی عەرەبیمان لە ڕابردوو تێکەڵ نەبوون بە ئێمەوە و پەرۆشە بۆ بوون و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی، دەبێت خۆی بۆ ئێمە دەربخات و لە ڕێگەی هەمان پێوەری دیموکراسییەت و مرۆدۆستی، کە ڕێڕەومان ئاراستە دەکات، دەبێت ئەو هەڵوێستەمان هەبێ کە لە ئازادی نەتەوەیی خۆماندا دەمانویست واتە ئیرادەی نەتەوەیی ئازاد و مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت).[2]

٣-(ئەم ڕەوتە دەبێت نەک تەنیا لە وتەکانی حزبە نەتەوەییە عەرەبیەکانمان و ئەو دروشمانەی بەرزی دەکەنەوە بەڵکوو لە کردەوە و هەڵوێستە ڕاستەقینەکانیشدا ڕوون بێت کە دەیگرنە بەر بۆ گەیشتن بە نەهێشتنی بەریەککەوتن و دۆزینەوەی فۆرمۆلەیەک بۆ هاوکاری، تەنانەت هاوپەیمانی ستراتیژییش لە نیوان بزووتنەوەی ڕزگاری یەکێتیخوازانەی عەرەب و بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی کورد، تا

---

[1] -عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص٢٦.

[2] -سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

لەمەوە بگەیــنە چارەســەری گونجــاوی کــاتی بۆبــوونی نەتەوەی کـورد لەنـاو سـنووورە نێودەوڵەتیەکانـدا بـۆ یەک وڵاتــی عەرەبــی بە تــاییبەت یــان بــۆ زیــاتر لە وڵاتێـک و لەڕێــگەی ڕوانگەیەکــی ئاینــدەییەوە کە ئەدگــارە گشــتییە ڕوونەکـانی خـۆی هەیە بە جۆرێـک کە نەبەربەسـت بێـت لەبەردەم ڕێگا بەرنامەی نەتەوەی یەکگرتومـان و نە ڕێگـای ئاواتەکـــانی نەتەوەی کــــورد نەبڕێــــت کە لە ســــنووورە عەرەبیەکانمانـدا ناوەسـتێت، بەڵکـوو زۆرێـک لە وڵاتـانی دراوسێ ونەتەوەجیاوازەکان تێدەپەڕێت).[1]

دووەم: بە تێبینییە ڕەخنەییەکانی دکتۆر کە دەڵێت:

(دەمویســــت لەخۆمــــانی عەرەبەوە دەســــت پێــبکەم، کە لێپرسینەوە لە حزب و ڕێکخراوەکانمان بکەین پێش ئەوەی لێپرســینەوە و داوا لە لایەنە نەتەوەیــیە بەرامبەرەکانمــان بکەیــن و پێــداچوونەوە بە هەڵوێســت، پڕاکتیــک، بیــر و بۆچوونەکانمـــــان بکەیـــــن لەم بـــــوارەدا و ئامـــــانجە نەتەوەییەکانمـان، ئەو ڕێگـایە دیـاری بکەیـن  کە پەیـڕەوی دەکەیـن بـۆ بەدەسـتهێنانیان پـێش ئەوەی لێپرسـینەوە لە لایەنـی بەرامـبەر بکەیـن و پرسـیاری لێـبکەین و....).[2] بەڵام نـــاتوانم لەگەڵ  بڕیـــارە تونـــدەکەی لەســـەر بـــزووتنەوە کوردییەکـان ڕازی بـم، کە هەڵەکانیـان بە هــی ڕژێمەکـان بەراورد دەکـات چجـای حزبەکـان کە دەڵێـت بـزووتنەوە

---

[1] -سەرچاوەی پێشوو، ل،٢٧.

[2] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٧.

نەتەوەییەکـــــان کەوتـــــونەتە هەڵە و دوبەرەکـــــی گەورەترەوە[1]....ئەمە دواتر وەڵام دەدەمەوە. بەڵام ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئەو دووپرسیارەی لەسەرەوە باسمان کرد بۆ ئەوەی بزانین:

١-ئایا ڕاستە زۆرێک – بەڵێ زۆرێک - لە بزووتنەوە و جـــوڵانەوە سیاســـییەکانی کـــورد ڕێیـــان لە پرۆژەکـــانی بزووتنەوە یەکیتیخوازەکانی عەرەبی گرتووە، بە دڵنیاییەوە باوەڕمـــان بەوە نیـــیە و بـــۆ ئەوەی لە تـــاریکی گشـــتگیر دەربچـــین بـــۆ ڕونـــاکی ڕاســـتییە مێژوییەکـــان دەڵێـــین لە سەردەمی ئێمەدا دوو هەوڵ بۆ یەکڕیزی عەرەبی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا هەبووە، کە کوردەکانی تێدا دەژین، یەکڕیزی میسر و سوریا. دواتر یەکڕیزی میسر و سوریا بەیەکەوە لەگەڵ عێراق و یەکڕیزی هاشمی نێوان عێراق و ئوردن، کە پێمـــوانییە دکتـــۆر ئەمەی دوایـــی مەبەســـت بێـــت. کەواتە هەڵوێستی کورد کە لۆمە دەکرێ یان ئیدانەکراوە، تەنیا بە هەڵوێستی یەکەمەوە قەتیس کراوە. ئەمەش چۆن بووە؟.

أ – کوردەکانی سوریا لەگەڵ یەکڕیزی عەرەبی و زۆرێک لە کەسایەتی و نوێنەرەکانیان بۆ دەنگدان لەسەر کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەشداربوون و دەنگیاندا.

ب – لە عێراق دوو هەوڵدراون، یەکەمیان لە ١٩٥٨، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق، کاتێک بەعسییەکان بە تەنیا دروشـمی یەکێتـی ئاوێتەبوونیـان بەرزکـردەوە، لە کاتێکـدا

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٨.

حــزبه دیموکراتەکــان و بە تــایبەتیش شــیوعییەکان داوای فیدڕالیەتیان دەکرد، کەواتە ئەو کاتە تاکە حزبی کوردی، پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان (پــارتی) لەکــوێ بــوو؟ بە چاوپۆشی لە مشتومڕ دەربارەی ئەوەی کامەیان پەسندتر یان گونجاوترە یەکێتی فیدڕاڵی یان یەکێتی ئاوێتەبوون یان پــێچەوانەکەی – ئەمە بــابەتێکی گــرنگە خــودی عەرەبە عاریبەکان(قەحتانییەکــان) [1]و حزبەکانیــان وهێزەکانییــان باسی لێوە دەکەن، باشتریش وایە کوردیش لێی بکۆڵێتەوە و هەروەها گفتوگۆی لەســەر بکات – مەکتەبی سیاسیی حزب بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ، کە لەلایەن سکرتێری حزب ئیبــراهیم ئەحــمەدەوە [2]پێشــکەش کرابــوو لەو ڕۆژەی

---

[1] – عەرەب لە باری کۆنیانەوە دەکرێن بە سێ دەستەی جیاواز:
١–عەرەبی بائیدە: ئەوانە بریتین لە گەلانی عاد و سەمود و جەدیس و عبیل بۆیەش بە بائیدە ناویان هاتووە لەبەر کۆنینەییان و نەمانییان.
٢–عەرەبی عاریبە: ئەمانە قەحتانییەکانن، کوڕانی قەحتانی کوڕی عابر کوڕی شالَخ کوڕی ئەرفخشەد کوڕی سام کوڕی نوح ، وەک زۆرینەی ڕەگەزناسان دەیڵێن.
٣–عەرەبی موستەعرەب.

[2] – ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤–٢٠٠٠ ): سیاسی و نووسەرو ئەدیبی رۆشنبیری کوردە، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. لە ١٩٣٧کۆلیژی (الحقوق )ی بەغدای تەواو کردووە. لە ١٩٤٢ بۆتە دادوەر، سیاسەتمەدارێکی زیرەک بووە، ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ماوەیەکیش بۆتە سکرتێری ئەو پارتە، رۆلێکی گەورەی لە شۆرشی ئەیلولدا بووە لە ١٩٣٩–١٩٤٩ گۆڤاری گەلاوێژی

ناکۆکی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی عێراق توندتر ببوو، لە ڕۆژی ١١ / ٩ / ١٩٥٨ بڵاوکرایەوە کە تێیدا هاتووە:

پێش هەموو شتێک مەسەلەی یەکێتی یان یەکڕیزی لە دوو ڕووەوە بــۆ ئــێمە گــرنگە، یەکەمیــان ڕادەی پاراســتن و بەدیهێنـانی ئەو ئامـانجە هەنـوکەیی و دوورانەی کە گەلانـی عێـراق بـۆی تێکۆشــاون و ئێســتاش خەبـاتی بـۆ دەکەن. دووەمیان ئەو ڕادەیەی کە پرنسیپی هاوبەشی لە نیشتماندا دەپارێزێـت و بەدیـدەهێنێت و ڕادەی فـراوان بـوونی مـافە نەتەوەییەکــانی گەلــی کــورد، کە لە دەســتوری کۆمــاری عێراقدا دانیپێدانراوە.

بـێجگە لەم دوو لایەنە هەمەلایەنە ئـێمە ســەرەتا باوەڕمـان وایە، کە مەسەلەی یەکێتی و یەکڕیزی لە پلەی یەکەمدا هـی گەلی عەرەبە، چونکە ئەم دوولایەنە بەشێکن لەمافی چارەی خۆنووسینی گەلانی برا، ئەم مافە ڕەهایە گەورەیە و لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیری لە بۆچوونی گەلانـی عەرەب دەکەیـن ســــەبارەت بە دیــــاریکردنی چارەنووســــی خۆیــــان و

---

دەرکردووە لە ١٩٤٩ گیراوە بە هۆیەوە گۆڤاری گەلاوێژ داخراوە، ڕۆژنامەی خەبات (١٩٥٨-١٩٦١) و پاشان ڕۆژنامەی کوردستانی لە بەغدا دەرکردووە. لە دیارترین بلاوکراوەکانی: کوێرەوەری و ڕۆمانی (ژانی گەل) و (العرب والاکراد)، (ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٤٢). (وەرگێڕ).

ئەوشـێوازەی هەڵیـدەبژێرن بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەنـدییەکانی نێوان بەشە پەرتەوازەکانی جیهانی عەرەبی. هەر هەنگاوێک نەتەوەی عەرەب بەرەو ئامانجەکـانی بینێت پێویسـتە لەگەڵ فراوانکردنـی زیـاتری مـافە نەتەوەییەکـانی کـورد بێت، بـۆیە پێشنیاز دەکەین:

١-هەرکاتێـک عێـراق ئارەزووبکـات لەگەڵ وڵاتـانی عەرەبـی ئـازادبوودا بچێـتە نـاو یەکێتییەکـی فیـدرالییەوە پێویسـتە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ناو کۆماری عێراقدا بناسرێت.

٢-هەرکاتێکیش عێراق ئارەزووی کـرد بچێتە نـاو یەکێتیەک لەگەڵ کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو، پێویسـتە بـۆ نەتەوەی کورد لە عێراق دان بەوەدابنێ کوردستان لەناو ئەو پێکهـاتە نوێیەدا ئەندام بێت. بەمشێوەیە دەبینین تەنیا حزبی کورد ئەوسـا ڕەزامەنـد بـووە لەسـەرمافی گەلـی عێـراق لە هەڵبژاردنـی یەکگـرتن لەگەڵ یەکێتـی فیـدراڵی، یـاخۆلەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا.

سـەبارەت بە هەوڵـی دووەم کە لەسـاڵی ١٩٦٣ بـۆ چەسـپاندنی یەکڕیـزی سـێقۆلی ئەنجامـدرا، مـن ئامـاژە بە خـودی دکتـۆری بـرا دەکەم- وەک فـارس گـوتەنی کـێ لە دادوەر شایەستەترە بۆ گەواهیدان –بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە نیشانبدەم کە ڕاست نییە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە دژایەتـی یەکڕیـزی عەرەب تۆمەتبـار دەکـات، لەدەقەکەدا ئەمەی خوارەوە دەڵێت:

لە میـانەی گفتوگۆکـانی یەکرێـزی و لە و چاوپێکەوتنـانەی لەپەراوێزیدا ئەنجام دەدران جەلال تاڵەبانی ئەم تێڕوانینینەی خوارەوەی خستەڕوو:
(ئەگەرئێوە بەنیازی دامەزراندنی یەکێتیی کۆمارەکانن وەک فۆرمۆڵەیەک بۆ یەکرێزی سێقۆڵی نێوان میسر و عێراق و سـوریا ئەوا داواکارییەکانمـان وەک خـۆی دەمێنێـتەوە واتە ئۆتۆنۆمیمـان لە نـاوچە کوردنشـینەکاندا لە چوارچێـوەی یەکرێزی سێقۆڵیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر بتانەوێت وەک یەک کۆماری عەرەبی بێت دەمانەوێت کوردسـتان ببێتە هەرێمی چوارەم لەنـاو هەرێمەکانی ئەم کۆمـارەدا. وەک زانیشـمەوە عەبدولناسر ئاسودەبوو بەمجۆرە گەڵالەیە بەهـۆی خواسـتە ستراتیژییەکانی و ڕوانگەی ئایندەییەوە، کە لەگەل خواسـت و تێڕوانین و ڕوانگەکانی خۆیدا دەگونجا. دواتریش تاڵەبانی و هاوڕێکـانی پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ میسـری عەبدولناسـر بەباشی مـایەوە، ئەم یەکێتییەش دانەمەزرا چ وەک یەکێتیی کۆمارەکـان وچ وەک یەک کۆمـاری عەرەبـی. لە ڕاسـتییدا مەسەلەی کورد ڕێگری لە هیچ شـتێک نەکردبوو).[1]
ئەی کەواتە چـۆن دکتـۆر زۆرێـک لە بـزووتنەوە سیاسـییە کوردییەکـان  بە ڕێگـری کردنـی پـرۆژە و بـزووتنەوە یەکێتیخوازەکـانی عەرەب تۆمەتبـار دەکـات؟ تـاکە حزبـی کـوردی لە عێـراق وتەنـانەت شۆڕشـی کـوردیش بە ڕابەرایەتـی خوالێخۆشـبوو ژەنەڕال مەلامسـتەفا بـارزانی

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٨ –٢٩

پشتیوانی لە یەکڕیزی عەرەب، جا وەک کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بێت یان وەک یەکێتیی کۆمارە عەرەبییەکان، وەک لەسەر زاری جەلال تاڵەبانی نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی و پارتی و سەرۆکی وەفدی هەڵبژێردراو و سەرپشککراوی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا هاتووە، بەشێوەیەکی فەرمی یادداشتنامەیەکی بەناوی وەفدی کوردییەوە بۆ گفتوگۆ سێقۆڵیەکان پێشکەش کرد تیایدا هاتووە:

یەکەم: لەسەرەتادا دەڵێین لەبەر سروشتە گشتگیرییەکەی گفتوگۆکانی قاهیرە دەبێت گەلی کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی تێدا هەبێت.

دووەم: ڕوونی دەکەینەوە بۆتان کە گەلی کورد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێگری ناکا لەبەردەم ویستی گەلی عەرەب لە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەشەکانی وحکومەتەکانیدا دروستی دەکات، مایەی شانازییە بۆ گەلی کورد ئەگەر هەلێکی ئەوەی بۆ بڕەخسێ شکۆی بەشداری کردنی هەبێت لە ئاسانکردنی سەختی ناو پرسی ئەو پەیوەندییەی نیازوایە بەرپا بکەن لە نێوان سەرجەم بەشەکانی نیشتمانیی عەرەبیدا بەگشتی و دەوڵەتە عەرەبییە ڕزگاربووەکان بەتایبەتی، جا ئاست و جۆری ئەم پەیوەندییانە هەر چۆنێک بێت.

سێیەم: بۆ خۆلادان لە هەر کێشەیەک، کە لەوانەیە لە ئایندەدا لە بەرەنجامی کۆبوونەوەکانی قاهیرە و نێوان مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا دەربکەوێت لێرەدا ئەو

بۆچوونە لە سروشتی بوون و پێگەیدا لەعێراق بە کورتی لە میانەی خەبات و ئەزموونی میژوویی لە چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەنێوان خۆی و نێوان گەلی عەرەبدا لە بارودۆخی جیاوازدا دەخەینە ڕوو.

أ)ئەگەر عێراق چووە پاڵ یەکێتیی فیدراڵییەوە، دەبێت گەلی کورد لە عێراقدا ئۆتۆنۆمییەکی بە چەمکە ناسراوەکەی پێبدرێت نەک بە لێکدانەوەی بە ئارەزوو یان بە بەرتەسک کراوەیی.

ب) ئەگەر عێراق بە یەکگرتنییێکی تەواو چووە پاڵ دەوڵەتێکی تری عەرەبی، ئەوە گەلی کورد لە عێراقدا دەبێتە هەرێمێکی بەستراو بە دەوڵەتی یەکگرتوو بە جۆرێک کە ئامانجی هێشتنەوەی بوونی بەدیبهێنێت و لە هەمان کاتێشدا نکۆڵی لە جیابوونەوە بکات و پەرە بە پەیوەندییە توند و تۆڵەکانی نێوان هەردوو گەلی برا بەڕووی ئایندەیەکی باشتردا مسۆگەر بکات.

دەمارگیری شیوعیەت و پرنسیپ و سیاسەتە ڕاستەقینەکانی شیوعیەکان، نەک دەمارگیری کورد، ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەندێک سەرکردەی حزبە شیوعییەکان هەڵوێستی دژە نەتەوەیی وەربگرن، زوڵم و تۆمەتێکی دیکەیە دۆستی گەلی کورد و برا، دکتۆر دەیخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە وەڵامی ئەوەشدا دەڵێین هەر لە پێشەوە ئێمەی پێشکەوتنخوازانی کورد دژایەتی هەموو دەمارگیرییەکی نەتەوەیی دەکەین چ

کورد بێت  چ عەرەب، بۆیە ناکرێت پرسیار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکرێت سەبارەت بەو خولیاو مەیلەی ڕەتی دەکاتەوە و توڕی هەڵدەدات. هەرچۆنێک بێت با بە تایبەتی بێینە سەر تۆمەتبارەکان بۆ ئەوەی بزانیین کە تەنیا بەڕێز خالید بەگداش[1] دەبێت، کە تەمەنی درێژی خەباتی خۆی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی شیوعیەتی عەرەبی بەسەر بردووە و تەنیا خۆی بە عەرەبێکی بە عەرەب دەناسێنێ،

---

١ – خالید بەگداش: ساڵی ١٩١٢ لە دیمەشق لە دایک بووە، سەرەتایی وناوەندی لە دیمەشق خوێندووە، بڕوانامەی لە ماتماتیک بەدەستهێناوە، چۆتە ئامۆژکای ماف لە دیمەشق بەڵام بەردەوام نەبووە، خۆی پەروەردەکردووە لە بواری ئابووری سیاسیی و زانستی ساسییدا، کاری ڕۆژنامەگەری کردووە لە چەند ڕۆژنامەیەک نووسینی بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٣٠ چۆتە ریزی حزبی شیوعییەوە، چەندێن جار گیراوە و زیندانی کراوە یان خۆی شاردۆتەوە. بەسکرتێری حزب ودواتر بە سەرۆکی حزبی شیوعی هەڵبژێردراوە، سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی عەرەبی کردووە لە گۆنگرەی حەوتەمی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیزم، کە لە ١٩٣٦ لە مۆسکۆ بەسترا. دوای گەڕانەوەی لە هەمان ساڵی ١٩٣٦دا چۆتە فەڕەنسا بۆ یارمەتیدانی نوێنەرانی سوریا لە شەڕی پەیماننامەدا لە پاریس. بە نوێنەرایەتی دیمەشق هەڵبژێردراوە لە پەرلەمانی سوریا ساڵی ١٩٥٥. چەند ساڵێک لە ئەورووپا  و مۆسکۆ لەگەڵ خێزان و مناڵەکانی ژیانی بەسەر بردووە، وێرای زمانی عەرەبی، فەڕەنسی و ڕوسیشی زانیوە. لە ٢٤ تەمموز ١٩٩٥ لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (سلیمان سلیم البواب،موسوعة أعلام سورية في القرن العشرين، الجزء الاول، طبعة اولی، المنارة ٢٠٠٠، ص، ٢٥٩). (وەرگێڕ).

بەوپێیەی ئەو عەرەبی موستەعرەبە[1] نەک عەرەبی عاریبە (قەحتانی)، کەواتە بۆچی دەبێت هەڵوێستێک لەدژی ئێمە بەهۆی خالیدەوە لەسەر ئێمە ئەژمار بکرێت لە کاتێکدا ئەو ڕەتیدەکاتەوە کە خۆی بە کورد بناسێنیت. وتاقە ڕۆژێکیش بەشدار نەبووبێ لە بزووتنەوەیەکی کورددا؟ بەڵام بۆچی ڕێگە نادەن هەڵوێستی کوردە شیوعی و پێشکەوتنخوازەکان لە بەرژەوەندی ئێمە بیت لەوانە ڕەشاد عیسا[2] کە ئەویش کوردە، ئەندامیەتی خۆی لە مەکتەبی

---

٢- عەرەبی موستەعرەب یان موتەعریب، پێشیان دەگوتری عەدنانییەکان ، یاخود نزارییەکان، وەیان معێدییەکان، ئەمانە گوایە لەپشتی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمن سەلامی خوایان لەسەربێ، کە رەعلەی جورهومی خواستووە، لەوەوە فێری عەرەبی بووە، ئیتر پێیان گوتراوە موستەعرەب. (وەرگێڕ).

٢ - رەشاد عیسا: ساڵی ١٩٠٩ لەدایک بووە، ساڵی ١٩٣٠ چۆتە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە، فرەنسییەکان لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو زیندانیان کردووە، لە پەیمانگای ماف لە دیمەشق یاسای خوێندووە، دوای تەواوکردنی مۆڵەتی کارکردنی پارێزەری پێدراوە. دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا ساڵی ١٩٤٠ خستویانەتەوە زیندان ، دادگای سەربازی بە زیندانی کردنی پێنج ساڵ حوکمی داوە، لە پارێزگای ئەسکەندەرونە بەرپرسی ڕێکخراوی حزبی شیوعی بووە. بەشداری لە دژایەتی کردنی گرتنەخۆی ئەسکەندەرونە کردووە لە لایەن تورکیاوە. لەکۆنگرەی دووەمی حزب ساڵی ١٩٤٣ -١٩٤٤ بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە دواتر لیژنەی ناوەندیش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی دایناوە. بڕوانە:( پێگەی حزبی شیوعی سوری – یەکگرتوو). (وەرگێڕ).

سیاسیی حزبی شیوعی سوریادا کرده قوربانی، کاتێک دژی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین وەستایەوە، سەرەڕای ڕەزامەندی سۆڤیەت و سەرکردایەتی فەرمی حزبەکەی لەسەردابەشکردنەکە؟. بۆ هەڵوێستی سەرکردە ناسراوەکانی بە ڕەچەڵەک کورد لە بەرژەوەندی ئێمە ناژمێردرێن وەک شەهیدی نەمر کەمال جانپۆلا[١] کە بە داکۆکیکاری عەرەب ناسراوە لە لوبنان؟ بابەتەکەی لەسەر مامۆستا بەگداش قەتیس کردووە، چونکە پێموایە دکتۆر باش دەزانێت ساڵی ١٩٥٨سەرکردە کوردەکان (باڵا دەست نەبوون) بەسەر حزبی شیوعی عێراقییدا بەڵکوو عەرەبەکان

---

١ – کەمال جانپۆلا: کەمال فوئاد جانپولا(٦ کانوونی یەکەم ١٩١٧ –١٦ ئاداری ١٩٧٧)یەک لە گەورە فەرماندەکانی لوبنان لە ماوەی شەری ناوەخۆ و پێشتریش، هەروەها یەکێک بوو لە رابەرەکانی تایەفەی دورزییەکان لە جەبەل لوبنان سەرباری ئەوەی بیرمەند و پیتۆل بوو ڕەچەڵەکیان کوردە و لە سەردەمی ئەیوبییەکان لەکوردستانەوە ڕوویان کردۆتە لوبنان، بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر میرجان بۆلاردی کوڕی قاسم بەگی کوری ئەحمەدبەگ کوری جەمال بەگ کوری عەرەب بەگی کوڕی مەندکی ئەیوبی. مانای جانپۆلاد واتە خاوەن روحی پۆلایین، کەمال یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆشیالستی پێشکەوتنخواز، لە ١٦ ئاداری ١٩٧٧ تیرۆر کراوە. بڕوانە:( پێگەی ئەلیکترۆنی گۆڤاری ئاڤشینی کوردی). (وەرگێڕ).

بوون، بەڵام ساڵی ١٩٦٣ شیوعییە عێراقییەکان بە کورد و عەرەبیانەوە ڕاونران و کەوتنە بەر هەڵمەتێکی قڕکردنی درندانە کە (شۆڕشی سۆسیالستی یەکێتیخوازی شوبات) لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمیدا بڵاویکردەوە بۆیە ناکرێ ئەوان لەجیاتی جەللادەکانیان کە یەکڕیزی عەرەبیان ڕەتکردۆتەوە، جا کۆماری عەرەبی یان یەکێتیی کۆماری بێت، لۆمە بکرێن، وەک دکتۆر جەمال زۆر باش دانی پێدا دەنێت. ئەم هەڵوێستەی دکتۆر جەمالی برا، ڕوداوێکی خۆشم بیردێنێتەوە کە تا ئێستا لە یادەوەریمدا ماوە، پوختەکەی ئەوەیە: لەکاتی گەڕانەوەمان ساڵی ١٩٦٧ لە جەزائیرەوە بۆ قاهیرە، دوای بەشداری کردنمان لە کۆڕبەندی سۆسیالستانی عەرەب، وا ڕێکەوت من لەناو فڕۆکە لەتەک شەهیدی نەمر عەبدولخالق مەحجوبی[١] سکرتێری حزبی شیوعی سودانی دانیشتبووم، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە کورد لە سودان هەیە، ئێمە لەگەڵ گەنجەکان لە یانەیەکی ڕوناکبیری کۆدەبوینەوە گاڵتە وقسەی خۆشمان دەکرد لە ناوماندا گەنجێکی کوردی شاعیر هەبوو. بە هەجو ململانێی لەگەڵ شاعیرێکی عەرەبدا دەکرد، هەمیشەش کوردەکە زاڵبوو، ڕۆژێکیان مێملە عەرەبەکەی شیعرێکی نووسیبوو کۆتایی قافیەکەی( کورد

---

[١] – عەبدولخالیق مەحجوب: ساڵی ١٩٢٧لە سودان لەدایک بووە، یەک لەسەرکردە دیارەکانی حزبی شیوعی سودانە، نومەیری ساڵی ١٩٧١ لە سێدارەیدا. (وەرگێڕ).

و تەتەر دەگـێم) بـوو. منـیش بـۆ شـۆخی نـوقرچەیەکم لە شـــەهید گـــرت وپـــێم وت (تەنـــانەت تـــۆش پـــڕۆتس) [1] سۆسیالستخواز ئاوها قسە لەسەرکورد دەکەیت. مامۆستای دۆستمان موحسـین ئیبـراهیم[2] کە لە نزیکمـانەوە دانیشـتبوو و گـوێی دابـووە قسـەکانمان بە گـاڵتەوە گـووتی، گـوێبگرە جەلال ئێـــوەی کـــورد چارەنووســـێکتان هەیە ئەویـــش لەنـاوبردنە. ئێوە دەتـوانن تەنیـا جۆرەکەی هەڵبژێرن، بۆیە ئەگەر دەتانەوێـت نەتەوەییـانە بێـت ئەوە ئـێمە ئامـادەین – ئەوسـا نـاوبراو لە سـەرکردایەتی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی عەرەبـی دابـوو – ئەگەر دەشـتانەوێ نێونەتەوەییـانە بێـت ئەوە شـیوعیەکان ئامـادەن) هۆکارەکەشـی؟ وەڵامـی دایەوە چـــونکە خراپتـــرین ســـەرکردەکانی نـــاو حـــزب و ڕژێـــمە عەرەبیەکان بە ڕەچەڵەک کوردن و ئاماژەی بە مامۆستای نەمـــر خـــوا لێخۆشـــبوو عەلـــی ســـالح ئەلســـەعدی و خـــوا لێخۆشبووان سـەعد جـومعە[3] و تـاهیر یەحیا[1]کـرد. کەواتە

---

[1] – عەبدولخالیق مەحجوب: ساڵی ١٩٢٧لە سـودان لەدایک بووە، یەک لەسەرکردە دیارەکانی حزبی شیوعی سودانە، نومەیری ساڵی ١٩٧١ لە سێدارەیدا. (وەرگێڕ).

[2] –پەنـدێکی بەربـڵاوە لە ناوخەڵکدا، لەکاتیـدا دەگوترێـت کە غەدر یـان خیانەتێکی چاوەڕوان نەکراو لە لایەن کەسێکی لێت نزیک یان دۆست ڕوودەدات ئیلهـامی ئەم گـۆتەیە لە شـانۆگەری یۆلیـۆس قەیســەری نووسەری ئینگلیز ولیەم شکسبیر، وەرگیراوە. (وەرگێڕ).

[3] – ســەعد جـومعە: ١٩١٦ – ١٩٧٩ لە تـوفیڵەی باشـووری ئـوردون ســاڵی ١٩١٦لەدایــک بــووە، بەڕەچەڵەک کــوردە، لە شــاری ســەڵت

خوێندنی دواناوەندی تەواوکردووە پاشان لە زانکۆی دیمەشق یاسای خوێندووە و ساڵی ١٩٤٧ تەواوی کردووە. ژمارەیەک پۆستی باڵای بینیوە، ساڵی ١٩٦٧ سەرەک وەزیرانی ئوردن بووە، کەسێکی دیپلومات و بیرمەند و نووسەربووە، ساڵی ١٩٧٩ بە جەڵتەی دڵ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، لە عەمان نێژراوە. (ویکیپیدیا). (وەرگێڕ)

١ - تاهر یەحیا: تاهر یەحیا محەمەد ئەلعگێلی، لە ئەفسەرانی ئازادیخواز و سەرۆک وەزیرانی پێشوو(١٩٦٣ – ١٩٦٥) و (١٩٦٧). لە ١٩١٢ لە تکریت لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سامەرا خوێندووە ناوەندیش لە بەغدا، چۆتە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی، دواتر چۆتە کۆلیژی سەربازی لە ١٥ ی ئەیلوولی ١٩٣٤و لە تشرینی دووەمی ١٩٣٥ بە پلەی ملازمی دوو دەرچووە. ژیانی سەربازی بە مرافقی ئەمین ئەلعومەری فەرماندەی پارێزگاری موسڵ کە بەشداری لەکوشتنی بەکر سدقییدا کردووە دەست پێکردووە، ساڵی ١٩٤٨ ئەوکاتەی بەشداری شەری فەلەستینی کردووە لە نزیکەوە لەگەڵ رەفعەت ئەلحاج سری و عەبدولکەریم قاسم یەکتریان ناسیووە، ساڵی ١٩٥٢ چۆتە ریزی ئەفسەرانی ئازایخواز. ساڵی ١٩٥٦ خانەنشین کراوە و بۆ پاکستان دوورخراوەتەوە، بەڵام دوای شەش مانگ گەڕاوەتەوە بەغدا. دوای دامەزراندنی کۆمارکراوەتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس تا کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ لەپۆستەکەی لادراوە سەرباری ئەوەی لایەنگری لە عەبدولکەریم قاسمدا کرد لە ململانێی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا. ساڵی ١٩٦٢ چووە ریزی حزبی بەعس چەندێن پۆستی حزبی و حکومی بینی. ساڵی ١٩٦٨ زیندانی کرا و دەست بەسەر ماڵ ومولکی گوازراوە و نەگوازراوەیدا گیرا، لە ١٨ ئایاری ١٩٦٨ لە زیندان کۆچی دوایی کرد. .بڕوانە: ( د. حسن لطیف

ئایا دکتۆر ئەم نوکتە گاڵتە ئامێزەی مامۆستا موحسین دەهێنێت و باوەڕی پێدەکات لەسەرمان جێبەجێی بکات یان چی؟!

ئایا دکتۆر باوەڕی بەم قسە گاڵتە ئامێزەی موعین بەسیسۆی[1] شاعیر هەیە کە دەڵێت: سەلاحەدین کاتێ سەرکەوت عەرەب بوو، بەڵام ئەگەر ببەزیبا دەکرا بە سیخوڕێکی کورد. دکتۆری برا، تەنیا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەو تۆمەتانە دەخاتە ڕوو، کە کەوتۆتە ناو هەڵە و دووبەرەکییەوە کە زۆر مەترسیدارترن لەوانەی کە لەلایەن هێزە نەتەوەیی و ڕژێمە عەرەبییەکان ئەنجام دراوە بەهۆی ملکەچ بوونی زۆرێکیان بۆ سەرکردایەتی خێڵەکی دەمارگیری دواکەوتووەوە. هەندێکیشیان کەوتونەتە گەڕان

---

الزبيدي، موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية،٢٠١٣ منشورات مكتبة مؤمن قريش، لا،٣٥٨). (وەرگێڕ).

[1] - موعین بەسیسۆ: موعین تۆفیق بەسیسۆ: شاعیرێکی فەلەستینییە، لە١٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ لە شاری غەززە لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانە حکومییەکانی غەززە تەواوکردووە، لە میسر ژیانی بەسەربردووە، ئەزموونی شیعری شانۆیی پەیڕەوکردووە. چەندین خەلاتی عەرەبی و جیهانی وەرگرتووە، بە جەڵتەی دڵ لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری لەندەن لە ٢٣ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. (ویکیپیدیا). (وەرگێڕ).

بەدوای پشـــتیوانی و هاوپەیمـــانیەتی هێــزی دەرکـــی، کە دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان دەکەن.
بەڵام ئەو تۆمەتـانەی لە هەمـووان زیـاتر بەهەنـدی گرتـووە ئەوانەن کە دەگاتە نموونەی عێراق کە مەسـەلەی کورد بە برینێکـی خـوێن لێبەربـوو لە جەسـتەی نیشـتمانیی عێـراق وەسف دەکات و درێژی دەکاتەوە بۆ دەوروبەری. لەسەری دەڕوا وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت هەربەتەنیـا لایەنـی کوردی بەرپرسـیارە لەم بـرینەدا و هەردوو گەلـی کـورد و عەرەب دوچـاری ئەم خـوێن بەربـوونە بێهـودەیە بـوون، کە هـیچ پاسـاوێک هەڵنـاگرێ جگە لەسـەرقاڵکردنی عێـراق لەبینینـی ڕۆڵـی نەتەوەیـی و ڕزگـاریخوازە دروسـتەکەی نەبـێ. ئەم ململانـــێ خوێنـــاوییە لەســـەر خـــاکی عێـــراق ڕۆڵێکـــی ڕاسـتەوخۆی لە وروژانـدنی ئەم شـەڕە نەگریسـەی نێـوان عێراق و ئێـران هەبـوو، کە تـا ئێسـتاش بەرچـاو ڕوونییەک نییە لە کۆتایی هاتنی.
وەڵامەکەمان بە دانپێدانان بەو ڕاستییە دەست پێدەکەین کە (هەنـدێک لە بـزووتنەوە نەتەوەیـیە کوردییەکـان هەڵەیـان کـــردووە و ملکەچـــی ســـەرۆک هۆزەکـــان بـــوون و هەندێکیشیان بە دوای پشـتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکـــانی دوژمنـــی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی نەتەوەیـــی گەلانـــدا ڕۆیشـــتوون، بەڵام دکتـــۆر یەک لایەنە سەیری مەسەلەکە دەکا، ئەم دوو ڕاستییە گرنگە لەبەرچاو نـــاگرێ، یەکەمیـــان ئەم هێـــزە کوردییـــانە ئەم ڕێچکەیـــان

لەخۆوە نەگرتۆتەبەر بەڵکوو بە ناچاری لە ژێرهەڕەشەی مەرگ و قڕکردندا پاڵیان پێوەنراوە، نەک بەتەواوی حەز و ویستی خۆیان بەدوای پشتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە نەیارەکانی گەلان گەڕابن. دووەمیان ئەو هێزە عەرەبی و نەتەوەییەی لە عێراق حوکمڕانە دوای ئەوەی لە گۆشەی مەرگ قەتیسی کردووە، ئەوە ناچاری کردووە ئەم ڕێچکەیە بگرێت، کەئەویش لەسەر حسابی کەرامەتی عەرەب و سەروەری خاک و ئاوی عێراق هەمان ڕەفتار بەڵکوو لە هی ئەوخراپتریشی کردووە.
دکتۆر شۆڕشی بارزانی بە هاوکاریکردن لەگەڵ شەیتان تۆمەتباردەکات لەوکاتەی لەگەڵ ڕژێمی شا هاوکاری کردووە، کە دوژمنایەتی کێشەی عەرەبی دەکات ئەویش بە ڕۆڵی خۆی هاوکار بوو لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم لە پێش ڕووخانی شا و ڕژێمەکەی هەر ئەمەشە وای لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کردووە بزووتنەوە یاخیبووەکانی خۆی لە ئیران و داخوازییە نەتەوەییەکانی لەوێ بێدەنگ بکات. وەک لە لایەکی ترەوەش وای لە عێراق کرد ئەوهەموو تەنازولاتانە بۆ ڕژێمی ئیمپراتۆری لەخاک و سنوور و ئاو بکات بەپێی ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان هەردوولا تا حوکمڕانی عێراق بەمە بگەنە کۆتایی هێنان بە شۆڕشی بارزانی کە بوبووە هەڕەشەیەک لەسەر قەوارەکەی دوای ئەوەش شەڕی عێراق و ئیران بەرپابوو

کاتێ عێراق کاری بۆ دەست خستنەوەی مافەکانی کرد پاش کەوتنی ڕژێمی شا و بەرپابوونی دەوڵەتی خومەینی).[1]

ئەم پەڕەگرافەمان لە پێشەکییەکەی دکتۆ ئەتاسی هێنایەوە، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین وەلامی بدەینەوە، چونکە زەقترینی خاڵەکانی ناکۆکیمان لەگەڵیدا لە خۆدەگرێ هەروەک نموونەیەک بەدەستەوە دەدا لەمەڕ لایەنداریەتی بۆ دیکتاتۆریەتی عەفلەقی نەک لە پاساودانەوەی ناپاکییەکەی بەڵکوو تەنانەت شەڕە وێرانکارییە لەناوبەرەکەشی کە گەورەترین زیانی بە عێراق و نەتەوەی عەرەبی گەیاندووە لە ڕووی مرۆیی، ئابووری، سیاسیی، کۆمەلایەتی و سەربازی....تاد.

بادەست بە و وتوویژ و گفتوگۆبکەین لەگەڵ دکتۆردا لەبارەی:

١-بانگەشە کردنی بەوەی شۆڕشی(بارزانی) هاوکاری لەگەڵ شەیتان کردووە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکات کە گەلی کورد لە سەر دەستی حکومەتی بەعس ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بۆتەوە، کەچی بۆ هاوکاری(سەرکردایەتی عەفلەقی)لەعێراق لەگەڵ هەمان شەیتان و لەسەر حسابی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی عەرەب و عێراق ڕەزامەندە پاساوی بۆ دێنێتەوە.

شۆڕشی کورد، کە دکتۆر حەز دەکا بە شۆڕشی بارزانی وەسفی بکات، هاوکاری لەگەڵ شەیتانی عەفلەقی کە

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٩

ڕێککەوتننــامەی ١١ ی ئــازاری ١٩٧٠ لەگەڵ بەســت پــێ پەسـندتر بـوو، لە هاوکـاری لەگەڵ شـەیتانی شاهنشـاهی. بەڵام شـەیتانی عەفلەقـی ( کە بە جـادووی جـادووگەر لای دکتـۆر دەبێـت بە فریشـتە ) مەرجەکـانی ڕێککەوتـنەکەی لە گرنگترین خاڵەکانیدا پێشێلکرد کاتێک خۆی ئەوەندە بەهێز بینی کە بەس بێ بۆ ئەوەی خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی عەرەب و عێراق بکات لە مـامەڵەیەکی شـەرمەزارکەر لەگەڵ شــەیتانی شاهنشــاهیدا. شــایانی باســە شۆڕشــی کــورد بەهاوکاری کردن لەگەڵ شـەیتانی شاهنشـاهی تەنـازولی نە لە شــەتولعەرەب و نە لەکەنــداو نە لە بســتێک لە خــاکی کــوردی عێــراق و خــاکی عەرەبــی عێــراق نەکــرد، ئەوە شەیتانی عەفلەقی بوو نەک شۆڕشی کورد، کە لەبەر چاوی کاڵی شـەیتانی شاهنشـاهی کەنداوی عەرەبی هەتیوو کرد، کاتێـک نـاوەکەی تەنیـا بە کەنـداو بـرد و عەرەبـیەکەی لـێ قرتاند.

بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد هەرگیـز لە خەباتیـدا دژ بە خەڵـک نەوەسـتاوەتەوە و سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەعێـراق (لە بەغـدا و نـاوچە ئازادکراوەکـان) بەردەوام بوون لە چالاکی دژ بە ڕژێمی شا و دواتر نازانین چـی وای لە دکتـۆر کـردووە بگـاتە ئەو ئاسـتەی شۆڕشـی کـورد دژ بەشــەیتانی شاهنشــاهی بە یـاخی بـوون وەسـف بکات؟!

ئەی بـۆچی دکتـۆری بـرا، ئەو سیاسـەتە کۆنەپەرسـتییە تەقلیـدییەی عێـراق و ئیـران و تورکیـا لە ڕێککەوتنـی ئەنـقەرەوە لەسـاڵی ١٩٢٦ی نێـوان بەریتانیـا و عێـراق و تورکیـا لەبیـر دەکـا، کەسیاسـەتێکی کۆنەپەرسـتانەیە لە هاوپەیمـانیەتی ئەو سـێ دەوڵەتە و لەسـەر دژایەتیکردنـی گەلـی کـورد بنیـات نـراوە، ئەی بـۆ ئەم قسـەیەی خـۆی لە بیربـردۆتەوە (کتێبەکـانی مێژوو و چیرۆکـی هاوپەیمانـان و پەیماننامەکـان پیمـان دەڵـین، پەیماننـامەی سـەعدئابادی[1] نێـوان تورکیـا، عێـراق، ئیـران و ئەفغانسـتان کە لە ٨ ی تەممـووزی ١٩٣٧ واژۆکـرا، وێنەیەکـی سـەرەتایی

---

[1] – پەیمانی سەعد ئاباد: ئەم ڕێککەوتنە لە تەمموزی ساڵی ١٩٣٧دا لە نێوان چوار وڵاتی ئیران، ئەفغانستان، تورکیا و عێراق لە کۆشکی سەعد ئاباد(تاران) مۆرکراو، بە ڕێککەوتننامەی هێرش نەکردن و دۆستایەتی بە ناوبانگە. نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد سەبارەت بە هاوڕایی چوار وڵات لە سەر سیاسەتە گشتییەکان و پشتیوانی لایەنەکان لە لایەنێک لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر مەترسی و هەڕەشەیەکدا بوو. دەوڵەتەکانی بەشدار بەڵێنیان دابوو کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر وەرنەدەن و ڕێز بۆ سەروەری سنوورەکانی یەکتر دابنێن؛ هەروەها لە هێرشکردن بۆ سەر خاکی یەکتر خۆببوێرن و پشتگیری لە دامەزراندنی کۆمەڵەکان و ئەو تاقم و گرووپانە بگرن کە ئامانجیان پشێوی نانەوە و تێکدانی ئاشتی و ئارامی لە نێو وڵاتانی ئەندام دایە. (فەرهەنگی سیاسی ئارەش، وەرگێرانی لە فارسییەوە: زاهیر محەمەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لا٣١٧). (وەرگێڕ).

پەیماننــامەی حلفــی بەغــدا[1] بــوو، دواتربــوو بە یەکێــک لە ئامــانجە ســەرەکییەکانی ڕێکخســتنی هەوڵەکــانی نێــوان ئەم

---

[1] - ڕێککەوتننـامەی بەغـدا: ئەم ڕێککەوتـنە لە ٢٤ ی شـوباتی ١٩٥٥ لە نێـوان وڵاتـانی تورکیـا و عێراقـدا بە نـاوی (ڕێککەوتنـی هاوکـاریی دووڵایەنە) لە بەغـــدا مۆرکرابـــوو، کە بە ڕێککەوتننـــامەی بەغـــدا بەناوبانگ بوو. ڕێککەوتننامەی بەغدا پێشـەکی و هەشـت مادده و دوو ڕاڤەنـامەی هەیە. ئامـانجی سـەرەکی ئەم ڕێککەوتـنە مسـۆگەرکردنی ئاســـایش و بەرگـــری نـــاوچەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بـــو، لە پێشـەکیەکەیدا بە پشـت بەسـتن بە مـاددەی ٥١ ی جارنـامەی نەتەوە یەکگرتوەکـان، ڕوون کرابـۆوە کە هەردوو لایەنـی ڕێککەوتـنەکە بە مەبەسـتی پاراسـتنی ئاسـایش و بەرگـری خۆیـان، بـۆ دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی و بەخـتەوەری نەتەوەکـانی خۆیـان، لەگەڵ یەکتـردا هاوکاری دەکەن.

عێراق بۆ ئەوەی کە پاساو بۆ ئەم ڕێککەوتنە بەرگرییە بێنێتەوە و بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامە لەگەڵ کۆمەڵەی عەرەبیدا بگونجێ، پشتی بە مـــاددەی ١١ی ڕێککەوتننـــامەی بەرگـــری هـــاوبەش و هاوکـــاری ئابووری نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی عەرەبی بەست. کە دەڵێ: هیچ کار و ڕێوشـــوێنێکی وڵاتـــانی ئەنـــدام کە بە پێـــی جارنـــامەی نەتەوە یەکگرتوەکـــان و لە چوارچێـــوەی ئەم جارنـــامەیەدا بـــێ، زەربە لە بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەک، واتە وڵاتانی ئەندام نادا.

بەپێـی مـاددەی ٥ ی ڕێککەوتننـامەی بەغـدا، هەمـوو ئەو وڵاتـانەی کە بەرژەوەندی خۆیان لەم ڕێککەوتننامەدا دەبیننەوە، دەیانتوانی ببن بە ئەنـدامی ئەو ڕێککەوتننـامەیە. لەم ڕووەوە، بەریتانیـا لە ٣٠ ی مـارتی ١٩٥٥، پاکســتان لە٢٣ ی ئەیلـوولی ١٩٥٥ و ئێـران لە١١ ی تشـرینی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا بـوون بە ئەنـدامی ڕێککەوتننـامەی بەغـدا، بەڵام ئەمریکا لە بوون بە ئەندام لەم ڕێککەوتننامەدا خۆی بوارد. پێکهێنانی

ڕێککەوتننامەی بەغدا لە داهێنانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، بە تایبەتی (جۆن فاستێر داڵس)، وەزیری دەرەوەی ئەم دەوڵەتە بوو کە دەیویست ڕێکخراوێکی بەرگری بەهێز لە ناوچەکەدا پێک بێنێ تاکوو بەر بە پەرەگرتنی تەشەنەکردنی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا بگرێ، پشتێنەی بەرگری ڕۆژئاوا پتەوتر و بەهێزتر بکا. بەڵام ئەمریکا وای بەباش زانی کە بۆخۆی نەبێ بە ئەندامی ڕێککەوتننامەکە، تاکوو نەبێتە هۆی دنەدانی دەوڵەتی سۆڤیەت، هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا خۆی لە مشتومڕەکانی سەنای ئەمریکا سەبارەت بە ئەندامەتیی لە ڕێککەوتننامەکەدا بپارێزێ و دۆستایەتی عەرەبەکانیش زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ یان لانی کەم پەرە بە ڕق و بێزاری ئەم وڵاتانە بەرامبەر بە خۆی نەدا. چونکە لەو سەروبەندەدا دەوڵەتە نەتەوەییەکانی عەرەب و بە تایبەتی میسر پێیانوابوو کە وڵاتە عەرەبییەکان تاکوو بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان نەگەن، نابێ هاوکاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەن و لەم هاوکارییە خۆ ببوێرن.

ڕێککەوتننامەی بەغدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد دا هەیە. چوونکە وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد بەڵێنی ئەوەیان بە یەکتر دابوو کە سنووری یەکتر نەبەزێنن، ڕێز بۆ سنوور و سەروەری خاکی یەکتر دابنێن. هەروەها بەڵێنیان دابوو کە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکی نێونەتەوەییدا کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی هاوبەشی ئەوانەوە هەبێ، لەگەڵ یەکتردا ڕاوێژ بکەن. بەڵام ئەو ڕێککەوتننامە هیچ جۆرە هاوکارییەکی دوولایەنە و بەرامبەرانە یان بەڵێنێکی سەربازی تێدا نەبوو. بەڵام لە ڕێککەوتننامەی بەغدادا پێشبینی هاوکاری لە بوارەکانی سەربازی و ئابووریدا کراوە. جگە لەمە، ئەندامەتیی بەریتانیا و بەشداری و چاودێری چالاکانەی چاودێرانی ئەمریکا لە کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ڕێککەوتننامەی بەغدا، گرنگیەکی زیاتری بەم

ڕێککەوتــنە بەخشــیبوو. واپێــدەچوو کە هاوکارییەکــانی ئەمریکــا و بەریتانیا بەمەبەستی بەهێزکردنی بنەماکانی بەرگری وڵاتـانی ئەنـدام، لە هەمان کاتدا باشترکردنی باری ئـابووری ئەم وڵاتـانە بووبێ. دوای شۆڕشــی ١٤ ی تەممــووزی ١٩٥٨ لە عێـراق، دەوڵەتــی عەبـدولکەریم قاســم ڕایگەیانــد کە عێــراق ســووره لەســەر هەمــوو بەڵێــنە نێــو دەوڵەتییەکـــانی خـــۆی. بەڵام لە کـــردەدا خـــۆی لە بەشــــداری کۆبوونەوەکـانی ئەنجـومەنی وەزیـران و کۆمیتەکـانی ڕێککەوتننـامەی بەغدا دەبوارد و هیچ چالاکییەکی نەبوو هەتا ئەوەی کە لە ٢٤ ی ئابی ١٩٥٩، شــەش مانــگ بەر لەکۆتــایی خــولی ٥ ســاڵەی یەکەمــی ڕێککەوتننـامەی بەغـدا، عێـراق بڕیـاری چـوونە دەرەوەی خـۆی لەم ڕێککەوتننـامەیە بە نووسـراو ڕاگەیانـد و پاشــان لە ٢٤ ی شــوباتی ١٩٦٠ واتە ئەو کاتە خولی ٥ ساڵەی یەکەم کۆتایی هات، بەڕەسمی لە ڕێککەوتنەکە چووەدەر.

هەر بەم هـۆیە، ناوەنـدی ڕێککەوتننـامەکە لە بەغـداوە گـوازرایەوە بـۆ ئەنقەرە، ناوەکەشی لە مانگی ئابی ١٩٥٩ بۆ (سەنتۆ) گۆڕدرا هۆکـاری هەڵبژاردنــی ئەم نــاوەش ئەوە بــوو کە ســەنتۆ( ڕێکخــراوی پەیمــانی ناوەنــدی) لەنێــوان نــاتۆ (لە ڕۆژئــاوا) و ســیتۆ ( لەڕۆژهەڵات) واتە لەنێوەراســت و ناوەنــددا هەڵکەوتبــوو. لەلایەک بەهــۆی ئەنــدامەتی تورکیـــا لە نـــاتۆ، ســـەنتۆ لەگەڵ نـــاتۆ و لەرێگـــای ئەنـــدامیەتی پاکستانیشــەوە لەگەڵ ســیتۆدا پێوەنـدی هەبـوو. (فەرهەنگـی سیاســی ئــارەش، وەرگێرانــی لە فارســییەوە: زاهیـر مـحەمەدی، یاسـین حــاجی زادە، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لا٣١٤ – ٣١٥ – ٣١٦). (وەرگێڕ).

دەوڵەتـانە بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی کـارە تێکدەرانەییەکان لە نـــاوچەکە و بە پـــلەی ســــەرەکیش دژی جـــووڵانەوە کوردییەکان بوو)[1].

بەڵام چۆن و بۆچی لە بیری دەکات کە سـەرکردەی نەمری عەرەب جەمـــال عەبدولناســـر و دوای ئەویـــش بەڕێـــز هەیـــکەل[2] لە ڕۆژنـــامەی ئەلئەهـــرام لە ســـالی ١٩٦٣ ئاشـــکرایان کـــرد کە حـــوکمڕانی بەعـــس چیکـــرد بـــۆ زینـدووکردنەوەی ئەو هاوکـارییە پـلان بـۆ داڕێـژراوەی پەیمانی بەغدا دژ بە شۆڕشی کورد، کە دکتۆر حەزدەکا بە شۆڕشی بارزانی وەسفی بکات؟!.

ڕێککەوتننـامەی جەزائیـر ژیانـدنەوەی هەمـان بەرنـامەی نـووری ســەعید[3]و حلفـی بەغـدا بـوو لە دژایەتیکردنـی

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٥.

[2] – محەمەد حەسەنێن هەیکەل: یەک لە ناودارترینی ڕۆژنامەنووسانی میسـرە، لە ٢٢ ئەیلـوولی ١٩٢٣ لە پارێزگـای قلیـۆبیە لەدایـک بـووە، لەسـەردەمی مەلیک فـاروقەوە تـا مردنـی لە ٢٠١٦ ڕۆڵـی لە داڕشـتنی سیاسەتی میسردا بینیوە، چەندێن پۆستی گرنگی لە ڕۆژنامەگەریدا بینیووە وەک سەرۆک نووسەری ڕۆژنامەی ئەهرام، کە ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانەی میسرییە، لە ١٨٧٦دا لەلایەن بەشارەت تەقلا و سـەلیم تەقلا دامەزراوە، هەیکەل، لەماوەی نێوان ١٩٥٧ –١٩٧٤ سەرۆکی نووسینی بووە. (وەرگێڕ).

[3] – نووری ئەلسـەعید(١٨٨٨ – ١٩٥٨) محەمەد نووری کوری سـەعید ئەفەندی( نووسـەری وردبینـی ویـلایەت – مـودەقیقچی) کوڕی سـالح ئەفەندی کوڕی مەلا تەها لە کەسە دیارەکانی خێڵی قەرەغولە، لە ٢ ی

شۆڕشی کورد، هەروەک ژیاندنەوەی حوکمڕانی بەعس بوو لە ١٩٦٣ کە ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی لەگەڵ حکومەتی تورکیای فاشستی داگیرکەری ئەسکەندەرونە و هاوپەیمانی ئیسرائیل و ئەندامی حلفی سەربازی (ناتۆ) [١]– بەبێ بوونی

---

کانوونی دووەمی ١٨٨٨ لەبەغدا لە دایک بووە، رۆڵێکی دیاری لە ژیانی سیاسی عێراقدا بینیوە، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا دامەزراندنی کۆمار. ئەم کەسە چواردە جار سەرۆک وەزیران و چل ودووجاریش وەزیربووە. ڕۆژی ١٥ / تەمموزی ١٩٥٨ کوژراوە. بڕوانە: (د. حسن لطيف الزبيدي، موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية،٢٠١٣ منشورات مكتبة مؤمن قريش،ص، ٦٣٧). (وەرگێڕ).

[١] – ناتۆ: ڕێککەوتننامەی ئاتلانتیکی باکوور، بەو ڕێککەوتننامە سەربازییە دەگوترێ کە لە ٤ ی نیسانی ١٩٤٩ لە نیوان ولاتانی بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەڕەنسا، بەریتانیای گەورە، ئایسلەند، ئیتالیا، لوگزامبۆرگ، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال، ئەمریکا، یۆنان و تورکیا(١٩٥١)، ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا(١٩٥٥) و ئیسپانیادا(١٩٨٢) مۆرکرا. بەپێی ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێکخراوە، هێرشکردنە سەر یەک یان دوو وڵاتی ئەندام، بە هێرشکردن بۆ سەر تەواوی ئەو وڵاتانە دادەنرێ، ناتۆ ناچارە داکۆکی لەو وڵاتە بکات کە هێرشی کراوەتە سەر. ناتۆ لە بنەڕەتدا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەر هێزی سەربازی سۆڤیەت و بەرەی ڕۆژهەڵات و لە ڕاستییدا بۆ پشتگیری لە تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم دامەزرا. ئەنجوومەنی ئاتلانتیکی باکوور، بەرزترین دامەزراوەی ناتۆیە و ئەرکی هەماهەنگی لە نێوان لقە بەڕێوەبەرییەکان و کۆمیتەی بەڕیوەبەری لە ئەستۆدایە. ناتۆ خاوەنی سێ فەرماندەیی سەربازییە. فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٦٦دا هێزەکانی ناتۆی لەو وڵاتە بەدەرنا بۆ خۆی دەستی لە ئەندامەتی فەرماندەیی سەربازی کێشایەوە. سەرەرای ئەمە

هاوپەیمــانی کــورد لەگەڵیــدا - دژ بە شۆڕشــی کــورد، بە دواداهات.

دەبێ بشزانن شۆڕشی بارزانی هەوڵی زۆریدا بۆ دووبارە نەبــوونەوەی شــەڕ ســاڵی ١٩٧٤ کــوڕی ژەنەڕاڵ بــارزانی ســەرکردەی نــاردە بەغــدا وەک دوامــین هەوڵ بــۆ قەنــاعەت پێکردنــی حــوکمڕانی عەفلەقــی بە دواخســتنی پــرۆژەی ئەوبــابەتەی ململانێــی لەســەربوو بــۆ ســاڵێکی تــر کە لە میانەیــدا هەردوولا برایــانە گفتوگــۆ بــکەن بە مەبەســتی گەیشــتن بە چارەســەرێکی ئاشــتیانە، بەڵام عەفلەقییەکــان ســوووربوون لەســەر ڕێبــازە ســەرەڕۆییەکەیان و دووبــارە ئــاگری شــەڕیان دژی گەلــی کــورد هەڵگیرســاندەوە لەبەرئەوەی دڵنیابوون شا ئامادەیە مامەڵە سەوداگەرییە پڕ لە شەرمەزاریەکەی سەدام قەبوڵ بکات، کە ژێر بە ژێر لە پشت پەردەوە کۆتایی پێهێنابوو لەگەڵ سیناتۆر مەسعودی و دیــدارەکەی ســەعدون حەمــادیش[1] لەگەڵ وەزیــری

---

لە بەشــی پشــتیوانی ســەربازی و بەرنامەکــانی دیــکەی وەکــوو دابینگردنــی بــوودجە و دامەزراوە مەترســیدارەکاندا مــایەوە. لەدوای دارمــانی دیــواری بەرلــین، یەکگــرتنەوەی دوو ئەڵمانەکــان و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، پێکهاتەی ناتۆ گۆڕانی بەسەرداهات. (فەرهەنگــی سیاســی ئــارەش، وەرگێرانــی لە فارســییەوە: زاهیــر مــحەمەدی، یاســین حــاجی زادە، چاپخــانەی وەزارەتــی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لا٣٢١ -٣٢٢). (وەرگێڕ).

[1] – ســەعدون حەمــادی: ســاڵی ١٩٣١ لە کەربەلا لەدایــک بــووە، لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت ئابووری خوێندووە، ساڵی ١٩٥٣ بۆ

دەرەوەی ئێران لە تورکیا کۆتایی ڕوداوەکە بوو! کەواتە بۆچی ڕێگە دەدرێت حکومەتێک لە بەغدا کە خاوەنی توانای دارایی و توانای سەربازی گەورەی عێراقە سوورە لەسەر بەرپاکردنی جەنگ لە دژی گەلی کوردی ئاشتیخواز، هاوکاری لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهی بکات بە نرخێک کە لە شکۆمەندی گەلی عەرەب و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی عێراق لە ئاو و خاک و شەتە عەرەبیەکەی باجەکەی بدات؟ بۆچ بۆ گەلی کورد و شۆڕشەکەی نابێ و ڕێگەپێدراو نییە. بەبێ ئەوەی هیچ سازشێک لە سەرخاک و ئاوی عێراق

---

تەواوکردنی خوێندن چۆتە ئەمریکا و بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووری بە دەستهێناوە، لەزووکەوە چۆتە ڕیزی حزبی بەعس ، ساڵی ١٩٤٨ چەند شانەیەکی بەعسی لە کەربەلا دروست کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب و وەزیری کشتوکاڵ و سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و وەزیری نەوت و لەناوەڕاستی حەفتاکانیش وەزیری دەرەوەبووە ، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (١٩٨٦ – ١٩٩١) دوا پۆست کەبینیویەتی دوو خول لەسەر یەک ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی بووە. دوای کەوتنی بەغدا هێزەکانی ئەمریکا لە نیسانی ٢٠٠٣ دەستگیریان کردووە، دواتر ئازادیان کرد وڕووی کردە دەرەوەی عێراق، لە ناوەڕاستی ئاداری ٢٠٠٧ لە ئەلمانیا کۆچی دوایی کردووە.( د . حسن لطيف الزبيدي، موسوعة السياسة العراقية، ط الثانية، العراق – النجف ٢٠١٢، لا ٢٩٨). (وەرگێڕ).

بکـات یـان زیـان بەعەرەب بگەینێـت؟ لە کاتێکـدا شۆڕشـی کـورد هەژارە و چەک و بژێـوی لەوە زیـاتر نییە کە بەشـی ژیانی مەمرە ومەژی بکات. یان خەریکە ئەوەشی...؟.

ئایا سەیر نییە دکتۆر ئەتاسـی ڕازی بـووە بە ڕێککەوتنێک، کە تێیـدا ڕژێمــی عەفلەقــی بەرژەوەنــدیی عەرەبەکــانی لە کەنداو، بەرژەوەندییەکانی عێراق لە شەتولعەرەب بفرۆشێت ( ئەمە خــۆی لە خۆیــدا خیــانەتی نیشــتمانییە) و خــاکی نیشتمان بداتە شەیتانی شاهنشاهی لە بەرامبەر ڕەزامەندی وەرگرتنی بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد لە کاتێکدا ئەوەی لە کەسـانی وەک ئەو چـاوەڕوانی دەکـرا و هیـوای لەسـەر بنیـات دەنـرا ئەوەبـوو کە داوای ڕێککەوتـن( کە هەر دەبـێ واشبێت ) لەگەڵ ڕۆڵەکانی نیشتمان و برا کوردەکانی بکات لەجیاتی شەیتانی شاهنشـاهی هەروەهـا بیر هێنـانەوەی ئەم قسە نەستەقەی دەڵێت: هەر گەڵێک گەڵیکیتـر بچەوسـێنتەوە ئـازادی خـۆی لەدەسـت دەدا و چ کارەسـاتێک کـاریگەری لەسـەر دەبێـت؟ ئـاخۆ ڕێککەوتنـی سـەدام لەگەڵ شـەیتانی شاهنشاهی بە ڕاست گەڕانی ئەم گۆتە نەمرە نییە؟ عێراقی خســتە تەنگژەیەکــی شــەرمەزار کەرەوە و دەرفەتەتێکــی دۆزییەوە بۆ لێدەربازبوون بە هاوپەیمـانیەتی کـردن لەگەڵ کۆلۆنیــالیزمی ئەمریکــی و کۆنەپەرســتانی عەرەب بــۆ هەڵگیرسـاندنی شـەڕ دژی ئیرانـی هاوسـێی لەوکـاتەی ئەو ســەرقاڵی شــەڕی بارمتەکــان بــوو لەگەڵ ئەمریکــا؟! چ بەرژەوەنـدییەکی نەتەوەیـی عەرەبـی قەبـوڵی دەکـات یـا

دەگونجێـــت لەگەڵ شـــەڕێکی وێـــرانکەر و شـــێتانەی دیکتاتۆرێــک لەدژی دەوڵەتێــک کە کەمتــرین شــتێک لە دۆســـتایەتی لەگەڵ عەرەب بخـــرێتە بەرچـــاو داخســـتنی باڵوێزخانەی ئیسرائیل و گۆڕینی بە باڵوێزخانەی فەلەستین بــوو؟ لەگەڵ شــەڕێک کە قوربــانییەکەی لە دەســـتدانی هەزارەهـا ئەفســەر وسـەرباز وگەنجـی عێـراق بـوو لەگەڵ بەفیرۆچـوونی سـەدان هەزار لە ملیۆنەهـا دۆلاری عێـراق و عەرەب؟ لەگەڵ شــەڕێک کە دوژمنــی ســەرەکی عەرەب و پەیمانی کامب دیڤیدی[١] خیانەتکارانەی زاڵکرد؟!

پاشــان چەنــد خاڵێــک لە پێشــەکییەکەی دکتــۆر جەمــال داهاتووە پێویست بەڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوە دەکات، خاکی کوردستانی عێراق  خاکی عەرەب نییە وبەشێک نییە لە نیشتمانی عەرەبی یان خاکی عەرەب. بەشێکە لە خاکی عێـراق بە مانـا کـوردی و عەرەبـیەکەی. پاشــان کـۆمەڵەی ئێستای ئێران[٢] بریتییە لە ڕێکخستنەکانی کورستانی حزبی

[١] – کامـب دیڤیـد: بـریتییە لە ڕێککەوتننـامەیەکی ئاشـتی، کە لە لایەن ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و مەناحیم بێگنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨ لە بەرەنجامی ١٢ ڕۆژ کۆبونەوەی نهێنـی نێوانیـان واژۆیـان کـرد. کامـب دیڤیـد هـاوینە هەواری جیمـی کـارتەری ســەرۆکی ئەمریکـایە وکۆبونەوەکـان لەوێ ئەنجامـدراوە. (ویکیپیدیا). (وەرگێڕ).

[٢] – کـۆمەڵەی ئێـران: نـاوی ڕێکخـراوی شۆڕشـگێڕانی زەحمەتکێشــە، حـزبێکە لە ١٩٦٩ لەلایەن قوتـابییە چەپڕەوەکـانەوە، لە تـارانی ئێـران دامەزراوە.  تا کۆتایی ١٩٧٨ وڕووخانی شا خۆی ئاشکرا نەکرد، ئەم

شـــيوعی ئیـــران نەک کـــۆمەڵەی ( ژ . ک)[1]کە لە گەرمەی خەباتـدا سـەریهەڵدا و دواتـر سـاڵی ١٩٤٥بـوو بەحزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، کە سـاڵی ١٩٤٦ یەکەم کۆمـاری کوردی[2] لە مێژوودا دروست کرد.

---

حزبەچاو لە پارتی کۆمۆنیستی چینی دەکا و پشتیوانی لە جەماوەری شـار و لادێکـان دەکـا. زۆربەی ئەنـدامانی کـۆمەڵە لە بنەمـاڵە دیارەکانبوون، عەبدوڵلا موهتەدی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بووە و بۆ ساڵانێکی زۆر سەرکردایەتیشی کردووە. (مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێرانی مامکاک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لا، ٢٢٤ ).(وەرگێڕ).

١ – کـۆمەڵەی ژ . ک (١٩٤٢ – ١٩٤٥) پـارتێکی سیاسـی کـوردییە لە ١٩٤٢ لەمەهابـاد لە ئیـران دامەزرا، عەبـدولڕەحمان زەبیحـی بە سکرتێری کۆمەڵە دەستنیشان کرا هەندێ کوردی عێراقی و کوردی تورکیایی تێدا ئەندامبوون، کۆمەڵە پەیڕەوی لە هەنگاوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی دەکرد و جەختی لە سەر زمان و مافەکانی کۆمەڵایەتی کـردووە. لە نیسـانی ١٩٤٥، داوا لە قـازی مـحەمەد کـرا کە ببێـتە سەرۆکی کۆمەڵە. قازی محەمەد مەلایەکی کوردی خەڵکی مەهابادی بەڕێزبوو کە کەس قسـەی لە قسـەیدا نەدەکرد. لە ئەیلوولی ١٩٤٥، قـازی مـحەمەد کـۆمەڵەی تواندەوە و ئەندامەکانی بردە ناو پـارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان ناوەکەی بوو بە حزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئیـران. (مایکـڵ گەنـتەر، فەرهەنگـی مێـژووی کـورد، وەرگێرانـی مامکـاک، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ وبلاوکـردنەوەی ئاراس، هەولێر– ٢٠٠٧، لا، ٢٢٣).(وەرگێڕ).

٢ –کۆمـاری کـوردی: کۆمـاری کوردسـتان لە مەهابـاد، ئەگەرچـی کۆمارێکی تەمەن کورت بووبەڵام هێمای بەرزی مکوڕبوون لە سـەر سـەربەخۆیی و ئـازادبوون بـوو، جـاڕی دامەزرانـدنی کۆمـاری

ئەگەر بە تەواوی هاوڕابین لەگەڵ دکتۆر جەمال کە دەڵێت عێراقێکی دیموکراسیی، نەتەوەیی، سەقامگیر و دوور لە مۆتەکەی جەنگ دەتوانێت ویستی گەل و ئازادی زیاتر بەهەردوو گەل( کورد و عەرەب ) و هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا ببەخشێت. ناتوانین لەگەڵیدا هاوڕابین کە ئەم عێراقە چیتر ناتوانێت لە ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی ئیداری، هاوڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەمووان زیاتر بە گەلی کورد لە ناو سنوورەکانی خۆیدا ببەخشێت ئەگەرنا بوونی خۆی دەخاتە ناو ئەو گەردەلولانەی کە ڕەنگە لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە دابین ببێ.

ئەگەر پێشوازی لەوە بکەین کە ئەو (تێڕوانینەکی عەرەبیانەی هەیە لە ئەگەری بوونی قەوارەی نەتەوەیی

---

کوردستان لە ٢٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا درا و یەکێتیی سۆڤیەت یارمەتیەکی باشیدا، بەڵام دواتر خیانەتی لێکرد و لەگەڵ شای ئیران ڕێککەوت و پشتی تێکرد تا لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڕووخێ و سوپای شا دووبارە کوردستان داگیر بکاتەوە، سەر کۆمار قازی محەمەد لە ٣١ ی ئاداری ١٩٤٧ لە سێدارە درا. (مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێرانی مامکاک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- ٢٠٠٧، لا،٢٢٠). (وەرگێڕ).

کورد لە چوارچیوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبیدا جا پێی بڵێن هەرێم یان کۆماری کوردی..) ئێمە پێشوازی لە لێدوانەکەی دەکەین کە دەڵێت ( دەتوانین لەوە زیاتر بڕۆین کاتێک گەلەکەمان قەوارەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی خۆی هەبێت وەک ئەوەی لە دەستوری کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا هاتووە کە نەتەوە ناعەرەبەکان مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی تەواو و جیابوونەوەشیان هەیە ئەگەرئەمە خواستی نەتەوەییانەی گەلەکەیان بێت لە میانەی مافی چارەی خۆنووسین یاخود ئەگەر فۆرمۆلەیەکی تری دۆزییەوە بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی خۆی لە دەرەوەی چوارچیوەی یەکێتییە عەرەبییەکەدا. بەبێ ڕازیبوون بەم مەرجە قورسە بۆ مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە شێوەی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی بۆ بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی کاتێک هەلومەرجەکانی دێنە پێشەوە یان پێدەگەن و پێداویستەکانی لەبەر دەستدا دەبن.

هەروەها هاوڕانەبوون لەگەڵیدا سەبارەت بە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە لە مێژینەی ئێمە کە عێراقێکی دیموکراسیی و سەربەخۆ لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادانەی خەڵک دەتوانێت یەکێتییەکی فیدراڵی ئازاد لە نێوان هەردوو گەلەکەیدا، کورد و عەرەب پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم عێراقە ببێتە بنەما و پێشەنگ بۆ تێکۆشانی گەلانی برا، عەرەب و کورد لە پێناو یەکڕیزی، دیموکراسییەت، بەدیهێنانی پرۆژە

نەتەوەییەکانی عەرەب و کورد لە پێکەوە ژیانێکی مێژوویی بێوێنە لە نێوانیاندا. لەبەر ئەوەی دەمەویست کۆتایی هەڵسەنگاندنەکەم پوختەی باسەکەبێت، من لە قسەی دکتۆر جەمال ئەتاسی برا ڕادەگوێزم وهاوڕای سەرسوڕمانیم و ئەوڕیزەی بۆ سەرکردەی نەمری عەرەب جەمال عەبدولناسر لەخستنە ڕووی هەڵوێستەکانی ئەم سەرکردە عەرەبە زەبەلاحەی ڕوونکردۆتەوە، منیش هەندێک لە تێبینییەکانی خۆمی دەخەمە سەر. (کە هەموو ڕوونکردنەوەکان بۆ وتارێکی تایبەت لەسەری بەجێدەهێڵم هیوادارم بەم زووانە دەرفەتی نووسینیم بۆ بڕەخسێ و بڵاوی بکەمەوە).
دکتۆر ئەتاسی برا، باس لەوەدەکات وەک زانراوە سەرۆک عەبدولناسر ئاسودە بووە بەو پێشنیازەی خراوەتە پاڵ جەلال تاڵەبانی کە لە ڕاستییدا ئەمە هەڵوێستی فەرمی شۆڕشی کوردبوو، پێشتر بە نووسراوی فەرمی بە ناوی وەفدی کوردەوە تۆمارکرابوو ولە کۆنگرەی سێقۆڵی بۆ حزبەکان ناردرابوو، گفتوگۆکەی لە چوارچێوە گشتییەکانی لە سەرکردایەتی حزب و لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشی کورد ژەنەڕاڵ خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی خۆی لێی کۆڵرایەوە، تەنانەت من ناوەرۆکی گرنگترین خاڵەکانیم لە دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەمدا تۆمار کردبو، لە دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵیدا گفتوگۆم کردبوو چونکە ترسم هەبوو و خۆم لە لێ بێزاربوونی بەدوور دەگرت بۆ ئەوەی لە گەڵیدا

دووباره نەبێتەوە وەک ئەوەی لە سەردانیکردنم بۆ قاهیرە و جەزائیر ڕوویدا، کە لێم تورەبوو بەبێ ڕەزامەندی پێشینەی ئەو چووبووم وەک بەڕێز دانا ئادەم شمیدت لە کتێبی( گەشتێک بەناو پیاوە ئازاکان) دا باسی کردووە.

کەواتە ئەو هەڵوێستەی کورد کە سەرۆک عەبدولناسری ئاسوودە کردبوو، بریتی بوو لە هەڵوێستی حزب و شۆڕشی کورد بەیەکەوە، کە گوزارشتەکەی لەو نامەیەدا هاتبوو کە لەلایەن جەلال تاڵەبانی واژۆی لەسەرکرابوو، بە چاودێری یەک لە ئەندامانی وەفدەکەی کورد کە باڵادەستە لەزمانی عەرەبییدا، چاکیکردبوو، ناوی ناهێنم لە پەرۆشیم بۆ سەر ژیانی لە تورەیی عەفلەقییەکان کە مەوداکەی نازاندرێ..

دکتۆر بەردەوام دەبێ دەڵێت، عەبدولناسر لەگەڵ ئەو هەمووگۆڕانەی لە هەڵوێستی ئەوانیتردا ڕوویداوە بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی عێراق لە نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویدا بمێنێتەوە ئەمەش مافێکی ڕەوایە. وێرای ئەمەش سەرۆک عەبدولناسر لە دیدارێکیدا لەگەڵ من و خوالێخۆشبوو شەوکەت ئاکرەیی لە ١ / حوزەیران /١٩٦٣ لە ناو ئامۆژگارییە بە نرخەکانی پێیڕاگەیاندم کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی گەلان و لەناویشیاندا گەلی کورد هەیە و نموونەی ئەزموونی فیدرالیەتی یۆگسلافیا بە باشترین چارەسەر دادەنرێ بۆ مەسەلەی کورد کاتێک هەلومەرجی گونجاو لە عێراقدا دێتە پێشەوە. ئامۆژگارییە بە

نرخەکانیشی بریتی بوون لە ئاگادارکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا -داواشیکرد ئەم ئاگادارکردنەوە بڕیانەییەم بە ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بگەینین - لەمەڕ یارییەکانی شا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد، کە هەقیقەتەکەی ڕومالّکرد و گوتی شا چاکە و سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردی ناوێ، بەڵکوو نیازی ئەوەیە بیقۆزێتەوە بۆ ناچارکردنی حوکمڕانی عێراق بۆ قەبوڵ کردنی مەرج و داخوازییەکانی لە شەتولعەرەب و دوورکەوتنەوە لە هاوپەیمانی لەگەڵ قاهیرە. هەروەها ئاگاداری کردم کە پێویستە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گەورە لە بەیروت ئەنجام بدەم - ڕۆژنامە ناسرییەکانی ئەوسای بەیروت هاوکاری زۆریان کردم بۆ ئەوەی گۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەم – بۆ ئەوەی تیایدا ڕوون بکەمەوە کورد جەنگی ناوێ ونایەوێ دووبارەش کوشتار دەست پێبکاتەوە، بەڵکوو ئارەزوومەندی ئاشتی و چارەسەری سیاسیین و کورد دژی یەکڕیزی عەرەب نیین بەڵکوو پشتیوانی لێدەکەن – لێرەشدا داوای لێکردم پەیامەکەمان بۆ گۆنگرەی یەکێتیی سیۆڤێتی بڵاوبکەمەوە کە بەڵگەی ڕەزامەندبوون و پشتیوانی هەمەلایەنی بوو بۆی. هەروەها ڕوونکردنەوەی بەراوردکرنی بزووتنەوەی کورد بە ئیسرائیل بە بەدەرخستنی ئەو ڕاستییانەی، کە کورد گەلێکی موسڵمان و ڕەسەنە و هەزاران ساڵە بەبەردەوامی لەسەر خاکی

نیشتمانیدا ژیان دەکا و برا و هاوپەیمانی نەتەوەی عەرەبن کەچی ئیسرائیل بێگانەیە و تازە هاتۆتە ناوچەکە و دژایەتی نەتەوەی عەرەب و یەکڕیـــزییەکەی دەکـــا. لە ڕاســـتییدا کـــۆنگرەیەکی ڕۆژنـــامەوانی گەورەم ئەنجامـــدا و تیایـــدا بەیاننامەیەکم بڵاوکردەوە ئەم خاڵانە و داخوازییە ڕەواکانی کـــوردی لەخۆگرتبـــوو. هەروەهـــا ســـەرۆکی کـــۆچکردوو ئاگـــاداری کـــردمەوە لە مەترســـی گەڕانەوەم بـــۆ بەغـــدا. لەوانەیە من بەهەموو ژیانی خۆم قەرزاری ئەم لالێکردنەوە بەخشـــندانەییەی ســـەرۆک عەبدولناســـربم کە دەیزانـــی حـــوکمڕانی بەعـــس چـــی لێمـــان دەوێـــت. ئەوەبـــوو دوای هەفـــتەیەک ســـەرجەم ئەنـــدامانی وەفـــدەکەی کـــورد، کە گەڕابوونەوە لە بەغدا دەستگیر کران و لەژێر سزای مەرگ و کوشـــتندا، پـــاش ئەوەی تـــاڵاوی ئـــازار و ئەشـــکەنجەیان دەرخـــواردان. ناچاریـــان کـــردن ئەو دانپێـــدانانانەی کە ئەوان دەیانویست پێشکەش بکەن .

دکتۆر درێژەی پێدەدا و لە زاری سـەرۆکەوە دەگوازێتەوە و دەڵـێ: بەردەوام بـووله تێکۆشـانی ئەرێنـی بـۆ زامنکردنـی سـازانی کـورد و عەرەب، بەڵام لە هەمـان کاتـدا بەردەوام بـووە لە پشـتیوانی لە مـافی گەلـی کـورد بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانییـــان، تەنـــانەت کاتێـــک لەعێراقـــدا ناکۆکییەکـــان خوێنـــاویتر تەقیـــنەوە و ســـەریان هەڵـــدایەوە کـــاری بـــۆ ئاشـتەوایی نیشـتمانیی و نەتەوەیـی دەکـرد تیایـدا. کـاتێکیش ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان کورد بەعس لە ١١ ئـازار ١٩٧٠

لەسەر بنچینەی داننان بە بنەمای بوونی نەتەوەیی کورد و مافەکانی ڕاگەێنرا، کە ئۆتۆنۆمیی و سەربەخۆیی ئیداری لەکوردستانی عێراق هەبێت، عەبدولناسر داکۆکی و پشتیوانی لێکرد. هەروەها منیش ئەو ڕۆژە پشتیوانی خۆم بۆ دەربڕی... [1]

ڕاستییەکەش ئەوەیە کە سەرۆک عەبدولناسر داوای لە هەردوو لایەنی بەعس و کورد کرد شەڕ وکوشتار دووبارە نەکەنەوە وئاماژەی بەوەدا هەر لایەک دەست پێشخەر بێت لە دووبارەکردنەوەی پشتیوانی و ڕەزامەندی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەدەست ناهێنێت. هەر واشیکرد، کاتێک بەعس جەنگە شەڕەگێزییەکەی خۆی لە دژی شۆڕشی کورد دەستپێکرد بە سەیرانێکی هاوینەی (باکوری نیشتمانیی خۆشەویست) ی دایە قەڵەم ڕۆژنامە ناسرییەکان لە دژی چارەسەری سەربازی وەستانەوە و ئەهرام هەواڵەکانی شۆڕشی کوردی بڵاودەکردەوە ، کە ئەمەش تورەیی بەعسیەکانی لێکەوتەوە بۆیە وەزیری بەرگری[2] بروسکە بەناوبانگەکەی خۆی لەدژی قاهیرە و سەرۆکەکەی بۆ سوپا بڵاوکردەوە و هەوڵیدا ڕق و کینەی سەربازی و ڕەگەزپەرستی خۆی بەرامبەریان بوروژێنیت بەڵام شکستی هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک لە دیدارێکمدا لە پاریس چەند

---

[1] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،٣٩.

١-ئەوکاتە ساڵح مەهدی عەماش وەزیری بەرگری بوو. (وەرگێڕ)

[2]- بڕوانە حلفی بەغدا، .پەراوێز (وەرگێڕ)

بەڵگەنـامەیەکی عێـراقیم پێشـکەش بە مـحەمەد حەسـەنێن هەیـگەل کـرد کە هاوکـاری و ڕێککەوتنـی نهێنییـان لەگەڵ سـەنتۆ[1] دژ بەگەلـی کـورد دەسـەڵمێنیت، دوای ئەوەی هەیـکەل ڕاسـتیی بەڵگەنامەکـانی پشـت ڕاسـتکردەوە لە ڕۆژنـامەی ئەهـرام بڵاویـانی کردەوە بۆ خستنە ڕووی ئەو هەڵدێرە ترسناکەی حوکمی بەعس لە عێراق لەخۆخزاندنە باوەشـی سـەنتۆدا هەیە. خـوا بەزەیـی خـۆی بەسـەر عەبدولناسـردا ببـارێنی لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆی مـایەوە دەرهەق بە مەسەلەی کورد و ڕێگەی دا نوێنەرێکی کورد لە قـاهیرە[2] وەک نـوێنەری شۆڕشـی کـورد بمینێتەوە، تەنانەت لە دوای ڕووخـانی بەعـس و سـەرکەوتنی ژمـارەیەک ئەفسـەری ڕوانـگە ناسـری لەگەڵ موشـیر عـارف[3] بۆ سـەر

---

[2] – ئەم نوێنەرە ئەندازیار وتێکۆشـەر شـەوکەت ئاکرەیی بوو ، دواتر بەعـس تیـرۆری کـرد بە پێـدانی شـەربەتێک لەکـاتی بـانگکردنی بـۆ دەزگای موخابەرات، کە ژەهری سالیۆمیان بۆ لە شەربەتەکە کردبوو. (وەرگێڕ)

[3] – سـەلام عـارف: نـاوی تەواوی عەبدولسـەلام مـحەمەد عـارف، لە ١٩٢١/٣/٢١ لە شـاری بەغـدا لەدایـک بـووە ، دوای تەواو کردنـی خوێنـدن پەیوەنـدی بە کـۆلیژی سـەربازی کـردووە، سـاڵی ١٩٤١ بە پلەی مولازمی دوو دەرچووە یەکێک بووە لە ئەفسـەرە ئازادەکان و سـالی ١٩٥٨ لەگەل عەبـدولکەریم قاسـم ڕابەرایەتـی شۆڕشـی ١٤ ی تەمووزیان کردووە و رژێمی پاشایەتیان ڕووخاندووە و کۆماریـان لە عێراق ڕاگەیاند، سالی ١٩٦٣ بە هاوپەیمانیەتی بەعسییەکان کودەتایان

تەختـــــی فەرمـــــــانڕەوایی، ئەو هەربەردەوام بـــــوو لەســـەرداواکردنی چارەســـەری سیاســـیی وئاشـــتیانە بـــۆ مەســـــەلەی کـــورد هـــیچ ئەڵتەرنـــاتیڤیکی جێگرەوەشـــی قەبووڵنەبوو. سەرەڕای دوژمنایەتی کردنیشی بۆ بەعسییە عەفلەقییەکـــان کە لە کودیتـــای ڕەشـــی ١٧ی تەممـــووزی ١٩٦٨دا هاوکاری نوێیان لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستان ئاشکراکرد، دەست پێشخەری کرد لەناردنی بروسکە بۆ ڕێککەوتننامەی ئازار و ئۆتۆنۆمی.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ دکتۆر جەمال ئەتاسی برا، دووپات دەکەمەوە لە بەرامبەر بایەخدانی بە کێشـەی کـورد و هەڵوێسـتی مرۆڤدۆسـتی و نەتەوەیـی و عەرەبی ڕاستەقینەی، هاوڕای بۆچوونی ئەوم سەبارەت بە زەرورەتی دیالۆگی عەرەبی لەسەر مەسەلەی کورد، ئەو

---

بەسـەر قاسمدا کردووە و بووە بە سـەرۆک کۆمار، سالی ١٩٦٦بە ڕووداوی کەوتنەخـــوارەوەی هەلیکـــۆپتەر لە باشـــووری عێـــراق ١٩٦٦/٤/١٣ کە لە سـەردانی بەسرا دەگەڕایەوە گیانی لە دەست دا . (جەلال تاڵەبانی ، کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، پرۆژەی کۆبەرهەم / ٨ ، ئامادەکردنەوەی بۆ چاپ و پەراوێزەکـان سـامی قـادر، ، لەبڵاوکراوەکـانی بـۆردی هۆشـیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی حەمدی – سلێمانی ٢٠٢٣، لا، ٢٠٨ ). (وەرگێڕ).

دەرفەتەش دەقــۆزمەوە و بانگهێشــتی هەمــوو ناســرییە خۆشەویستەکان لە ڕۆژهەڵات و میسر و مەغریب دەکەم بــۆ دەستپێشــخەری لە ڕێکخســتنی دیــالۆگێکی عەرەب و کـورد کە بانگهێشــت و ئامـادەبوونی نـوێنەرانی ســەرجەم لایەنە کوردییەکان لە سەرتاسەری کوردستان و نوێنەرانی ســەرجەم بـزووتنەوە عەرەبییەکـان لە نیشــتمانی گەورەی عەرببیدا لەگەڵ چەند شـارەزایەک لەدۆستانی هەردوولا بۆ پتەوکـردن و گەشــەپێدانی برایەتـی عەرەب و کـورد( ئەگەر نەڵێین بۆ بوژاندنەوەی بە جۆرێک کە بەهێز، کاریگەر و پڕ لە چالاکی بێت) هەروەها بە هاوبەشی بەرە و پێوەرەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی چاوەڕوانکراوی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و کوردی هەنگاو بنێن بە شێوەیەک کە هەمـاهەنگی و یەکخســتن و پێکەوەیـی نێـوان پـرۆژەی یەکگرتـــووی نەتەوەیـــی عەرەب و پـــرۆژەی ڕزگـــاریخوازی نەتەوەیی و دیموکراسیی کورد مسۆگەر بکات.

هەمووومـان پێویستمان بە دیالۆگی برایانە هەیە بە تـایبەتی لە هەلومەرجێکـدا کە جیهـان گرنگـی بە مەســەلەی کـورد دەدات وادیـارە جیهـانی عەرەبـی وەک ئەوەی پشــتگوێی بخات تەنانەت حوکمڕانانی زۆربەی هەرێمەکان دژایەتیشی دەکەن بە تـایبەت ئەوانەی پشــتیوانی لەتاوانبـارانی جەنـگ دەکەن کە شـــەڕی دڕنـــدانەی قڕکـــردن لەدژی خەڵکـــی کوردستانی عێراق بەڕێوە دەبات. ئایا لە دکتۆر جەمال و دۆســت و هـاوەڵانی و هاوڕێبـازانی، لەبـرا ناسـرییەکانی و

بەعسییە ڕاستەقینەکان شایانتر هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم شێوە دیالۆگەی  عەرەب و کورد؟!.

ئەم سەرچاوانە بۆ نووسینی پەراوێز سوودیان لێ بینراوە

١- جەلال تاڵەبانی ، کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، پرۆژەی کۆبەرهەم /٨، ئامادەکردنەوەی بۆ چاپ و پەراوێزەکان سامی قادر، لەبڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی حەمدی – سلێمانی ٢٠٢٣.

٢- فەرهەنگی سیاسی ئارەش، وەرگێرانی لە فارسییەوە: زاهیر محەمەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- فەرهەنگی نوێ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، بورهان قانع، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع.

٤- یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥- جەلال تاڵەبانی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوو، دیداری: غەسان شربل، وەرگێڕانی، شانازهیرانی پێشەکی وبەدواداچوون و پەراوێزدانانی، پ.د.ئەحمەد حەمەدەمین، هەولێر-٢٠٢٣،لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زنجیرەی ژمارە (١٢)، چاپی یەکەم.

٦- فەرهەنگـــی سیاســـی ئـــارەش، وەرگێرانـــی لە فارســـییەوە: زاهیـــر مـــحەمەدی، یاســـین حـــاجی زادە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦.
٧- جەلال تاڵەبانی، بەشێک لە وتـارە ڕۆژنامەوانییەکان، پـــرۆژەی کـــۆبەرهەم /١٠، ئامـــادەکردن ووەرگێـــران و پێشـــەکی، ســـامی قـــادر، لەبڵاوکراوەکـــانی بـــۆردی هۆشـیاری مەکتەبـی ڕاگەیانـدن و هۆشـیاری یەکێتیـی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم ـ تاران ٢٠٢٤.
٨- مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد،وەرگێرانی مامکـاک، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ وبلاوکـردنەوەی ئاراس، هەولێر- ٢٠٠٧.
٩- ئەنفالســـتان ســـاڵنامەی تـــایبەت بە ئەنفـــال و جینوساید، پانۆرامای تاوانەکانی سەدام،عەدالەت عومەر سالح، ژمارە ، ٤، ساڵی چوارەم، ١٤ / ٤ / ٢٠٠٧.
١٠- دکتۆر نـاجح گوڵپی، پانۆرامـای بەکارهێنـانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان ، ماڵپەری پیوک میدیا ڕۆژی ١٥ / ٣ / ٢٠١٩.
١١- پێگەی حزبی شیوعی سوریای – یەککگرتوو.
١٢- پێگەی ئەلیکترۆنی گۆڤاری ئاڤشینی کوردی.
١٣- ئیسرا بورهـان لە پێگەی زانیـاری ڕۆژی ٢٢ /١١ / ٢٠٢١ –کۆدی٧٢٤٢.
١٤- سـليمان سـليم البـواب، موسـوعه اعـلام سـورية فـي القرن العشرين، الجزء الاول، ط ١، المناره،٢٠٠٠.

١٥- د . حسن لطيف الزبيدي، موسوعة السياسة العراقية، ط الثانية، العراق – النجف.
١٦- مجموعه من المؤلفين، تاريخ الوطن العربى المعاصر،جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل،١٩٨٦.